رۆمان

# نەفخ و وێنەکانی با

PDF4Kurd

صلاح جلال

چاپی یەکەم 2007

كفن پۆش لــه فــهزايــهكى ناشێوەييەوە ڕوبەڕوى تەكنەلۆژياى جيهان دەبێتەوە ... بە گێژەنگى بايەكى ناوەختەوە كفنەكەى (( مارتـان هيدجر )) شەق دەبێت و پێكەوە ( ئيمپرياليەتى ئەنتۆلۆژى ) پێك دەهێنن .. لەو فەزايەى ( نەفخ و وێنەكانى با ) لە دەرەوەى جوگرافيايى جيهان چاپ كرا .. چونكە هيچ كام لەو حكومەتانەى لە واقيعدا هەن چاپيان نەكرد .. بۆيەش بە گێژەڵــۆكەى كۆچى وەهمى جيهانەوە ژمارەى مەرگێكى ناديارمان بۆ وەرگرت

*******************************************

**پێشكەشە :**

## بە مەرگى صلاح جلال


www.pertwk.com

## ئەم ڕۆمانە

،ناگەڕێتەوە چۆن ئەم ڕۆمانە برادەرێك چاپی کرد ،بە داخەوە چەند جار بەو جۆرە داخیان ناوە بە دڵمدا ، کتێبێکم چاپ نەکرد بڵێم ئۆخەی ، سەد داخ تا ئێستا چاپکراوێکی خۆمم بۆ نەخوێندۆاوەتەوە

بریا هەر ئەو نوسخانەیشم لێ نەکردایە ، چونکە بو بە برینێك سارێژ بونی کەمێك بەوە بو کە دوای تایپ کردنەوەی نوسخەکەم پارچە پارچە کرد ،ئێستا زانیمان چی هەڵەی تری تیا کرد بو

خۆیشم جارێکی تر مردم بە ئیش تیا کردنەوەی و هەڵەچنی،بە تایبەتی (وو) کە زۆر خراپ هاتۆتە ناو زمانی کوردی ، من لە جێگەیەك وەکو (کوڕ) (کووڕ) نەبێت هیچ بە پێویستی نازانم و هەرگیز دو (وو) نانوسم ، جگە لەوەش لەهەر شوێنیکیش بە پێویستم زانیبێت جوانکاریم تێدا کردوە. بۆیە ئەمە بە چاپی یەکەمی دادەنێم ، ئیتر هەمو ئەو کتێبانەم کە چاپم کردون لەوە بەر هیچی چاپ نەبون و تەنیا نەگبەتی من بون و هیچی تر ،بۆیەش ئیتر بە چاپی یەکەم بڵاویان دەکەمەوە.

جێگەی خۆیەتی

سوپاسی کاك (سیروان رشید رشید) کە بەخۆ بەخشی بۆی تایپ کردم

هەردو سایتی (دەنگەکان و پەرتوك ) ی خۆشەویست بکەم کەدەبنە پەناگای نوسەرانی بێ دایك و باوکی وەك من،وە ئەنتەرنێتی شار و کە تەواو یارمەتیان داوم لە فێرکردنی کۆمپیتەر و ئەنتەرنێت و ناردنی نوسینەکانم،هەتا ڕۆژێك دێت نەوەی ئاینده چاپیان دەکەنەوە ، چونکە ئەمڕۆ لەبەر چاپ کردنی زۆرینەی شیعری تورەهاتی زۆرێك لەوانەی بە فێڵ بە زۆر خۆیان کردوە بە شاعیر و پێگە ترسناکەکانیان بۆ ئەو مەبەستە گرتوە، ، با ئەم نوسینانەم ببنە شاهیدی ڕاستی و ناڕاستی ،..

صلاح جلال 2007/7/10

( ئێستا جیهان وێنەی بێشکەیەکی بەر ( با ) یە .. 1

پێدەچێت ساتە وەختی تەقینەوە بێت و گەردون بە ( با ) ی نەفخی سورەوە کۆتایی پێ بێت .. وێنەکانی ( با ) شێوەی هەناسەی دوا چرکەی ژیانیان تیایە . پێدەچێت ئەم ساتە کۆتایی بون بێت . )

کفن پۆش وشەکانی تێکەڵاوی ئەو شەپۆلە سامناك و شێدارە دەبو کە لە گۆڕستانەکەوە تۆڕێکی ئەفسوناویان بەسەر ناوچەکەدا کێشا بو ،ئەو پۆپەشمینە گوڵدارەی دەخوێندەوە کە تەمی تاریکی ڕۆژگار بە خوێنی ئاڵ و وا جوگرافیایان پێ ڕەنگاڵە کردبو .. بەو وێنە جۆرا و جۆرانەوە بە قوڵی چاوی بڕییە دەشت و دەر .. لوتکە و بنار و گرد و پێدەشت و فەزای ئاسمانی بەسەر دەکردەوە .

بێدەنگی سروشتی گرتبو .. تۆڕێکی ترسناك دەنگ و وشەی پێچا بوەوە ، هەر لەگەڵ بلاو بونەوەی (( کوللە )) زمانی بێدەنگی پژا ، لە ژێر تیشکی گزنگەوە هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە ، بە سەر لق و چڵ و گژ و گیاوە یاریان دەکرد و وێنەی چرکە کۆتاییەکانی بون یان لێ دەردەکەوت .بەچەرچەفە خوێناویەکانەوە تێکەلاو دەبون و لەگەڵ دەنگ و زرمە و نالە سەربازیەکاندا کە لە هەمو لایەکەوە دەهات دەبونە موروی ئاودارى مەرگی ناوچەکە .

لــە ڕۆژهەلاتەوە بۆ خۆرئاوا ، لە باکورە وە بۆ باشور زمانی سروشت لە زمانی مەرگدا بەر جەستە ببو ، ڕەنگی مردن لە دار و درەخت و جەنگەڵ و شاخ و دەشت و دۆڵ و مەل و باڵندە و مرۆڤەوە دەردەکەوت ، دەنگی ( با ) تەزویەکی مەرگاوی دەبەخشی ، وێنەی مارشی سەربازی پەخش دەبوەوە .. تۆڕی ژیانێکی سەخت بە گەردەلولی ئەو چرکە ساتەوە جەستەی دەگرتەوە بە جۆرێك جگە لە وێنەی مەرگ هیچ وێنەیەکی تر لەو سروشتەدا نە دەبینرایەوە .

ئەو وێنانە لەگەڵ دیمەنی دێیەکەدا دەردەکەوتن ، کەڵبەی سەگەل لەسەر کەلاکی سەرە ڕێگا و لەگەڵ شێوازی کەلاوە سوتاوەکان بە جێگە زنجیری زرێ پۆش و ناپاڵم و تۆپ لە دەشت و کێو هەمو بەیەکەوە نیگایان دەپۆشی و مرۆڤیان دەخستە سەر بیرکردنەوەی مەرگێك کە هەمو ساتێك چرکەکانی ژیانی دەگرت .

لەم ساتەشدا کفن پۆش بەو وێنە کوشندانەوە ڕوانینی پۆشرا بو ، بە تیژی چاوی بڕییەوە کوللەی دەشت و دەر ، جەستەی بەو بیر و خەیاڵە ترسناکانەوە مۆمیا ببو، زەنگێکیان بە مێشکیدا دەهێنا لەگەڵ خولانەوەی زەوی و پارچەکانی تری گەردونیدا پێکەوە وێنەی کۆتا بیان دەکێشا و گۆڕستانە هەتاییەکانیان هەڵدەدایەوە ، لەو ڕوانینە ئەفسانییەوە لەسەر لوتکەی شاخەکەوە ڕۆشنایی لەسەر منارە و کۆشکە بەرزەکانی شاردا بەرجەستە دەبو ، بەندیخانە و شەقامە گشتییەکانی دەدیەوە ، لە وێنەیەکی فۆتۆییدا ئاوێنەی جەنگ و مەرگ و برسێتی و وشك بونەوە و ئالای خوێناوی کراس سور و کراس سپیی دەدی و ڕەنگی خوێنی بە سەر شەقامەکانی شارەوە دەبینیەوە.. دەیزانی لەو ساتەدا چەندە بە گوللەی نارەوا دەکوژرێت .. هەمویان لە مێشکیدا مۆسیقایەکیان دەسازاند .. بە پەتە ئەزەلیەکانی نەبونەوە تێکەلاو دەبون وێنەی تەقینەوەی فۆتۆناتیان دەکێشا .

ئەو وێنانە لە سەرەتای ژیانیەوە ڕوانینیان گرتبو ، بە تەمی قەسابخانەکانی شار و تەرمی کوڕەکانیەوە نیگایان دەپۆشی و دەماری مێشك و جەستەی هەڵدەکفا و بیر و هۆشی تێکەلاو دەبون ، هەتا دوا سات ، دوا نیگا لەگەڵ کاول کردنی گوندەکەدا بە یەکجاری هەمو بیر و هەست و ڕوانینێکی تێکەلاو بون ، وەکو مەلێکی ئەفسوناوی لە زەریای گومانەکانی بوندا کەوتە گەڕان ، بە قولایی نهێنیەکانی جیهاندا ڕۆ دەچو .. مێشکی ببوە تاریك خانەی وێنە سوتاوەکانی ..جگە لە وێنەی مەرگ و سەرە و ژێر بونی زەوی و کەوتنە خوارەوەی گەردون هیچ وێنەیەکی تری نەدەدیەوە ... ئەوەش بە جۆرێك ئارامی لەبەر بڕی بو لە هیچ جێگەیەك ئۆقرەی نەدەگرت .

هەر ڕۆژە لە بن بەردێکدا پەتی خەیاڵی ڕادەکێشا و تاقە ساتێك لەو جە نجاڵیە ڕزگاری نەبو ، هەر ئەوەش بەرە و کەناری دورە پەرێزی و تەنیایی برد و لە هیچ شار و شارۆچکەیەك نەمایەوە و گوند و ئاوەدانی لەبەر چاو کەوت ، هەمیشە کۆلارە نهێنیەکانی ژیانی بە دەستەوە دەگرت و بە خەیاڵ جیهانی دەگواستەوە و جەنگی گەردونی خەیاڵی دەکرد و هەر ساتە شارێکی کاول دەکرد و شارێکی تری وەهمی دروست دەکردەوە ، تاڵە دەزوی زەمەنی ڕادەکێشا و ئێستای دەبردەوە بۆ سەرەتا و ناوەڕاست و ئایندەی دەشێواند، لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ تاقە ساتێك پشوی نەدا و بورکانەکانی ڕۆحی خامۆش نەبونەوە و هەمیشە لە تەقینەوەی کارەساتەکاندا بون و بۆ ساتێك لە چرکەکانی زەمەندا نەکوژانەوە و مێژویەکیان بەر جەستە نەکرد .لەم ساتەشدا لەگەڵ کزە ی با و لەرینەوەی لق و چڵی دارەکان لە فەزایەکی بەرین ورد دەبوەوە ، ئەو وێنەیەی لەسەر ڕوبەری گوندەکە دەدیەوە ، وەك ئەو ساتەی بۆمبا ماڵەکانی دەتەقاندەوە و پاش کوشتارێکی زۆر زۆر پۆشەکان قەفەزی ڕۆحی جەستەیان بە جێ هێشت و گەڕانەوە .

ئەو تەلیسمە خوێناویە بو بە دەزولەی ڕوانینی و هەرگیز لە ڕۆشنایدا بزر نەدەبون ، هەمیشە وێنەی ئەو سەرباز و چەکانەی دەخستە بەر چاو کە نیشتمان پەروەران دژی یەکتر دەیانهێنا و خاکەکەیان پێ کاول دەکرد ، هەر ئەو دیمەنەش خستیە گەرداوی نهێنیەکان و بە دوای بۆشاییەکانی ڕۆح دا دەگەڕا ، هەتا بۆ دوا جار مەرگی ئەو پرسیارە خستیەوە گەرداوی گوندەکە ، فەزای ماڵەکانی تۆڕی نهێنیەکانی بونیان بۆ هەڵدایەوە ، وەکو ئەو گوندە چەقی ناوەڕاستی زەوی و بورکانی کارەساتەکانی ڕۆح بێت و نهێنیەکان لێرەوە سەرچاوە بگرن و کلاو ڕۆژنەی هەرەسهێنانی مێژو بێت .

ئەو ڕوانینەی بە کۆتایی مێژو تەقینەوەی گەردونەوە لە مێشکیدا بەر جەستەی دەکرد و بە مەڵۆی جەستە سوتاوەکانی بونەوە گەردونی شیدەکردەوە و ، جوڵە و دەنگ و خشە و تاریکی بە تەقینەوەی فۆتۆنات دەزانی و هەمیشە بە بای نەفخەوە گوێی دەزرنگایەوە ، ئەو گومانەیشی تەنیا لە گەرداوی ئەو خاکەدا بەرجەستە دەبو هەمیشە وێنەکانی ناو بای تیا دەدیەوە ،

ئەو وێنانە ببونە شە پۆلی ڕۆشنایی و بە تێکەڵی ئاسمانیان دەپۆشی و جەستە و ڕۆح لە فەزادا یاریان دەکرد ، جیا دەبونەوە و گەردونیان قفڵ دەدایەوە .

لەم ساتەشدا ئەو ڕەنگاڵەیەیان لە نیگایدا دەکرد، ڕەنگی ئەو ڕۆژە خوێناویەیان دەدایەوە ، بەو دیمەنەوە وشەکان لە ناخیدا دەتوایەوە .. وەکو تەمەن و مێژو لە چرکەی مەرگی کۆمەڵ و بای نەفخی سوردا بەرجەستە بو بێت ، لەگەڵ کزەی ( با ) و دیمەنی سروشت و جریوەی مەل و باڵندە و ڕەنگاڵە تێکەڵاوەکانی سروشتدا ئەو وێنەیەی دەدیەوە و ڕوانینەکانی ژیانیان پێك دەهێنا ، هەر بەو نیگا جۆرا و جۆرانەشەوە مێژوی خۆی و هەمو گوندەکەی بە مەرگی جیهانەوە بە گشتی دەنەخشاند !!

*****　　　　*****　　　　*****

لەگەڵ چێشت هەنگاودا گوندەکە ترسناکی گرتی لە هەمو لایەکەوە وێنەیەکی مەرگاوی دەردەخست ، کوللە بە ناوچەکەدا بڵاو بونەوە.. پۆل پۆل هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە ، کفن پۆش بە دیمەن و جوڵەیان ترس دەیگرتەوە و ڕۆشنایی بە وێنە و نیشانەی ترسناك دەپۆشرا ،ئەوانە ی کردبوە ئاماژەی هەرەسهێنان ڕەنگی بکوژ و دایناسۆرە کانی تیادا دەبینینەوە، لە پێش هاتی مەرگی گوندەکە و جیهان دەترسا ، ئەوەش ڕقێکی گەورەی بۆ دروست کرد بو دەیگرتن و توند بە پە نجەکانی دەیفلیقاندنەوە ، وەکو کوللە بە دوا ناسنامەی بون بزانێت ، بەو ڕوانینەشەوە مێشکی بە دوا وێنەوە دەپۆشرا :


www.pertwk.com

* پێدەچێت کۆتایی ژیان بێت کولله سوپایەکی گەورەیان پێك هێناوە ... دەیانەوێت ڕەگی مرۆڤایەتی هەڵتەکێنن و ڕەنگە بای نەفخ لە دوای کۆتایی جەستەوە هەڵبکات ؟!.

بەو قسەیەوە خولایەوە :

* ئەمڕۆ هەمو وێنەیەك هاو شێوەی مەرگە .. هەمو دەنگێك بە بای نەفخەوە ئاوێتە بوە .. گوێیەکانم بەو گەردەلولەوە دەزرنگێنەوە .

بەو بروسکەیەوە بێ ئارامی گرتی هێزی خستە سەر زەویەکە :

* لێرەوە جیهان قڵپ دەبێتەوە .. ئەم گوندە موروی ئاوداری مەرگی عالەمە ، ئێرە فۆتۆی شتنەوەی دوا وێنەی بونە .

بەو وشانەوە جەستەی لەرزی بەبێ ئارامی بەسەر ژان و دەردی گوندەکەدا چووەوە ، لە وێنەی تەزوی ژانی جیهانەوە شیرازەی گەردونی دەدی ، هەر لە مەرگی منداڵێکەوە هەتا مردنی کۆمەڵی و دوا هەناسە بە تۆڕی کفنێکی نەبینەوە بە فەزای گەردونەوە پەرش دەبونەوە و دەشۆرانەوە .

ئەو شالاوە ڕوانینی گۆڕییو بە جە نجاڵیەوە لە ناو پەرێزەکانەوە گەیشتەوە ناو ماڵەکان بە وردی لە پێکهاتە و جوگرافیای خاکەکە ورد دەبووەوە .

کەڵەشێرێك قوقاندی لە ناو ماڵەکاندا دەنگی دایەوە ، ئەوە بە یەکجاری لەرزی خستە دڵیەوە و لە جێگەی خۆیەوە وەستا.. زرمەی تەقینەوەی تۆپێکیش هاتە گوێیەوە .. ساتێك بەو دەنگەوە لە جیهانی ڕوانی ... ئەوسا تۆڕی گومانەکانی دەکشان لە دەزولەکانی چاویەوە وێنەی پێشهاتێك ڕەنگی دەدایەوە بە یەکجاری جیهانیان قفڵ دەکرد :

* هەمو دەنگ و زمان و وێنە و شێوازێك لەم خاکەدا ڕەمزی مەرگیان هەڵگرتوە .. ئەمڕۆ مەرگ زمانی عالەم و فەزای گەردونە .

ئەو وێنەیە لەبەر چاوی پەرش دەبووەوە ، لەگەڵ ڕەگی گومانەکیدا یەکیان دەگرتەوە ، لەگەڵ جوڵەی قاچیشیدا دادەبڕانەوە و بەردەوام وێنەی کارەساتێکی گەردونیان دەکێشا ، کاتێکیش خوێنی کەڵەشێرەکەی دی ئەوەندەی تر پەرەیان دەسەند وردە وردە گەردونیان دەپێچایەوە ، بەو ترسەوە کەوتە گەڕان .

سروشت کەوتبوە سەر پشو ، هەمو شتێك لە نیگایدا قفڵ ببو ، وەکو لەو ساتەدا زەمەن خۆی بشوات ، بەو شێوەیەش چاوی بە قوڵایی جیهاندا هەتەر دەدا ، وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ ڕوانینی دەگرتەوە ، چەند دەنگێکیش لە گوێیدا دەزرنگایەوە وایدەزانی زەنگی کۆتاییە .

ساتێك بە چوار دەوری خۆیدا سوڕایەوە ، ئەو زەنگە بەردەوام گوێی دەزرنگاندەوە ، تاقە وێنەیەکیش نەهاتە بەر چاوی ناچار کەوتەوە ڕۆیشتن ، لە پڕ تەلیسمێك بەرچاوی گرت سات بە سات پەرەی دەسەند ، ئەوە توشی گومانێکی کت و پڕی کرد.. وێنەکەش گەورەتر دەبو وەکو کفنی جیهان دەردەکەوت دە پێچرایەوە و بڵاو دەبووەوە .

ئەو دیمەنە هەمو ڕوانینێکی گۆڕی ، کفنێکی سپی والا دەبووەوە هەموی بە جەستەی کولله گوڵ ڕەنگ کرابو ، ساتێك بە گومانەوە چاوی بڕییە دار و بەرد.. لوتکە و دەشت و کانیاو و لاپاڵ و شیو و دۆڵی بەسەر کردەوە ، گەلا و لق و چڵ و بەرد و خۆڵ هەموی ئەو وێنەیەیان دەدایەوە ، بەو دو دڵییەوە بەرە و ژور کشا چاوی بە ڕەنگێکی ترسناك پۆشرا بو ، جگە لەوە هیچ شتێکی تری نەدەدی ، بەو ڕوانینەوە چوە پەرێزی گوندەکانی تر بە هەمو لایەکدا چاوی هەتەر دەدا ، نیگای بە فلیمێك پۆشرا بو تەنیا کوللەی نیشان دەدا ، ئەوە بە یەکجاری جەستەی خستە سەر لەرز بەو لەرزەوە چاوێکی بە ئاسماندا گێڕا ... ئەوسا فەزای شاری بەسەر کردەوە ، کارگە و دوکەڵ و منارە و باڵاخانە و شەقامەکانی دەدیەوە ، هەموی بە کولله پۆشرا بون

، سات به ساتیش پۆل پۆل دەچونە ناوی ، ئاسمانی شارەکە ببوە شالآوی کوللە و جوگرافیای شارەکەیان دەگۆڕی ، بەو گومانەوە ماوەیەك بە قوڵی لێی ڕوانی ئەوسا لە جێی خۆیەوە سوڕێکی خوارد و دەستی چەپی بەرز کردەوە .
دار بڕێك کۆتەرەیەکی دەقلآشت ، بە بینینی ئەو هێزی نەبو تەورەکەی دەربکێشێتەوە ، ئەمیش کت و پڕ بانگی کرد ، ئەویش ترسا یەکسەر سەر بەرەو خوار دایکێشا ، ئەمیش بانگی کردەوە ، ئەویش ئەوەندەی تر هێزی دایە بەر خۆی و هەتا ناو گوندەکە نەوەستایەوە .
ئەوە ئازارێکی گەورەی پێ بەخشی بە دەم هێڵنجی مەرگەوە تفی لە جیهان دەکردەوە ، دەیویست بمرێت و بۆ دواجار لە گۆڕێکدا وێنەکانی مرۆڤایەتی بشواتەوە ، بەو وێنەیەوە هەردو دەستی ڕاست و چەپ کرد ، دەنگی بۆ قولآیی فەزا بەرز کردەوە :

- هەمو ڕۆژێك چەند جار ئەم جیهانە دەگوێزمەوە و سەرکردەکان دەکوژم کەچی هەر وەکو خۆیەتی ، کۆمەڵێکی تر دێنەوە و پۆل پۆل جێگەی یەکتری دەگرنەوە ، کۆتاییان نایەت و ڕەگی مرۆڤایەتییان هەڵتەکاند .

بەو قسەیەوە کولارە خەیاڵییەکەی هەڵدا بە کۆڵانەکانی شاردا گێڕای پارێزگاری شاری بە ئۆتومبیلەکەیەوە ڕاکێشا لەژور سەری گرتی :

- وەرە وەکو مشك دەتکوژم .. ئەمە تۆڵەی تاوانەکانتە .

دانی جیڕ کردەوە و فڕێی دایە ناو دۆزەخی ڕوانینیەوە.. ئەوسا بێشکەی ساواکانی بەرز کردەوە :
*ئێوە ئایندەی ئێمەن .. گریەتان دەبێتە فلیمی مێژوی نەزانراو.. هەمو تاوانەکانی ئەم ڕۆژگارە بنوسنەوە ..ئەوانەشتان کە بەبێ گوناهی جەلادەکان دەتانکوژێت هەناسەتان دەگاتە لای خوا ئەم چیرۆکانەی بۆبگێڕنەوە .
بەوەش شالآوێکی تۆقێنەر گرتی و کەوتە ڕێ .. لەگەڵ هەنگاوەکانیدا وایدەزانی گەردەلول جەستەی گرتوە ، سات بە سات پتر تۆڕی گومان دەیگرتەوە هەتا گەیشتەوە ناو گۆڕستانەکە یەکڕاست لەسەر قسنەکە کەوت و لە گومانەکانی بوندا چوە جیهانی نەستەوە و بە دەم هێرشی کوللە و هەوری خوێناوەوە چاوەکانی لێك نا ..
گوندەکە شڵەژانی تێکەوت وێنە و پێشهاتەکانی دوا ڕۆژ لە هەمو زمانێکەوە دەگوترایەوە و هەمو چاوێك ئەو وێنەیەی هەڵگرتبو . ژن و پیاو و منداڵ سەرجەم زمانیان بە وشەی مەرگەوە مۆمیا ببو ، ڕوانینیان تەنیا ڕوبەرەکەی کفنێکی سپی بو .

ئەو کفنە لە بەر چاوی هەموویاندا دەکشا ، جەستەی خۆیان و جیهانی دەپێچایەوە ، لە کاتێکدا لە سێیەم ڕۆژی مەرگێك دا کۆببونەوە سەرا پا بەرەو گۆڕستان هەنگاویان دەنا ، لەگەڵ جوڵەی دەست و قاچیاندا بیری مەرگێکی تر چاوی دەگرتنەوە ، دواجار دوا گەردەلول و دوا بای کۆتایی جەستە و مێشکی دەگرتنەوە .
با یەکی بەهێز گۆڕستانەکەی گرتبو ... گەلای وشکی دارەکان بە کۆتەڵی مەرگەوە دەوەرین .. لەگەڵ هەر هەنسك و گریانێکدا بە ئاهەنگی کەوتنە خوارەوەی گەلآکانەوە مۆسیقای دوا چرکەیان لێدەدا ... بە جەستەی کفن پۆشیشەوە کەشێکی ئەفسانەیی سازا بو ... بە جزداشە سپییەکەوە وەکو سۆپرمانی مەرگ ڕەنگی دەدایەوە ... هەر کەسە لەلای خۆیەوە بە تیژی لێی دەڕوانی و ترس جەستەی دەگرتنەوە .. ئەویش بە جۆرێك وەستا بو وەکو ها ئێستا ها ساتێکی تر دەفڕێت و تونێلەکانی بون تاقی دەکاتەوە و جوگرافیای جیهان دەگۆڕێت .
ئەوە بە یەکجاری زمانی لە گۆخستن ، تاقە کەسێك توانای نەبو وشەیەك بڵێ .. تێکڕا بە دەم هێڵنجی مەرگەوە لەو ڕوخسارە ئەفسانەییە ورد دەبونەوە ، هەر بەو بێدەنگیەش مەرێکیان لەسەر قسنەکە سەر بڕی ، دەنگێك لە دوا هەناسەی

هاته دەر ، لە گوێیاندا گۆڕا بو بە دەنگی مرۆڤ ، ئەوسا گریەی ساوایەك ، دوایی گۆڕا بە حەپەی سەگێك دوایی بو بە میاوەی پشیلەیەکی کێوی ... هتد .

ئەو دەنگە جەستەی شی دەکردنەوە و ڕوانینی دەگۆڕین و جیهانی دەشتەوە . تەزوی با یەکەش وەکو تونێلی خەففە بو چەند دەنگێکی دەدایەوە ..لەو ساتەشدا کفن پۆش ڕا پەڕی پاش ئەوەی چاوی هەڵگلـۆفت و ڕوی وەرگێڕا ساتێك بە قوڵی لە خەڵکەکەی ڕوانی ، پاشان دانەویەوە و کێلی قسنەکەی ماچ کرد :

* شێخە تاقانە لەلای خوا تکامان بۆ بکە .. گوندێك تەنیا تۆ شك دەبات لە دەسەلآت و پیاو چاك و یاسا و حکومەت و گەورە ... ئەوەتا گوندێك لەبەر ئاگردایە .. کراس سور و سپی و حکومەت هەموی لێمان دەکوژن .. کەس نییە خۆی بە خاوەنی بزانێت .

کزە بایەك بە تیژی کشا ، هەمو جەستەیەك موچرکە گرتی ، لەگەڵ لەت و پەت کردنی گۆشتەکەشدا وێنەی مەرگ هەمو چاوێکی دەگرت ، هەر یەکە لەلای خۆیەوە نامەی مردنی خۆی دەخوێندەوە ، لەگەڵ هەناسەکانیشیاندا وشەی سەر زمانی خۆیان دەخواردەوە هەتا مەرگیان لە بیر بچێتەوە .

کفن پۆش لەو ڕوانینەوە چاوی بە ئاسماندا گێڕا ، شەپۆلی شارەکەی بەسەر کردەوە ، جەستە و ڕۆح یارییان تیادا دەکرد ، ئەو وێنەیە مێشکی هەژاند ، بەو بیرەوە دەستی بەرزکردەوە ڕوی کردە جیهان و گریا :

* ئەم جوگرافیایە بە خوێن تۆمار بوە .. کەس نازانێت باکور و باشورمان کوێیە .. ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوامان هەیە یان نـا ... دەسەلآت و حکومەتمان بوە یا نیمانە .. ناو و نیشتیمانمان هەیە یـان نەمان بوە ؟!

ئەوەی گوت دەستی ڕاکێشا ڕاست و چەپی نەخشاند :

* نەخشەی ئەم گوندە لە خوێن هەڵکێشراوە .. وەرن ئەم گۆماوی ئەم خوێناوە ببینن بزانن ئەم دێیە کوێیە ؟!.. چەقی نیوەی گەردونە یان تونێلی یەئجوج و ماجوجە یا هەوێنی دەردەکانی جیهانە ؟.. بزانن تاقە کەسێك دەوێرێت پێ بخاتە ناوی و بێت ناو و شێوە و وێنە و جەستەمان بدۆزێتەوە ، ئایا ئێمەش مرۆڤین ؟! دەبێت وەکو ئەوان خۆشەویستی و نا ز و هیوامان هەبێت ؟ .

ئەوەی گوت گریا ئەوسا تفێکی کردە جیهان :

* ئێوە هیچ درەختێکتان بۆ ژیان نەناشت .. بڕۆن بە خۆتان و تەورەکانتانەوە نەیەنە ئێرە ، نەوەك ئەم گوندەش وەکو جیهان گلآو بکەن .. لێرەوە کارەساتێکی جیهانی بەڕێوەیە وێنەی دوا زەنگی کۆتایی جیهان لێرەدا لێدەدرێت و زەوی بە تەواوی کاول دەکرێت لێرەوە سوپای گێژەڵوکە خۆتان و جیهانتان قلـپ دەکاتەوە .

بە دوا وشەوە چاوی بڕییە جیهان ، کۆلارە خەیاڵیەکانی خۆی دەبینی بە فەزای ئاسماندا دەخولانەوە ، لەو ساتەدا بە گریەی خەڵکەکە لەرزی ئەو بیرەی پچڕاو لە ناو چاوانی ئەوانەوە وێنەی تەرمی حەمە تاڵی دەدیەوە ، وەك ئەو ساتەی لەسەر گردەکەوە بۆ ناو دێ تل کرایەوە .

لەو ساتەشدا لەسەر گۆڕەکەی ئەو وێنەیە زیندو دەبووەوە ، هەمو هێز و بڕستیان لێ بڕا بو چاوەڕوانی گوللەی کراس سورەکان بون وەکو ئەو جەستەیان دابێژێت .

بەو دیمەنەوە هەمو لە یەکتریان دەڕوانی و زمانیان توانای داهێنانی تاقە وشەیەکی نەبو، گریان حەرفەکانیانی دەشێواند ... هەتا کاتێك بەشە گۆشتەکانیشیان وەرگرت هەر گریان ، بەو دەرونەشەوە بۆ ناو دێ گەڕانەوە ، کفن پۆشیش لە دواوە سەیری دەکردن ، لە جوڵە و خشپە و ڕەنگ و ڕویان ورد دەبووەوە ، هەتا دوا کەسیان چوە ژورەوە هەر بەو

نیگایەشەوە لێی دەڕوانین ،کاتێکیش ئاگر لە ماڵەکاندا کرایەوە بەدەم دەنگێکی غەیبییەوە هەستا و لەگەڵ میاوەی پشیلەی گوندا هەنگاوی دەنا و بەو هێزەوە بۆ ناو ژورەکەی گەڕایەوە ، ئەوسا ئاگرێکی کردەوە و گۆشتەکەی برژاند ...
لەگەڵ دوکەڵی ئاگرەکەدا بە قوڵی لە تونێلە قوڵەکانی گەردونی دەڕوانی ، بەو ڕوانینەشەوە دوا پاروی خستە دەمیەوە و بەبێ ئارامی بۆ دەشتەکە کەوتە ڕێ .
دەشتەکە پانتاییەکی بەرینی لە خەیاڵی کفن پۆشدا هەبو ، هەمیشە وێنەکانی نا و با ی تیادا دەدیەوە ، هەر کاتێك بە پێڵاوە قورسەکانی پوش و پەلاشی دەکوتییەوە وایدەزانی جەستە کەوتوەکانی ( با ) سەر لە نوێ زیندو دەبنەوە ... ڕێگا باریك و جادە گشتییەکەی کە بەرە و ڕوبەری شارەکە دەیڕوانی لەلای ببوە جۆلانەی پەیوەندیەکانی مەرگ ، وای دەزانی لە وێوە بانگەوازی مەرگی جیهان دەکرێت و هەمیشە بۆ بای نەفخ لە دەشتەکەدا گوێی هەڵدەخست ، لەو ساتەشدا بەو شالاوەوە لە مادە و گیاندار و بێ گیان و مەل و باڵندە ورد دەبوەوە ، پاش ئەوەی لە زەریای گومان و ڕاڕاییەکەیدا نەگەیشتە هیچ ئە نجامێك ئەژنۆی کەوتە لەرزین ، لە ناو زرنگەی دەیەها دەنگی بەهێزدا بۆ ناو دێ گەڕایەوە ، لەگەڵ هەنگاوەکانیدا دەلەرزی و بەردەوام گوێی دەزرنگایەوە دەنگێك و دە و هەزار ، بەو هێزەوە تەزویەك بە جەستەیدا هات ، دەنگەکانیش بەردەوام لە مێشکیدا دەنگیان دەدایەوە ، وەکو زەنگۆڵە هەتاییەکان نەخشەی چرکەی تەقینەوەی فۆتۆناتی گەردونیان دەکێشا ، هەر ئەوەش ڕوانین و بیر و هۆشی شێواند بو ، لەگەڵ جوڵەی قاچیدا دەلەرزی و زمانی لە گۆ دەکەوت ، بە بینینی ماڵەکانیش بە تەواوی جیهانی لێ شێوا ..
وای دەزانی زەوی دەفڕێت ، خانوەکانیش لەبەرچاوی جێ گۆڕکێیان دەکرد ، مرۆڤ و گیاندارێش بە پێچەوانەوە دەڕۆیشتن .
لە پڕ جەستەی خۆی لێ گۆڕا ، توشی شێتییەك هات هۆشی بەخۆی نەما ، ساتێك وەستا و بیری کردەوە ناونیشان و ڕەگەزی خۆی لە بیر چوەوە ، لەگەڵ لەرزینەکشدا سات بە سات پەرەی دەسەند و شێتییەکەی زیاتر مێشکی دەگرت هەمو شتێکی لەلا تێکەلاو دەبو .
گوندەکە شڵەژانی تێکەوت ، دەرگای ماڵەکان یەك بە دوای یەکدا دەکرانەوە ژن و پیا و و منداڵ کەوتبونە خۆ ، کەر و ولاخ و گا و گۆتەڵیان کۆ کرد بوەوە ، بار و بنەیان دەپێچایەوە و سەر و ژوری گوند زمانیان بە کۆچەوە پەیوەستە ببو .
کفن پۆش لە پاڵ دار تویەکدا وەستابو ، هەوا جزداشەکەی فو دەدا و لە ناو شالاوی خەڵکەکەدا مات ببو ، بە تیژی لێی دەڕوانین ، لە پڕێکدا چوە سەر بەردە نوێژەکان و ڕوی کردە قیبلە و نوێژی دابەست ، چرکەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر دێیەکەدا کێشا ، وەکو خەڵکەکە لە کاتژمێری سفری مەرگدا چاوەڕوان بن ، هەمو بەیەکەوە گەرویان خەفەە کرد ، سەرا پا لە ڕوانینی شە پۆلەکانی ئاسمانەوە نیگایان بە شەقەی باڵی داڵێکەوە پەیوەستە ببو ، ساتێك بە قوڵی لێیان ڕوانی .
سەگەل دەقی ئەو بێدەنگییەیان شکاند و قروسکەیان تێکەڵی میاوەی دو پشیلە دەبو یەکیان دەهێناو یەکیان دەبرد ، لە ساتێکدا دەنگ و دیمەنیان بەسەر هەمو شتێکدا زاڵ دەبو .
تـــا ئەو ساتەش کفن پۆش وەکو خۆی مابوەوە ، لەسەر بەردە نوێژەکەوە چاوی بڕیبوە قولایی گەردون ، دەنگی پشیلەکانیش مێشکیان دەهەژاند ، بە دیمەنی مەرگی جیهانەوە سلاوی دایەوە و لە ناو شە پۆلی وێنە هەتاییەکاندا نوقم بو .

پیرەژنێك بە ناو گوندا هات و باوەشێك کفنی پێ بو.. بەدەم ڕۆیشتنەوە لانکەی بونی ڕادەژەند !!
ڕەنگی ئەو کفنە ئەوەندەی تر خەڵکەکەی جۆشدا ، هەر هەمو کەوتنە خۆیان.. دەیانویست ساتێك زوتر خۆیان بپێچنەوە و بڕۆن و جارێکی تر نەیەنەوە ناو ئەو مەرگەساتە .

کفن پۆش بەو دیمەنەوە هێلنجێکی دا وێنەی جیهان لەبەر چاوی بو بە تەڵەیەکی بچوك ، گۆڕستان و شارستانیەت لەلای تێکەلاّو دەبون ، ڕۆح و جەستە جیا دەبونەوە ، لە کاتێکدا هەستی کرد جەستەی دەتوێتەوە یەکڕاست هەنگاوی هەڵهێنایەوە بە پەلە بۆ گۆڕستانەکە ڕۆیشت ،

گۆڕەکە دیمەنێکی ترسناکی گرتبو بە سێبەری شێداری سروشتەوە.. ئەویش ئەوەندەی تر سامناکی تێخست .. بە پێوە وەستاو هەردو دەستی بە فەزای جیهاندا گرت .

ئەو گێژاوە بەهێزی بایەکەوە تەواوی گوندەکەی پێچایەوە ، لە پڕ ئەوەندەی تر گێژی دەخوارد ، وەکو هێزێکی گەورەی گەردەلول بیپێچێتەوە بەو جۆرە لە شاخ و گرد و تە پۆڵکەوە بەرد و تاوێر و گڵ و خۆڵ بــــەردەبونەوە ، دارمان و کەوتنە خوارەوە و هاوار و دەنگە دەنگ لە هەمو لایەکەوە دروست بو ، لەگەڵ شالاّوی چەند هێزێکدا لە ناوچەکەدا سێبەری مەرگ هەمو قوژبنێکی گرتبو ، هاوار و فیکە و بانگەواز تێکەلاّوی دەست ڕێژ و تەقینەوەی تۆپ و ئاربیجی ببو ... شاخ و کێو و لا پاڵ و بەرزایی دو ڕەنگیان گرتبو ، سور و سپی ، گوللەکانیان تێکەلاّو دەبون و بۆمبای فڕۆکەکانی ئاسمانیش جیایان دەکردنەوە و تێکەلاّویان دەکردنەوە .

ئەو دەنگانە لەگەڵ ئاوازەکانی تردا لە مێشکی کفن پۆشدا پەرەیان دەسەند لە تاو ئازاری ئەو مەرگەساتە پە نجەکانی دەگوشی و دەیکردەوە ، وێنەی خاچ لە گۆڕەکەیەوە دەیڕوانی ، بەردەوام بەدەم شالاّوی ئەو هێزە نەبینانەوە دەلەرزی ..بە قولاّیی چاویشی لە تەقینەوەی بۆمباکانی دەڕوانی و گوللەکانی دەژمارد و سەنگەرەکانی پاس دەکرد و کۆلارە خەیاڵیەکانی هەڵدەدا ، لوتکە بە لوتکەی ڕادەکێشا.. کەچی زرمە و تەقینەوە هەر بەردەوام بون ، لەرزیش پتر جەستەی دەگرتەوە ، گوندەکەش بەو هێزەوە دەلەرزی ، سەراپا بار و بنەیان کردەوە و خۆیان لە کون خزاند ، بەدەم شالاّوی ئەو هێزە ترسناکانەوە دەلەرزین ، دەشت و شاخ و کێویش بە هێزێکی ئەفسانەیی نەبینەوە دەلەرزین ، هێمن دەبونەوە و دەلەرزین !!

***** ******************************************* *****

## 2

**ڕەشەبایەکی بەهێز گوندەکەی پێچایەوە لە هەمو لایەکەوە گڤەی با بەتیژی دەهات ، دار و درەخت و دەوەن بەیەکدا دەدران و پوش و پەلاش بە ئاسمانەوە یاریان دەکرد** ، بالندە و مار و مێرو لە کون خزیبون ، گوندەکەش لە ناو بۆنی جەستە کەوتوەکاندا وەکو ژیشك گرمۆلە ببو ، بۆنێك گرتبویەوە ئارامی لەمرۆڤ دەبڕی .

کێو و گرد و لاڕێ و جادە بەکەر و ولاخ و تراکتۆر و ئۆتۆمبیل تەرمیان بە سەردا کێش دەکرا .. دلۆپەی خوێناوی مەیو مێژوی نەزانراوی لاوانی زەمەنێکی بۆ زەمەنێکی تری نادیار دەنوسییەوە ..

زەوی چاوەڕێی هەلهاتنی خۆر بو ، نسێ و بەڕۆژەکان لەبەر سێبەری تاریکی و ڕونیدا تەمی فرمێسکیان بە چاوەوە قەتیس مابو ، دلداریان لەگەلّ خاکە ڕەنگ پەڕیوەکەدا دەکرد ، بە جەستە کەوتوەکانەوە سیناریۆیەکی نوێیان بۆ گوندەکە دەنوسییەوە .

هەر لەگەلّ تەقینەوەی گزنگا ئەو سروشتە گولە سورەکانی لەسەر جەستە پشکوت ، برینە خوێناویەکان دەمیان دەکردەوە، سەگەل بە شاخ و کێودا هەلدەگەڕان و بە قروسکە و حەپە و وەڕینەوە لەگەلّ میاوەی پشیلە و دەنگی کڕوزانەوەی مرۆڤ دا مۆسیقایەکی کۆتاییان پێك دەهێنا .

شاخ و کێو و دەشت شلەژانی تێکەوت ، سرمەی کەر و ولاخ و وڕەی تراکتۆر و ئۆتۆمبێل ناوچەکەی گرتەوە ، لەبن بەرد و دار و ناو سەنگەرەکانەوە تەرم کێش دەکرا و بۆ ڕوبەری شار و گوندەکانی تر دەگوێزرانەوە .

کفن پۆش لە ناو گۆڕەکەیەوە بە دەم تونی خەیالّ و ئەفسانە مەرگاویەکانی جیهانەوە بە هەوای بای نەفخەوە مۆمیا ببو ، بە جۆرێك قاچی بە خۆلەکەوە نوساند بو وەکو لە ساتێکی تردا گەردون بە با یەك بتەقێتەوە و ببێتە تەنیا لبادێك و تەواو .

ماوەیەك بەو شێوەیە لە فەزای جیهانی ڕوانی و بەردەوام ئەو جەستانەی دەبژارد کە دوای ڕاکێشان و تلانەوەیان خۆلەکەیان چاپ دەکرد ، ئەوەش بە یەکجاری موەکانی گرژ کرد بو ، زەنگی ڕۆژی کۆتایی بە گوێچکەیدا دەهات لە ڕوانینی مادە و شێواز و دەنگ و ڕەنگی سروشتەوە ئەو وێنەیەی دەدیەوە ، ئەوەش توشی گومان و ڕاڕاییەکیان کرد بو ..جیهانی لێ ببو بە


www.pertwk.com

تۆپەوانەیەکی ئاگر ، وایدەزانی چرکە ســاتی پێچەوانەی گەردونە و لەوێوە مێژو هەڵدەگەڕێتەوە و سەر زەوی دەبێتە گرێکی کلپەدار و تەواو .
ئەو گومانە لەو ساتەوە ڕەگی لە مێشکیدا داکوتا بو کە یەکەم جار قاچی خستە ئەو خاکە ، لەگەڵ هەنگاوەکانیدا جەستەی دەژمارد ، خوێن ڕوبەڕوی ناوچەکەی گرتبو .. لەو ساتەشدا هەمان جۆر ئەو شاڵاوە خوێناویە دێیەکەی سور کردبو ، شەڕی کراس و سور و کراس سپی زەوییەکەی دەلەرزاند .
ئەو شەڕە ساڵانێکی دور و درێژ بو ئەو نیشتیمانەی گرتبووەوە ، دو سوپا بەرامبەری یەکتری وەستابون و شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند بو ، ڕۆژانە لە هەمو کون و قوژبنێکدا گوللەیان بە یەکتریەوە دەنا و گرتن و تۆقاندنی لایەنگرانی یەکتر و تیرۆری ناو شارەکان و حەژمەت و قینی خەڵکی لە نێو یەکدا بە تەواوی پەرەیان سەند بو ، بە جۆرێك برا برای دەکوشت و هەر کەسە پەیامێکی هەڵگرتبو ، سور یان سپی ، وێنەی حەمە سور و حەمە سپی بە کۆڵان و دیوارەکانەوە هەڵدەواسران و لێدەکرانەوە ، بە تایبەتی لەو ساڵانەی دوایشدا ئەو جەنگە لەو ناوچەیە بەردەوام بو هەر جار ناجارێك لەوێدا دەکەوتنە بۆسەی یەکترییەوە و دەستەیەك لاو دەبونە قوربانی جەنگەکە ، هەر بۆیەش گوندەکە ترسناکییەکی زۆری لێدەردەکەوت ، لەو ساتەشدا کفن پۆش وێنەی ئەو ڕوداوانەی دەدیەوە و لە ڕوانینی کێش کردنی تەرمەکانیشەوە بە وێنەی کوللەوە هەمو وێنەکانی ژیانی لەلا تێکەڵاو دەبو ، بەو بیرەوە قاچێکی بەرز کردەوە و لە کاتێکدا لە گۆڕەکەی هاتە دەر لە ئاسمان ورد بووەوە :
* کوللە و جەجاڵ و کراس سپی و سور و ڕەش هەمو یەك هیوا و ئامانجیان هەیە و ڕەمزی کۆتایی ژیانیان هەڵگرتوە .
ئەوەی گوت جەستەی لەرزی ڕۆشنایی بە هێڵێکی ترسناك پۆشرا :
* چارەنوسی جیهان بەندە بە بون و نەبونی ئەم گوندەوە ، لێرەوە مەرگەسات بلاو دەبێتەوە و ئێرە هەوێنی مەرگ و قلپ بونەوەی جیهانە ،
کزە بایەکی بەهێز بە ناو گۆڕستانەکەدا هات لق و چڵی دارەکانی بەیەکدا دەدا و بۆنێکی پیشاوی بلاو دەکردەوە ، کفن پۆش بەو بۆنەوە لەرزی و نزگەرەیەکی کرد ، ئەوسا خۆی خولانەوە ، پاشان وەستا و هەردو دەستی ڕاست و چەپ بە بۆشاییدا ڕاگرت :
* پێدەچێت زەمەن لێرەوە قفڵ ببێ ... ئەمڕۆ گوێم بە بایەکی ئەزەلییەوە دەزرنگێتەوە ڕۆشناییم بۆ گرێکی گەردونی ڕۆدەچێت ... گرێك کە لە چرکە و ساتی کۆتاییدا ئەم زەوییە دەکاتە بۆسۆیەکی نەبین .
تەزوی هەواکە بە تیژی دەهات و جزداشەکەی فو دەدا ، بە جۆرێك لە ناو گۆڕەکاندا ڕەنگی دەدایەوە وەکو پاسەوانی مردوەکان بکات ، دەنگ و ناڵە و هاواریش بە هێز بە گوێچکەیدا دەهات و بەردەوام جەستەی شی دەکردەوە .. ڕوانینەکانی لەسەر شە پۆلێك دەگیرسایەوە نەیدەتوانی بۆ تاقە ساتێکیش مەلەی تیادا بکات بەو ژانەوە چاوی هەڵــگــلــۆفت و کەوتە ڕۆیشتن .. لەو ساتەدا مێشکی زرنگایەوە ، بای نەفخ بیر و هۆش و ڕوانینی گرتبو ، بەو تەوژمە ترسناکەشەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە و سات بە ساتیش دەستی بۆ هێزی ئەو بایە دەگرتەوە .
کاتێك گەیشتەوە ناو ماڵەکان وێنەیەکی فۆتۆیی گرت وەکو سۆبرمانی مەرگ چوە ناو خەڵکەکە و ڕوی کردە ئاسمان :
* پێدەچێت چەند چرکەیەکی تر کۆتایی بەم ژیانە بێت .. بونێك کە هیچ بەهایەکی نییە .
گوندەکــە شڵەژابو هەمو لەبەر ئەو تەیمانەدا کۆمەڵەیان بەستبو کە پورکە بار و بنەی تیا کۆکردبووەوە ، لەو ساتەشدا جەنجاڵی هەمویانی گرتەوە ئێسترەکەش پێ لەقەی بە زەویەکەدا دەکێشا و دەمی بۆ بۆشایی کردبووەوە ، پشیلەیەکیش بە

پڕتاو لەسەر بانیژەکەوە خۆی هەڵدایە خوار ، لەرزی خستە ناویانەوە ، تاقە کەسێك کە هەستی بەو پێشهاتە کرد میمکە بو ، کت و پڕ هاواری کرد و قژی خۆی ڕنیەوە :

- بای نەفخ تەنیا ئەسپ و پشیلە و کۆمەڵێك گیاندار هەستی پێدەکەن .. لە مرۆڤیشدا تەنیا وەلی و شێت .. ئەوەتا هەموویان بە ئاشکرا هاوار دەکەن .. ئیتر گورج بکەن بار و بنەی پورکە بەرنە ژورەوە و ڕو بکەنە قاپی خوا ... پورکە ئیتر کۆچ ناکات .

لەو ساتەدا چەکدارێك هاتە ناو یانەوە .. سڵاوی کرد وبە چاوێکی خوێناوییەوە لە هەموویانی ڕوانی :

مەترسن ئیتر هەواڵی خۆش بەڕێوەیە ..کراس سپی دەرکران و ئیتر ئێمە گوندەکەتان دەپارێزین ..مەڕۆن بمێننەوە ..نیشتمان دەکەین بە ئاڵتونی سپی .

کفن پۆش توڕیی گرتی :

تازە خوا فوی خۆی دەبارێنێت و ئێمە و ئێوە و جیهان پێکەوە دەمرین.

میمکە غەزەب ناوچاوی گرتبو.. توانای قسەی نەبو.. ڕوی لەچەکدارەکە وەرگێڕاو ئاماژەی بۆ خەڵکەکە کرد..

لەرزین هەمو جەستەیەکی گرتەوە ، بەو هێزەشەوە بە پڕتاو بار و بنەی پورکەیان بردە ژور ، ئەویش فرمێسك بە چاویەوە قەتیس مابو ، دڵی دەگوشرا و تفی لە ژیان دەکردەوە .. ئاماژەی پەنجەکانی میمکەش بە قژە سپییەکەیەوە نیشانەی کۆتاییان بۆ دەکێشا ، لەو ساتەشدا ژیانی میمکەی بیرهاتەوە ..خەو و ئەفسانەکانی ئەوەندەی تر ترس گرتی و بە یەکجاری شەپۆلی بای کۆتایی گرتی و وشەی کۆچی لە بیر خۆی بردەوە و بە بێدەنگی وەستا.. ئەو بێدەنگییەی پورکە میمکەی خرۆشاند پەنجەی لە قژی توند کردەوە :

* ئەمشەو بە خەو بینیم ئاسمان و زەوی لول بون و جیٚ گۆڕکێیان کرد .. ئەم گەردونە تەنیا مافورێکی مایەوە ئیتر پورکە بۆ کویٚ دەڕوات ، دەچێتە ناو میللەتێکەوە کە خوا مۆری سەلبی لە دڵیان داوە .. با هەمو لێرەوە بەسەر مەرگی جیهاندا بمرین .

ژنێك لێی هاتە پێش سنگی خۆی کوتیەوە و گریا :

* میمکە لباد ؟ ؟

* بەڵیٚ فویەکە خوا بەم گەردونەیدا دەکات .

ورتە ورت لە خەڵکەوە دروست بو ، هەر کەسە لەلای خۆیەوە گۆڕێکی نەزانراوی بۆ خۆی هەڵ دەکەند و بە جل و بەرگەوە دەچوە ناوی ، کفن پۆشیش بە دیاریانەوە دەگریا چاوی بڕیبوە هەورازە نەبینەکان ، لە ئاسمان ورد دەبوە و میمکەش چاوێکی بە هەمویاندا گێڕا ، ئەوسا دەزوی ئەو تەونەی گرتەوە :

* با بێت و جیهان کاول ببێت .. ئێمە چ خۆشیەکمان تیایدا دیوە ؟.. کیٚ بە هانامانەوە هاتوە ؟.. بزانن تاقە کەسێك دەوێرێت سەردا نمان بکات ؟..بە گول و سیلاوی و تاعوناوی و خێومان دەزانن .

قسەکانی لە دەمیدا مایەوە ئێسترەکەش حیلاندیەوە ، میمکە ترسێکی گەورە گرتی و بەدەم هێزی باکەوە ڕادەوەشیٚ ، ژنێك باوەشی پیا کرد.. ئەویش درێژەی بە نهێنیەکانی دایەوە :

- تاقە پەناگەیەك بۆ ئێمە ئەم گوندەیە ، ئیتر لێرەوە جیهان سەرە و ژێر دەبێت یان ئێمە دەبینە قوربانی ، ئەوە شتێکە خوا دەیزانیٚ ، بەلاّم ئەوەی ئێمە بیستومانە نیشانەکان دیارن .. لێرەوە زەوی لول دەبێت .

تۆپێك لەسەر گردەکە تەقیەوە هەمو خۆیان بە زەویەکەدا دا .. ساتێك بە ڕاکشانەوە لە یەکیان دەڕوانی ..پرزەیان لەبەر بڕابو..کزەی باکەش بە هێزتر بو ، ئێسترەکەش جارێکی تر قاچی بە زەوییەکەدا کێشایەوە ، ئەوە ترسێکی گەورەی خستە


www.pertwk.com

دڵیانەوە .. هەمو بە چرپە لە قسنەکەیان دەڕوانی ، لە ساتێکدا هەمو بۆ گۆڕستان کەوتنە ڕێ ، کاتێکیش گەیشتنە ناوی خۆیان ڕاکێشا .. لق و چڵی درەختەکانیان دەگرتەوە .

ماوەیەك بەو جۆرە مانەوە ئەوسا دوا هیوایان لەسەر قسنەکە بەجێهێشت و بەدەم کزەی بایەکەوە بۆ ناو دێ گەڕانەوە ، کاتێك گەیشتنەوە ناو ماڵەکان ژنێك بە سینیەك ناوساجیەوە لێیان هاتە پێشەوە ، هەر کەسە بەشی خۆی وەردەگرت و باجی برسێتیەکەی دەدایەوە :

* نەخشە خوا بە بەهەشت شادت بکات .

گێژەڵوکەیەك بە هێز هەڵی کرد.. جەستەی لولکردن لە خۆڵ و بایەکی نادیاری ئەفسانەیی ..

بەو جۆرە هەر کەسە بە هەڵمژینی ئەو بۆنە تێکەڵاوانە و تەلیسمی بای نەفخەوە خۆیان بە ماڵدا دەکردەوە ، لە ساتێکدا کەس لە دەرنەما ، گوندەکە کەوتە سەر پشو 1!

*****          *****          *****

دوای چێشت هەنگاوێکی درەنگ کفن پۆش بەبێ ئارامی لە گەڕانی دەشت و دەر گەڕایەوە ، لە ژورەکەیدا قاچی ڕاست و چەپ کرد و هەردو دەستی بەرز کردەوە، ساتێك لە خۆر و ئاسمان و زەوی ورد دەبوەوە ، ساتێك بە قوڵایی نهێنیەکاندا ڕۆدەچو ،بەوەش بیرێکی پەرشی شێداری پۆشیبو ، هۆشی بە خۆی نەما بو ، لە تاوا کەوتە سەر قریشکە ، ئەوسا ڕا پەڕی و مێشکی بە تەژە و دارەکاندا دەکێشا هەتا تەواو گێژ بو ، پاشان بە شەکەتیەوە دانیشتەوە و کەتەوە ڕوانین ، لە وێنەی لبادە شڕەکەوە وێنەی ڕۆژە هەتاییەکانی دەدیەوە .

گوندەکە کش و ماتیەك گرتبویەوە جوڵە و خشپە و هات و چۆ نەدەبینرا هەمو بە دەم بۆنی مەرگەوە لە ژێر جێگەدا کەوتبون ، بە تەنیا میمکە دەزگای تەونەکەی هێنا بوە هەیوان و بەدەم چنینی جاجمەکەیەوە لە ژورەکەی کفن پۆشی دەڕوانی ، لەو ساتەشدا بە قیژەکانی ئەوەوە وەستا و کەوتە خەیاڵێکی نەبینەوە ،گەردون لەبەر چاوی دەپێچرایەوە بەو وێنەیەوە قریشکەیەکی کرد ژنان لێی کۆبونەوە ، ئەویش سات بە سات پتر قریشکە و سنگ کوتانەوەی تێکەڵ دەکرد لەو ساتەشدا ژنێك باوەشی پیا کرد.. فرمێسکەکەی سەر سنگی میمکەی تەڕ کرد .

بایەکی بەهێز کشا .. ژنان دوا نیگایان بڕییە ژورەکەی کفن پۆش ، ئەویش بێدەنگی گرتبوی ، قیژەی کۆتایی هاتبو ، میمکەش چوەوە سەر تەونەکەی نەخشەی جیهانی نوێ دەکردەوە .

گێژەڵۆکەیەکی بەهێز هات پوش و پەڵاش و شتی سوکەی بە ئاسماندا لول دا ، بەهێز گێژی خوارد و ناو دێیەکەی گرتەوە ، لەو ساتەدا کفن پۆش بە تۆڕی گومانەکانیەوە لە ژورەکەی هاتە دەر ، بە شمشێرەکەیەوە بۆ گۆڕستان کەوتە ڕێ ، میمکەش بە دوایەوە ڕا پەڕی خەڵکەکەی دەنگدا و هەمو بە دوایدا کشان .

کفن پۆش لەسەر قسنەکە دەپاڕایەوە شاڵاوی خەڵکەکەش گەیشتنە لای.. لەرزی و دەستی بەرز کردەوە.. شەپۆلی گریانیش خەڵکەکەی گرتەوە و فرمێسك واتای وشەکانی دەردەبڕی و بەدەم شاڵاوی بایەکەشەوە کەوتنە گومانێکی قوڵەوە و لە ناو گۆڕەکاندا خۆیان ڕاکێشا و تلانەوە ، ماوەیەك بەو جۆرە مانەوە لەگەڵ شاڵاوی با یەکەدا دوا نیگایان بڕییە گۆڕەکە ،

هەر کەسە لەلای خۆیەوە گۆڕێکی خەیاڵی بۆ خۆی دروست دەکرد و جیهانیش بە وێنەکانیەوە ئەو ڕەنگەی دەدایەوە ، حەپەی سەگەلی ئاوایش بەرز بوە و کاتێك گەیشتنەوە ناو ماڵەکان وێنەی گۆڕەکەیان لەبەرچاو بو ، تاقە کەسێك کە ئەو وێنەیەی

شتەوە میمکە بو ، لەو ساتەدا ئەو ڕازەی بۆ لاوێك دەرخست .. لەکاتێکدا ئاگرێکی کردبوەوە مرا خانییەکەی لەبەردا گرتبو ئەسپێکانی بە ئاگرە کە هەڵدە فرچاند ئەویش پێش هاتی مەرگی جیهانی بۆ شی کردەوە :
* تالیم عەشقەکەت کەوتە ئەم کۆتایی بونە . ئیتر هەمومان بەبێ جیاوازی دەمرین ... من و تۆ و نەرمین و شار و ئەمریکا و ڕوسیا .
تالیم گریا و ئەویش جارێکی تر ماچێکی کردەوە و دوای شەپۆلی خەڵکەکە کەوت ، هەمو بە شپرزەییەوە بۆ ماڵەکانیان هەنگاویان دەنا ، بە تەنیا کفن پۆش نەبێت بە ڕەگی قوڵی گومانەکانیەوە بەرە و ژور کشا و بە لا پاڵەکەدا سەرکەوت ، لە دوڵەکەدا چەند چەکدارێکی دی خۆیان ڕوت کردبوەوە و جلەکانیان لە بەر ئاگرەکەدا دەگرت ..کاتێك ئەمیان دی شپرزە بون خێرا خۆیان لەبەر کردەوە .. ئەمیش سڵاوی لێکردن و ڕۆیشت .. ئاڵوزییەك گرتبوی توانای نەبو بۆ ساتێکیش پشو بدات و بەردەوام لە گژ و گیا و لق و چڵ و دار و بەرد و دەوەن ورد دەبوەوە چڵە پوشەکانی هەڵدەکێشا .. کوللەش ڕوانینیان دەپۆشیەوە ، لەوەوە مەرگی جیهانی دەدی . بەو وێنە ئاڵۆزکاوانەوە لەسەر بەردێك دانیشت و چاوی بڕییە قوڵایی شارەکە .....
ئەو وێنە خەیاڵییانە فەزای ڕوانینیان گرتبو ، ئاسمانی شار بە پۆلە کوللە پۆشرا بو ، لەسەر شەپۆلی با و هەناسە خەففەکاندا وێنەی دەبینیەوە ، لەوەوە وێنەکانی ناو با دەهاتنەوە ناو نیگایەوە ، ئەوانەی کە ببونە پێکهاتەی بیر و خەیاڵ و ئەندێشەکانی ژیانی و لێی جیا نەدەبونەوە ، ئەوەش بە شەپۆلە تیژەکانەوە مۆمیای کرد بو ، وەك ئەو ساتەی لەگەڵ هێزی با یەکی ناوەختەدا شێوا و وێنەکانی ناو با جیا دەبونەوە و دادەبڕان و بێ دەنگی بە پەڵە هەورەوە بە ڕەنگی ئاسمانەوە ڕەنگاڵەی جەستەیان چاپ دەکرد و ڕۆح لە جەستە یاخی دەبو ، شار بە چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازی شڵەژا بو ، بە شەقامە گشتییەکاندا تەرمێکیان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا و جار جارە بە دەسترێژێك ئاسمانیان دەشڵەقاند ، خەڵکەکە هەریەکە بە لایەکدا ڕایان دەکرد ، تاقە کەسێك کە بەبێ پەروا لەسەر کۆلاَنەکەوە دەهات و دەچو ئەو بو ، بە تیژی لە ئاسمانی دەڕوانی و وێنەکانی ناو با ی دەخوێندەوە و بە جلە دڕاوەکانیەوە لە ئۆتۆمبیلەکەی دەڕوانی هەناسە وێڵەکانی دەکردە پاسەوانی شار ، لە پڕ لاوێك پەلی گرت و بۆ کۆلاَنەکەی خۆیان کێشی کرد ، ئەو کاتە ژنەکەشی بە قژ ڕنینەوە هات و دەستی گرت و بەدوای خۆیدا بۆ ماڵەوە بردیەوە ، کاتێك لە دەرگاکە ئەودیو بون قژی خۆی ڕنیەوە :
* تۆ توشی چی هاتویت ؟ ئەمشەو دەبێت بڕۆین و شار چۆڵ بکەین .. نازانیت نیوەی خەڵکی زیندە بە چاڵ دەکرێت ؟.
گەڕەك شڵەژا بو دەرگاکان بە توندی دادەخران لەو کاتەدا لاوێك لە دەرگای دا :
* خێراکەن گەڕەك هەموی خۆی پێچاوەتەوە وا دەڕۆین .
بە قسەوە هاتە ژورەوە :
* تەرمەکەی هاوار گۆشتی پێوە نەماوە تەنیا ئێسکەکانی ماوە ... ئیتر ئەمشەویش لە تۆڵەی بەڕێوەبەر بە هەزاران زیندە بە چاڵ دەکەن .
شەونم لە کاتێکدا قاپوتەکەی بۆ شیروان هەڵدا قژی خۆی ڕنیەوە :
* هاوار لە من ڕۆیشت ئاخ .
لاوەکە بە هەیوانەکەدا سەرکەوت :
* پورە گوڵچین لێرە دەمێنێتەوە دیارە ناتوانێ ڕێگا بکات .
پورکە لە ژێر جێگاکەدا کەوتبو بە لەرزەوە زمانی کردەوە :
* ئازاد گیان .. من چیم لەو لاوانە زیاترە با بکوژرێم .

فیشەك ئاسمانی شارەكەی دەشڵەقاند ، سێ گوللە تۆپیش لە قەد پاڵ تەقینەوە ، دەنگی زریپۆشیش لە ناوشاردا بەرز بووەوە ،خەڵكیش تەواو كەوتنە خۆ و ئەوانیش بە پرتا و كۆڵ و باریان پێچایەوە و لە حەوشە هــاتنە دەر ، لـەگەڵ دەنگی گوللە و گرمەی ناو شاردا خۆیان بە تاریكایی نهێنیەكانی جیهان دا كرد ، بارانیش نمە نمە دەباری و سات بە سات بە هێزی با یەكەوە پەرەی دەسەند ، گڵۆپەكانی شاریش تاقە تاقە یاریان لەگەڵ شەوقی باشوردا دەكرد ، ئەوانیش لەسەر ئاستی شاخەكە ڕەمزی ون بون و ئامادە بونەوەی شارەكەیان دەكێشا .. بەو جۆرەش ڕەو لە بەشی باكورەوە ڕیزەی بەستبو بەرەو قولایی جیهان .

لەو ساتەشدا ئەوانەی لە ئاسمانی شارەكەوە دەدییەوە ، هەمو دەنگێك لە شە پۆلی بادا دەتوایەوە و وێنەیەكی چاپ دەكرد .

دەنگێك لە شاخەكەوە هات .. كتوپڕ ڕوی وەرگێڕا و لە ئاسمانی شارەكەی تۆراند، بە حەشمەتێكی زۆرەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە وەكو بیەوێت لەسەر زەوی ڕا بكات و نیشتیمانێكی تر بدۆزێتەوە ، بەو وێنەیەوە ڕۆیشت هەتا لە دۆڵێكدا شوانی گوندەكەی دیەوە ، لە كاتێكدا لە ناوچاوانی دەڕوانی ئارەزویەكی تیادا دەخوێندەوە بەو بیرەوە چوە بەردەمی :

* حەسەن دەڵێی حەز دەكەیت بچیت بۆ شار و نان و كەبابێكی تیا بخۆیت ..

حەسەن شڵەژا شریتی بیر و ئارەزوەكانی پچڕا :

* شار بۆ ئێمە دۆزەخە هەر ئارەزویەكی لەسەر بكەین بێ هیوایە ، چونكە سێبەری لە ئێمە حەرامە .

كفن پۆش توشی لەرزێكی كت و پڕی بو ، وێنەی ژیانی خۆی و منداڵەكانی هاتەوە بەرچاو ، بە دوا وێنەی سوتاوەوە وەڵامی دایەوە :

* شار بۆ من زامێكە سارێژ بونی نییە .. پردێكی پۆڵایە.. ناتوانم لەسەری بپەڕێمەوە .

بەو ڕستەیەوە هەمو وشەكانی تواندەوە جارێكی تر قوتی دایەوە .

دو فڕۆكە بە ئاسماندا دەنگیان دەتەقاندەوە ، هەردو بەیەكەوە لەرزین ،حەسەن هەستا گۆچانەكەی گرتە بزنەكان ئەویش لە فڕۆكەكانی ڕوانی هەتا تەواو لە چاو ون بون ، ئەوسا لە بزنەكانی ڕوانی :

- ڕانی ئاواییش هەر ئەو چل پە نجا سەرەی ماوە ئەویش مردار دەبنەوە .

كۆمەڵێك چەكدار لەلای خوارو بەڕیز دەڕۆیشتن ..دەنگی رادوێیان بەرز كردبوە و گوێ بیستی هەواڵەكانی ئێزگە بون ,, ئەوانیش سەیریان كردن وشەكانیان خواردەوە وكەوتنە خۆ ..

حەسەن خەریكی كۆ كردنەوەی بزنەكان بو، ئەویش سەر بەرەو خوار دایكێشا و بۆ ناودێ گەڕایەوە .

ئاوایی كپ و مات ببو ، لە سەر و ژور و چەپ و ڕاست و خۆرهەڵات و خۆرئاوا جوڵە و چرپەی تیا نەدەبیسترا ، هەنگاوی پیرێكی پەككەوتە بە هێمنی ئەو بێدەنگییەی دەشكاند ، كفن پۆش ساتێك لێی ڕوانی لە كاتێكدا مێژوی ژیانی خوێندەوە گەیشتە بەردەمی :

* حەمكۆڵ من و تۆ بوینەتە دو عاشقی مەرگ ، ئێمە تازە بەشێكین لە مردن پێویستە ئیتر پاسەوانی ژیان لە لێواری گۆڕەوە بكەین .

حەمكۆڵ لەرزی بە جۆرێك مێژوی ژیانی لەلا شێوا :

* لێرەوە مەرگیش ناو نیشانی نیە من و تۆ ڕەمزی مەرگین بەلام ئە نجامێك نابینینەوە چونكە نهێنییەكانیش پێویستیان بە دابڕانی تەواو هەیە لە كۆمەڵ ، بە تایبەتی خاكێكی وەك ئێرە كە ڕەمزی هەمو كارەساتێكە .

بەو قسەیەوە هەردوکیان فرمێسکیان ڕشت .. هیچیان لەبەر گریان توانای وشەیەکی تریان نەما ، کفن پۆش لە ڕوانینی چرچ و لۆچیەکانی حەمکۆڵەوە زامێکی سەختی دەدی ، بۆیە بەو ژانە کوشندەیەوە لێی جیابوە وە و یەکڕاست بۆ تول بەندی ماڵی حەمەسور هەنگاوی هەڵهێنایەوە و بە بیری مەرگی نەرمینەوە بۆ هەیوانەکەیان سەرکەوت .

نەرمین لە ژێر جاجمێکەوە ڕاکشا بو گرِ و گاڵی مەرگی دەکرد ، ئەوە لە مێشکی کفن پۆشدا کاریگەر ببو لە کاتێکدا ورد لە نیگای ڕوانی بە تەواوی ڕەنگی شێوا بو ، میمکەش بە زۆر سەریەوە دەکڕوزایەوە و نیشانەی مەرگ لە قسەکانیەوە دەردەکەوت . ئەویش بە قسەکانی میمکە ئەوەندەی تر ترس گرتبویەوە ، لەو ساتەشدا پەنجەی لە دەستی دەستە خوشکەکەی ترازاند :

* شەرمن بەسە ئیتر تۆش بە منەوە مەمرە ، من ئیتر مەگەر خوا هیچ ئومێدێك لە دڵمدا نەماوە، تۆ بچۆ پشو بدە .

فیشەکێك لە ناو گوندەکەدا تەقی ، بە جارێك خەڵکەکەی خستە گومانێکی ترسناکەوە ،هەتا هەواڵ بەسەر ماڵەکاندا بڵاو بووەوە :

- هۆمەر فیشەکێکی لە دەست دەرچو .

دەنگی چەند گوللە تۆپێکیش دەنگی دایەوە ..کفن پۆش بەو ڕاڕاییەوە لە شەرمن ورد بووەوە ، ئەوسا بە دوا نیگاوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو هەستا بە بیرێکی ترسناکەوە بەجێی هێشت .

ماوەیەك بو بەناو ماڵەکاندا دەگەڕا ماڵ بە ماڵی بەسەر کردەوە ... لە پڕ دەنگێك هاتە بەرگوێی ئاوڕی دایەوە هیچی نەدی ، ئەوە تەواو حە پەساندی لەجێی خۆیەوە خولایەوە ، کەسێك نەبو بانگی بکات ، کاتێك کەوتەوە ڕۆیشتن دەنگەکە دوبارە و سێ بارە بووەوە ، لە هەمو لایەکەوە ئەو دەنگە بە هێز گوێی دەزرنگاندەوە ، ئەوە لەرزێکی گەورەی خستە دڵیەوە و بە تیژی بە شاخەکەدا هەڵگەڕا ، وەکو توشی نەخۆشیەکی کوشندە بو بێ ، بەو جۆرە هەنگاوی دەنا و دەلەرزی ، گوندەکەش بەو هێزەوە دەلەرزی و پیانۆی مەرگەسات هەمو ڕۆحێکی گرتبو ، بورکانێکی دەرونی بەسەر جەستەدا دەتەقیەوە .*****

***************************************************** *****

## 3 ( جیهان وێنەی گۆڕێکی تەنیایی نەدیوە ... جێگەی ناشتنی کۆترێکی تێدا نییە )

.

کفن پۆش بەو قسەیەوە ڕوی وەرگێڕا بە قولایی شە پۆلەکانی گەردوندا چاوی گێڕا ، ئاسمان لەبەر چاوی بچوك دەبووەوە و زەویش دەکشا .. ئەستێرەکانیش دەکەوتنە خوارەوە .

هەر لەگەڵ هەڵهاتنی خۆرەوە ئەو وێنەیەی لە هەمو شتێکەوە دەدی ، لە ژێر هێزی گزنگەوە تەمێکی دەبینی وێنەی گۆڕێکی تەنیایی چاپ دەکرد .

بەو وێنەیەوە لە ناو گۆڕەکەیەوە خولایەوە هەمو دەنگ و ئاواز و شێواز و ڕەنگێك ڕەمزی مەرگیان لەلای دەکێشا ... ساتێك بەو جۆرە لەو وێنە تێکەڵاوانەی ڕوانی تۆڕی گومان و کلافە دەزوە ئاڵۆزکاوەکانی نهێنی بون پتر دەپێیچایەوە و بە چوار دەوری خۆیدا سوڕایەوە و سەری بەرز کردەوە ناچار شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا و لەبەر تیشکی خۆرەکەدا گرتی .

بەو هێزەوە ساتێك لە قوڵایی جیهانی ڕوانی ویستی زمان بجوڵێنێ وشەکانی قوت دایەوە ، وێنەی کاڵ بونەوەی جیهان ڕۆشنایی گرتبو ، دەنگێك لە گوێیدا دەزرنگایەوە وەکو لە ئاسمانەوە بە گوێیدا بدەن بەو جۆرە بە تیژی دەهات لە پڕێکیشدا بو بە دوان و سیان و چوار ئەوە توشی بارێکی دەرونی زۆر ئاڵۆزی کرد بە وێنەیەکی کۆتاییەوە زمانی کردەوە :

* پێدەچێت لە کەلاوەی ئەم گوندەوە جیهان کاول بکرێت .. تەواوی نیشانەکانی ئەو ڕاستییە دەردەخەن ئێرە بوە بە گرێی مێژو .

هیلاکی گرتیەوە ڕەگی گومان و دو دڵی بە جۆرێك گرتبویانەوە هیچ تروسکەیەکی نەدەدی ناچار بەو بیرەوە لە گۆڕەکەی هاتە دەر و بە گۆڕستانەکەدا کەوتە خولانەوە یەك یەك مردوەکانی دەدواند، تاقە گۆڕێك وەڵامی لێ بەرز نەبوەوە ئەویش بەدوای گۆڕی کورەکانیدا دەگەڕا هیچ کامیانی نەدیەوە بەو ژانەوە مێشکی کەوتە سەر شەپۆل .

ئەو شەپۆلە ساڵانێك بو گرتبویەوە ، لەو ساتەی بە بروسکەی مەرگەوە تەرمی کورەکانی بەجێ هێشت ئیتر گۆڕەکانیانی نەزانی ، کاتێکیش هاتەوە ناو گوندەکە کەس نەیزانی کامەیە گۆڕەکانیان ، ئەویش هەمو گۆڕەکانی بەوان دەزانی ، توشی کرۆکێك هات لە ڕوانینیدا گۆڕی شوشەی بۆ هەڵکەند بون و وێنەکانی تێکەڵی شەپۆلی با کرد بو ، لەو ساتەشدا لە خۆڵەکەی دەڕوانی و وێنەی هەمو مردوەکانی دەخستەوە بەر چاو تەرمەکان لەلای تێکەڵاو دەبون :

* وەرن باسی مەرگ بکەن با بزانین چێژی مەرگ چییە و ئەو نهێنیانەی کە ئێمە نایان زانین بیگێڕینەوە و بۆ ساتێك لە لامان بژین و وێنەی ئێستای جیهان ببینین با بزانین مەرگ خۆشترە یان ژیان .

* بەو قسەیەوە قیژاندی :

* وەرن با هەمومان جیهان قڵپ بکەینەوە ، جیهانێك کە ژێر پیاڵەیەك شیری بۆ ژیان تێدا نییە و زەریایەك خوێنی بۆ کوشتار هەیە .

ساتێك بەو جۆرە وەستا هیچ وەڵامێکی نەبیست ، ناچار کرۆکی بیرە پەرش بوەکانی گرژ کرد و خۆی خواردەوە ئەوسا دادی جیهانی دەربڕی :

* جیهان وێنەی تەنیا گۆڕێکە ، ئەویش ڕەنگدانەوەی جیهانە .

بیرێکی ئاڵۆز گرتی و بە شڵەژاویەوە چاوی بڕییە ئاسمان شەپۆلەکان بە یەکدا دەهاتن ، ئەستێرەکان دەتەقینەوە ، ئەوسا سەری دانەواند ، لە پڕ دەنگێك هاتە بەرگوێی پەرەی سەند ، لەگەڵ وێنەی ئاڵۆزکاودا لە بەر چاوی شەپۆلیان دەدایەوە . دەنگێك لە شاخەکەوە هات.. کت و پڕ ڕاچەنی ، نیگای لە تەوژمی گۆڕستان و دێیەکە تۆراند و کەوتە ڕوانینی شارەکە و فەزای لەبەر چاوی ببوە ڕەنگی شیر پەنجە و وێنەی گۆڕێکی دەدایەوە ، بە دەنگی با و دوکەڵی ڕەشی و خۆرە تاویشەوە دەروازەکەی کلیل دەبو ، لەگەڵ گومانەکانیدا مێژویەکیان دەنوسییەوە و زامێکی بێ چارەسەریان لە دڵیدا سازاند بو ، هەمیشە دەیویست جەستەی لەو فەزا بچوککراوەدا لە تەنیا گۆڕێکدا چاپ ببێت .

ئەو یاریە بە نیگاکانیەوە نیشانە دەبون ، ئەستێرەکان دەگەڕا و ڕۆحە تەریوەکانی زەوی دەبرد بۆ فەزای ئاسمان .. لەو ڕوانینەوە شارەکە دەبوە کفنێك و دەپێچرایەوە و بە گێژەڵوکە خەیاڵیەکەیەوە هەمو ڕۆژێك جەنگی خەیاڵی لەگەڵ شار و جیهاندا دەکرد ، لەو ساتەشدا گەردون لەلای شێوا ، تۆوی نهێنییەکی نەزانراو لە گۆڕەکەیەوە دەیڕوانی ، نیگا بچوك و تیژ ، لە پڕێکدا دەکوژایەوە و دادەگیرسایەوە،گێژەڵوکەی شارەکە بە کفنەوە مۆمیا دەبو، بەو بیر و خەیاڵەوە لێی ڕوانی :

* هاوار وەرە پشو بدە و نهێنییەکانی مەرگت باس بکە ، چونکە تۆ داوێك بویت گەرداوی جیهانت بە دوای خۆتدا هێنا .
بەو تورەییەوە چاوی لە قولایی گۆڕستانی ڕوانین بڕی .. وێنەکان لە بەر چاوی دەتوانەوە و گەورە دەبون ، لە شوشەیەکی زێڕ نەخشدا دەردەکەوتنەوە ، ئەو وێنەیەش لە خۆڵەکەوە دەبوە شوشە ، گۆڕێکی شوشەییان پێك دەهێنا و دەبونە وێنەیەکی ئەفسانەیی .. ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە پەتی جەستەی هاوار بە شەقامەکانی شارەوە ڕەنگ دەبو ، وەکو ئەو ساتەی لە ڕۆشناییدا یاری دەکرد و بە دوای ئۆتۆمبێلەکەوە لەبەر چاوی دەفڕی و وایدەزانی وەکو مەل لە شەقەی باڵ دەدات و فەزا دەبڕێت .
لەو ساتەشدا لە ناو گۆڕە شوشەییەکەوە دەیدی زیندو دەبوەوە ، بە خەیاڵ هێنایە بەر چاوی و کفنەکەی لەسەر لابرد.. ئێسقانەکانی دیەوە وەکو ئەو ساتەی ئۆتۆمبیلەکە جادەکانی پێ مۆر دەکرد .. بەو وێنەیەوە قیژاندی و گۆڕەکانی لەرزاند ، پاشان هێور بوەوە چاوی بڕییە ئاسمان ، لە گۆڕە شوشەییەکەوە هاواری دیەوە وەکو ئەو ساتانەی بە زیندویی دەیدی ، قژە خورماییەکەی ، سمێڵە زەردەکەی ، دەم و چاوە گەشەکەی ، باڵا مام ناوەنجییەکەی و پەنجە ورد یلەکانی ، نیشانەکانی سەر کوڵمی ، بۆینباخە سورەکەی .
ئەو وێنەیە خۆشی خستە سەر لێوی وەکو جاران باوەشی بۆ گرتەوە ماچێکی کرد و دەستی گوشی ، ئەوسا بۆینباخەکەی بۆ هەڵدایەوە .
بۆینباخی سور ببوە ڕەمزی هاوار ، هەمیشە بەوە دەناسرایەوە ، کە ئەوەش ئاکارێکی بو هەر لە منداڵیەوە ببوە خولیای ، زۆر جار شەوانیش پێوەی دەخەوت ، بۆیەش پرسیارێکی زۆری نابوەوە و ببوە مایەی سەرنجی خەڵکی ، ئەویش ئەو نهێنییەی نەدەدرکاند، تاقە جارێك ئەو ڕازەی بۆ سۆما دەرخست ، ئەویش زۆری بۆهێنا ، دەستەکانی گوشی و کوڵمی ماچکرد و قژی بۆ هەڵدایەوە :
* هاوار ئەگەر منت خۆش دەوێت پێم بڵێ بزانم بۆچی جگە لە لە بۆینباخی سور هیچی تر نابەستیت ؟.، ئەم ئاکارە چییە تۆ گرتوتە ؟!
هاوار تەواو خرۆشا و هەستی کرد چەقۆیەك لەسەر دڵی دەدات ، بەڵام سۆما عاشقانە هەمو ڕێگەیەکی لێگرت ، ماچێکی تری کردەوە ، ئەویش ئەو نهێنییەی بە پچڕپچڕی پێگوت :
* ڕەنگی سور جوانترین ڕەنگە لەلام ، ڕەنگی مانەوەیە و ڕەمزی ئارەزوە ... هێمای شۆڕشە و ئاڵای کرێکارییە .. ئەوە خوێندنەوەی مێشکی شوڕشگێڕێکی وەك منە .
* باشە جار جارە بیگۆڕە ، سەوز و شین و مۆر ، با ئەوەندە نەبیتە پرسیاری خەڵکی .
* دەمەوێت ببیتە پرسیار ، چونکە ئەگەر مردیشم دەبێت ئەو بۆینباخە لە ملمدا بێ بۆ ئەوەی لە مەرگ نەترسم و ڕەمزی شەهیدێکی نیشتیمان پەروەر هەڵبگرم .
ئەو پەیمانەی بردە سەر ، لەو ساتانەی کە دەچو بۆ کاری نهێنی هەمیشە بۆینباخەکەی دەبەست .. زۆر جار دەچو یەکێکی تازەی دەهێنا هەتا جوان وەکو لالە ڕەنگ بداتەوە ، دوا جاریش بەو جۆرە بو ، بۆینباخێکی ئەمەریکی پانی بەست چەند گوڵێکی لەسەر نەخشا بو ، لەبەر ئاوێنەکەدا توند بەستی ، ئەوسا تەلەفونەکەی هەڵگرت زەنگێکی لێدا و دانیشتەوە ئەوسا لە خۆی ڕوانیەوە :
* کەس نامناسێتەوە .. هەرگیز هاوار دو مانگە لەبەر چاو نەماوە ئێستا قەڵەو بوم .
بەو قسەیەوە هاتە دەر سواری ئەو تاکسییە بو کە لە بەردەرگا وەستا بو ، کاتێك دەرگاکەی داخست شۆفێرکە قاچی لە بەنزین توند کرد :

* ئەتۆم چاوەڕوانە دەبێت زو بگەینە لای ، بیست چرکەی تر بەڕێوەبەری ئاسایش دێتە دەر .
شار شڵەژابو هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان و ناو بازاڕ بە هێز بو ، ئۆتۆمبێل بە دوای یەکدا ڕیزەیان بەستبو ، دەنگی هۆڕین و هاوار و قیژە تێکەلاو ببون .. منارەی مزگەوتەکان بە بانگی نیوەڕۆ دەلەرانەوە ، ئۆتۆمبیلەکەش لە بەر دەرگایەك وەستا ، لاوێکی بالاّ بەرز یەکسەر دەرگاکەی کردەوە و سوار بو :
* تۆزێك خێرا هاوڕییان چاوەڕوانن .
ئۆتۆمبیلەکە بە خێرایی کەوتە رێ ، پاش ماوەیەك لە ژێر باڵەخانەیەکدا وەستا ، ئەوانیش دابەزین ، هەر یەکە لە لایەکەوە وەستان ، چەند لاوێك لەم لاو لاوە لێیان ڕوانین ، هەمو یەکتریان ناسیبوەوە ،لاوێکیش بەجلی دڕاوەوە زەمیلەیەك مریشکی بە دەستەوە گرتبو بە دەم هاوارەوە بەرە و پێش دەچو ، لەوانی ڕوانی هاوارێکی کردەوە :
* مریشکی خۆماڵی .
پاش چەند چرکە هەمو نزیك بونەوە لە شۆستەکە و چاویان بڕیە ئەو دو ئۆتۆمبیلەی بەرە و ڕویان دەهات ، هاوار کت و پڕ چوە لای مریشك فرۆشەکە .. ئەویش زەمیلەکەی دانا یەکسەر ئەڵقەی قومبەلەکەی دەرهێنا و هەڵی دایە ناو ئۆتۆمبیلەکە ، ئەوسا ویزیبیەکەیشی دەرهێنا و ڕوی تێکرد ، لەگەڵ دەست ڕێژەکەی ئەمدا چەند قومبەلەیەکی تریش هەڵدرانە ناو هەردو ئۆتۆمبیلەکە و بە دەست ڕێژ دایان بێژان ، ئەوسا دەست ڕێژ بەرە و ڕویان هات هاوار و ئەتۆم بەیەکەوە پێکران و بەسەر زەویەکەدا کەوتن ، دەست ڕێژیش ناو خەڵکەکەی گرتەوە فرکە فرك و ڕاکردن دروست بو ، هەر جەستە بو دەکەوت بە گوللەدا دەبێژرا و بە هیچ جۆرێك نە دەناسرایەوە ، تەنیا جەستەکەی هاوار بە بۆینباخە سورەکەیەوە وەکو گزنگ بەسەر تارای سور باوی خۆرە کەدا دەتەقیەوە و بەو ڕەمزەوە دەناسرایەوە .
لەو ساتەشدا لەو گۆڕە شوشەییەوە بۆینباخەکەی دیەوە بە وردی لێی ڕوانی ..وەکو ئەو ساتەی یەکەم جار هاتە بەر دەرگاکەیان و بۆینباخەکەی سەرنجی ڕاکێشا :
* سۆما ئەو کوڕە کێیە ؟
سۆما لەو پرسیارە شڵەژا نەیوێرا وەلاّمی بداتەوە ، شەونم دەرگاکەی لە سۆما داخست و بە هێمنی تێیگەیاند :
* ئەوە هاوارە هاوڕێی سۆمایە و لە زانکۆ پێکەوەن .. هیوا و شۆڕشیش دەیناسن کوڕێکی تاقانەیە.. ڕەوشت بەرزە .
ئەو قسەیە گومانێکی بۆ دروست کرد خستییە بیرێکی قوڵەوە.. کاتێکیش ئێوارە هات هەر ماخۆلان گرتبوی ، چەند جارێك لە ژنەکەی دو پات کردەوە :
* سۆما بۆچی نەهاتەوە دەترسم .. ئەمرۆ قوتابیانی زانکۆش مانیان گرتوە ئەم کوڕە دو مەترسیم لێی هەیە.. زۆر دەترسم سۆما منداڵە .
لەو ساتەدا تاکسییەك لەبەر دەرگا وەستا .. هاوار بە باوەش سۆمای هێنایە ژورەوە دەستی بە پەڕۆیەکی سپی بەسترابو ، یەکسەر لە هەیوانەکە دابنا و ئەوانیش شڵەژان ، گریان گرتنیەوە ، ئەویش پە نجەی بە لێویەوە گرت :
* بێدەنگ بن هیچ نیە ... گوللەیەك دەستی گرتوە برینەکەی سوکە و دکتۆری خۆمان دوریوێتییەوە و پێویستی بە هیچ نییە .
ئەوەی گوت سەیری سۆمای کرد :
* سۆما من کارەکانی ترم هەیە بڕۆم کارێکت نییە؟.
سۆما چاوی هەڵهێنا ، لە کاتێکدا بەدەم ژانەکەیەوە جیهانی دییەوە لێوی جولاّند :
* نابێت بڕۆیت ئەمرۆ تۆ منت لە دەست بکوژان ڕزگار کرد دانیشە نان بخۆ ئەوسا بڕۆ .

* ناتوانم دەزانیت کارم هەیە .
بۆینباخەکەی هەڵدایەوە و لە دەرگاکە چوە دەر .
لەگەڵ زرمەی دەرگاکەدا سۆما دڵی داخورپا باوکیشی لەرزی و هاتە ژور سەری :
* ئەم کورە ناناسم دەترسم توشی کارەساتێکت بکات :
سۆما بەشەرمەوە زاڵ بو بەسەر خۆیدا و بە ڕاستی لەو گومانە دوری خستەوە :
* باوکە ئەگەر ئەو نەبوایە من دەگیرام بەو بریندارییە بەجێ مام.. یەك قوتابی نەهات بە لامەوە هاوار نەبێ.. بە هاوار نەبوایە ڕزگار نەدەبوم .
* چۆنی ڕزگار کردیت !
سۆما چاوەکانی نوقاند وێنەی هاواری هاتەوە بەرچاو کە گوللەکەی بە سنگی سەربازەکەوە ناو سۆمای کۆڵ کرد ، چەند دەست ڕێژ و فیشەك بە لایدا هات فرێی نەدا تا گەیاندییە کۆڵانەکە .. بەو وێنەیەوە لێوی جولاندەوە :
* هەر چۆنێك بو ئەو نەبوایە من ئێستا گیرا بوم ڕەنگ بو بشمکوژن .. لەو ساتەدا شەونم هات بە بۆڵە بۆڵ کۆتایی بەو گومانە هێنا :
* پیاوەکە ئەم هەمو پرسیارەت لە چییە تۆ سۆما بە منداڵ دەزانیت ؟.. ئەو هاوڕێی کەسێکە لەم شارەدا وێنەی نییە.. تۆ نایناسیت ، ئەوە بۆینباخ سورە،کەسێکی مەرد و بە هەڵوێستە ..خیانەت لە بیر و باوەڕی خۆی ناکات .
ئەو قسەیە بێدەنگی کرد تەنیا بیری لە هەڵوێست و بۆینباخ کردەوە .. بۆینباخی سور چەند جارێك لەبەر خۆیەوە گوتیەوە ..
لەو ساتەشدا لە گۆڕە خەیاڵیەکەیەوە بۆینباخەکەی دی ..لەرزی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە قولایی ژیانیدا ڕۆ چو .
ئەو وێنانە ڕەگی گومانێکی قوڵ بون کە سەرتا پای ژیانیان گرتبو، ساڵانێکی زۆر بەو ژەهرانەوە شە پۆلی شاری دەخوێندەوە و بە گەڵای ئەو گومانانەوە چرکەی زەمەنی خوێنی دەنەخشاند .. لەو ساتەشدا لەگەڵ بەرگی زەویدا بەشەڕ دەهات دەیویست تاریکی بکێشێ و جارێکی تر خۆر هەڵنەیەتەوە .. هەتا زەمەنێك لە پشتی ئەو ڕوداوە دا دروست ببێ بەو بیرەوە موچڕکەیەك گرتی ڕوی لە شارەکە وەرگێڕا.. دڵی گومانی گەردونیان تێك دەدا و دروستیان دەکردەوە.. بەو خەیاڵەوە مۆمیای ڕوانینێکی هەتایی ببو .

***** ***** *****

بێدەنگی گوندەکەی گرتبو ، جریوەی مەل و باڵندەش کپ ببو ، حە پەی سەگەلیش لە هاڵاوی دەمیانەوە خنکا بو ، لاڕێ و بنار و پێدەشت و لا پاڵ ڕاڕەویان لەسەر نەبو ، هەناسەی خەڵکی لە تول بەند و لولە زۆپاکانەوە بۆ ئاسمان دەکشا ، تاقە شتێك لەو گوندەدا تەنیا تەونەکەی میمکە بو چرکەی دەهات و لەگەڵ هەنگاوەکانی کفن پۆشدا جوت دەبون ،کە بە پرتاو بە ئاڵوزی گومانەکانییەوە بۆ ناو دێ دەهاتەوە ..لە پڕ هەڵوێستەیەکی کرد و ساتێك بە قوڵی لێی ڕوانی.. بە دەم پە نجەکانی میمکەوە وێنەکان لە لای تێکەلاو دەبون ، تۆڕی گومانیش پتر دەیگرتەوە و هەستی دەکرد ڕوبەری فەزای بون مین ڕێژکراوە و جەستە و ڕۆح دەتوێنێتەوە .
گومانی ئەو کارەساتە ڕوانینی پۆشیبو. کاتێك گەیشتەوە ناو دێ ساتێك لە ماڵەکانی ڕوانی ئەوەندەی تر ڕەگ و ڕیشاڵی ڕیشەکێش دەبو ، ناچار بە خێرایی چوە ناو ژورەکەی کەوتە هەڵبەز و دابەز.. قیژە و هاواری کرد چاری نەبو ، ناچار


www.pertwk.com

شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا کەوتە جەنگی خەیاڵی ، لەگەڵ تاڵە دەزوی ژان و گومان و ڕاڕاییەکەیدا دەجەنگا ، پاش ئەوەی ماوەیەك ئەو جەنگەی کرد بە تەواوی شەکەت بو ، عارەق سەر جەستەی نیشتبو ، بە هیلاکیەوە ڕاکشا و لە ساتێکدا لە ناو تۆڕی جە نجاڵیدا چاوی چوە خەو .

منداڵان بە فڕکە فڕك دێیەکەیان وروژاند ، خەڵکی بۆ ماڵی حەمە سور هەڵدەگەڕان ، میمکەش چە پکە ڕێحانەکەی بە دەستەوە گرت و لەسەر تەونەکە خۆی تەکاند و بە پەلە کەوتە ڕێ ، بەدەم هەنگاوەکانیەوە شیوەنی دەکرد :

* پێدەچێت ئەم ولاٌتە ئاو بیبات .. ئیتر شەرمن و عالەم هەمو پێکەوە گیان دەدەن ... شەرمن تاقە کیژەکەی گوندی بە مەرگی ناوادەی کفنی بۆ ئێمەش بڕی .

شەرمن چاوی بڕیبوە بنمیچەکە و لە ژێر لێوەوە ورتەی دەهات ، میمکە چە پکە ڕێحانەکەی خستە ژور سەریەوە و ماچێکی کرد ، ئەوسا سەری بۆ شێلا و دەستە سڕی بە ناو چاوانیدا هێنا و ساتێك دەستی خستە سەر دڵی ,, پاشان لە نیگای ورد بوەوە ئەوسا بە نا ئومێدیەوە هاتە دەر ، لەسەر بانیژەکە ئەو نهێنییەی درکاند :

* با هەناسەیەك هەڵبمژێت بەڵکو چاو لە نابینا بتۆرێنێت و لەم مەرگە ڕزگاری ببێ .

ئەو ڕستەیە لە دوای خۆیەوە گومانێکی بلاٌوکردەوە هەموی خستە سەر لەرز ، بە تایبەتی باوکی بە یەکجاری تۆڕی مەرگ پێچایەوە و هیچ ئومێدێکی نەما .. ناچار دەستی بۆ حەوا بەرزکردەوە و بە پرتە پرتەوە هۆمەری بانگ کرد :

* هۆمەر وەرە ئەو دو مەڕە سەر ببڕە ... دابەستەن بە ڕێکی بەسەر خەڵکی ئەم گـــوندەدا دابـــەشیـــان بکە .

منداڵان لە خۆشیان هەڵدەبەزینەوە ..خەڵکەکەش بەو تامەوە چاویان لە مەرگ تۆراند ، هۆمەریش بە کت و پڕیەك سەری بڕین و حەمەلاو کەوڵی کرد ، ئەوسا بە جوتە لەت و پەتیان کردن و گۆشتەکەیان دابەش کردن، منداڵان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان تەقەیان لە دەرگاکانیان دەدا ...

ئاگر ماڵەکانی گرتەوە بۆنی گۆشت و دوکەڵ دێیەکەی پڕ کرد ، شەڕە پشیلە لە ماڵەکاندا دروست ببو تێکەلاٌوی قروسکەی سەگەل دەبو ، تاقە ماڵێك کە ئاگری تیا نەکرا بوەوە ژورەکەی کفن پۆش بو ، ئەویش ڕا پەڕی و چیلکە و چەوێڵی کۆکردەوە و گڕی بەرز کردەوە ، ئەوسا دو شیشی داتاشی و گۆشتەکەی برژاند ، لەگەڵ زنجیرەکانی زەمەندا پاروەکانی دەجوی ، لەگەڵ دوا تیکەشدا وێنەی گۆڕە خەیاڵییەکان گرتیانەوە ، گێژەڵـوکەیەك لە ڕوانینیدا هەڵـی دەکرد زەوی دە پێچایەوە ، بەو هێزەوە وشك بو ، ساتێك بە بێدەنگی لە ئاسمانی ڕوانی .

پۆلێك ڕیشۆڵە بە ئاسماندا کشان ، ساتێك بێ پشو لێی ڕوانین سێبەریان بەسەر دێیەکەدا دەهات .. کاتێك دور کەوتنەوە بایەکی بەهێز هەمو ڕوانینی گرت لە جێگەی خۆیەوە قریشکاندی ، ئەوسا شمشێرەکەی بە دەستەوە گرت و بە پڕتاو بۆ گۆڕستانەکە کشا ... لەسەر قسنەکە قاچی ڕاست و چەپ کرد و بـــە شمشـــێرەکـــەش جەنـگـی لـــەگـــەڵ شـــە پۆلەکانی با یا دەکرد وەکو هەیکەلێکی ئەفسانەیی دیاری دەدا :

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە سات بە سات پتر بیر و هۆشی دەئاڵـۆزکا و هۆشی بە ژیان نەما ، هەزاران وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ هێرشیان بۆ دەهێنا.. لە تاوا پڕ بە گۆڕستانەکە قیژاندی !ئەوسا کەمێك هاتەوە سەر خۆی ..ڕەنگەکان لە مێشکیدا جیا دەبونەوە و تێکەلاٌو دەبونەوە .. ئەو دەنگە نەبینانەی خۆڕسك لە گۆڕەکەیدا مێشکیان دەزرگاندەوە .

بەو هێزەوە بە لا پاڵەکەدا سەرکەوت چەندە خۆی بە دار و بەرد و تاوێردا کێشا چاری نەبو ، ناچار گەڕایەوە ناو دۆزەخی ژورەکەی ، پاش ئەوەی بە پەلە نان و چای ئێوارەی خوارد ئەوسا بەرماڵەکەی ڕاخست ، هەمو شتێکی لە بیر خۆی بردەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا سات بە سات دروست دەبونەوە و دەیان وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ دەهاتنە ناو نیگایەوە .

تاریکی باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا بو ، کزەیەکی بەهێزیش دەکشا ، لورەی گورگ و چەقەڵ لە شاخ و کێوەوە دەهات ، سەگەلی ئاواییش قروسکەیان دەکرد ، چەند ئاوازێکی ترسناك بە تێکەڵی بەرز دەبووەوە ، دەنگی مرۆڤ و سروشت و باو جریوەی مەل و باڵــندە هەمو بە یەکەوە دەنگێکیان پێك دەهێنا و پەرش دەبونەوە .

ئەو دەنگانە لەگەڵ دەنگە نەبینەکان بە تێکەڵــی گوێچکەیان دەگرت و سەدان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگیش لە گۆڕستانەکەوە ڕۆشناییان دەپۆشییەوە .

لەگەڵ ئەوانەشدا دەیویست بە کەفی ڕۆحی مردوەکان بدوێنێت و شێخە تاقانە بهێنێتە قسە ... ماوەیەك بو بە تۆڕی گومانەکانیەوە بیر و هۆش و هەست و ڕوانینی پەیوەستەی گۆڕەکان کرد بو مردوەکانی دەخستەوە بەرچاوی و لە گۆڕەکانیان دەیهێنانە دەرەوە.. کفنەکانیانی فڕێ دەدایە ناو دەریای ڕوانینەوە .. بەو جۆرەش کۆلارە خەیاڵییەکانی خستە فەزای گۆڕستانەکەوە و چەندە هەوڵــیدا مردویەك قسەی لەگەڵــدا نەکرد ، سات بە ساتیش دەنگی نەبین گوێچکەی دەگرت و وێنەکانیش لەبەر چاوی زیندو دەبونەوە ، لە پڕ مردویەکی بە خەیاڵ ڕاکێشا بە کۆلارەکەی هێنایە بەردەمی و ورد لێی ڕوانی .. خوێناو بە کفنەکەیەوە ڕەنگ ببو ، هەر وەکو تازە نێژرا بێت .. لە ڕەنگ و ڕوی ورد بووەوە دڵــۆپێك فرمێسك بە پێڵــویدا خزا :

* مستەفا دەزانم شەونمت بە برینداری کۆڵ کرد بۆیە گوللە باران کرایت .. کەسێك نەگەڕایەوە سەری تۆ نەبیٚ ... هۆمەر سواری ئێسترەکەی نەکرد تەنیا تۆ کۆڵــت کرد ... پێدەچێت لەگەڵ دوا هەناسەیدا قسەیەکی کردبێت .. ئەوەش تەنیا لە ڕوانینی تۆدا ماوە ... ئیتر هەستە وەرە لە گەڵــماندا بژی و باسی مەرگ بگێڕەرەوە .

بەو قسەیەوە زنجیرەی فرمێسکەکانی ڕیز بون ، چاوەکانی وەکو تیشکێکی ناو زەریای لیٚ هات وێنەکەش گەورەتر دەبو :

- ئەو ساتە زانیمان کە گوللە باران کران .. من و حەمکۆڵــی باوکت لە ئەشکەوتەکەوە ببوینە سوبرمانی مەرگ .. چەند جار جیها نمان کاول کرد.. ئەو سوپایەمان لە ڕوانینماندا تەفر و تونا کرد کەچی چار نەبو ئێوە هەر ..

ئەو وشانەی لە قوڕگیدا خنکاند ، لەگەڵ قوڵــپێکی بەهێزدا پەتی کۆلارەکەی پچڕاو لە ناو شەپۆلی گێژاوی یادەکانیدا مات بو .

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا لە ڕوانینی قسنەکەوە ڕوی کردە ئاسمان دوا هیوای خۆی دەرخست :

* شێخە تاقانە من لە گوندێکی ئابڵــۆقە دراو دام پابەندی ئەو جەستانەم کە لێرەدا بون بە خۆڵ ، جگە لەوە هیچ ناسنامەیەکی ئێرەم نیە ، خەڵــکی شارستانیەتی مەرگم ، ئیتر حەزم بە مەرگێکە کێل و خۆڵ و بەرد ببنە هاوسەر و براو منداڵــم .

بەو قسەیەوە لە ماڵەکانی ڕوانی ، سات بە سات ڕوانینی ئاڵــۆز تر دەبو ، گومانێك گرتبوی هۆشی بە خۆی نەما بو ، بروسکەی کارەساتەکان لە مێشکی دەدایەوە ، لە پەناگای گوندەکەوە بەسەر فەزای شار و جیهاندا تیشکی دەدایەوە و بۆ چرکەیەکیش نەیتوانی وێنەیەکی شار ببینیٚ ، بۆیە چاوی لە شەپۆلی گڵــۆپەکانی تۆراند و بە فەزای دێیەکەوە پەیوەست بو ، بەو زەویە تاریکەی هەمیشە لەبەر چاویدا سور دەبووەوە و دەبو بە دۆژە سارای مەرگ و پەیوەستەی گرکانەکانی ببو ، هەر ئەوانەش بەو خاکەوە گیرساندیانەوە و نەیتوانی بۆ تاقە ساتێك لە هیچ پەناگایەکی تردا دابنیشێت .

لەو ساتەشدا تاڵە دەزوەکانی لە مێشکیدا ڕاست بونەوە ، ڕوانینی هەڵــدەفڕی و ڕەگی شێتی دەیگرتەوە و هۆشی بەلای خۆی نەما بو ، وێنەکان بە جۆرێك دەهاتنە بەرچاوی جەستەیان دەپۆشی لەوەدا بو بە یەکجاری جەستەی ئە نجن ئە نجن بکەن ، بەو شالاوەوە لە جێگەی خۆیەوە ڕاست بووەوە قیژاندی ، ئەوسا شمشێرەکەی لە کێلان هەڵــکێشا و کەوتە شەڕی خەیاڵــی ،

بەوەش چاری نەبو وێنەکان سات بە سات گەورەتر دەبون و پەرەیان دەسەند ، هەمو ڤوژبنێکی ژیانیان لێدەگرت ، ئەوسا بە دەست و ڤاچ کەوتە پەل و پۆ و سەری ڕادەوەشاند ، ڤریشکەیشی ژورەکەی پڕ کردبو .

ئەو ئاڵۆزییە بەر لە کارەبای نەخۆشخانەکەش گرتی ، شەپۆلی با لە ڕوانیندا ببونە ملیۆنان وێنە و بە جارێك فەزایان پر کردبوە و هەمو شالآویان بۆ دەهێنا و هەرچی دەکرد ڕزگار بونی نەبو ، دەست و ڤاچی دەوەشاند و ڤیژەی دەکرد ، لەسەر شۆستە و کۆلآن و ژور و ماڵدا بەو جۆرە جەنگی جەستەیی دەکرد ، توشی حاڵەتێك هاتبو ناوی شێتەی بەسەردا دابڕا بو .

بەردە فڕکێ و شەق وەشاندنی لە شارەکەدا دەنگی دابوەوە ، ئەو وێنانە هەمو هوروژمیان بۆ دەهێنا و بە کۆلارە خەیاڵیەکانی شەڕی لەگەڵ دەکردن ، تاڵە تاڵە دەزوەکان دەپچڕان و تێك دەئالآن ، پزیشکەکە هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا چاری نەبو ، ناچار مێشکی لە کارەبا دا بەوە کەمێك گۆڕا ، ئەویش بیری لە نەخشەیەکی تر کردەوە ، بۆ جاری دوەمیش کارەبای بۆ هەڵبژارد و کاتێك هەردو وایەرەکەی بە لەزگە لەملاو لەولای سەری بەست داچڵەکی وای دەزانی پۆلێك کۆتری باڵ نەخشین دەبینێ ، ئەویش سەری سوڕمابو ، کاتێکیش بەر لەوەی پەنجە بە پلاکەکەدا بنێ ئەو هەر ڕوانینی هەتەر دەدا و تۆڕێك گرتبوی لە پەل و پۆ و هاوارەوە کەوتە ڕوانینی شەپۆلێکی نەبین ، شەپۆلی بیرەوەریە ترسناکەکان لەلای تێکەڵ دەبو ،

ئەو تەزوە وێنەیەکی لەبەر چاویدا زیندو دەکردەوە وەك ئەو ساتەی تەرمەکەی سۆمای لە ڕاڕاوەکەدا بینی دەست و ڤاچی درێژ ببون ، ملی بە سەرپۆشەکەیەوە پێچرا بو ، هەردو مەمکی بەسەر سنگە دەرپەڕیوەکەیدا بەرز ببونەوە ، بەو وێنەیەوە ڤیژاندی کت و پڕ دەست و ڤاچیان گرت ، ئەویش وەك خۆی مایەوە سکێکی ژەم بوردەی بە فەزاوە دەدی ، پزیشکەکەش پەنجەی بە پلاکەکەدا نا ،. ئیتر لە ڤیژە کەوت ، .بێ دەنگ بو ، .جەستەی سڕ بو. ، لە ناو وێنە سوتاوەکاندا مات بو ، لەو ساتەشدا ئەو وێنانە دروست دەبونەوە ،. ون دەبون ،. وەك ئەو جارە شێتی گرتبوی ،

لەو کاتەوە ڕوداوی وا ترسناکی نەدیبو ، بەو جۆرە بیباتەوە حاڵەتی شێتی کەچی لەو ساتەدا هەمان چەشنی لێ بەسەر هات و هەرچی کرد ڕزگاری نەبو .

شەوێکی تر تۆڕێکی لەو جۆرە گرتی ، پاش ئەوەی ئەو ڤاپە ترخێنەیەی هەڵقوراند کە لە مالآنەوە بۆی هاتبو .. ئیتر ئارامی لێ بڕاو لە تاودا لە ماڵ دەرچو ،. یەکڕاست خۆی بە گۆڕستانەکەدا کرد ، چەندە گریا و پاڕایەوە چاری نەبو ناچار لە خۆڵەکەیدا تلایەوە ، ئەوسا نوێژی کرد ،. پاشان کەوتەوە گریان لە ناکاو دەنگێك هاتە گوێی سات بە سات پەرەی دەسەند و گەورە دەبو.. ئەوسا وەك دەنگێکی گەردونی گوێچکەی دەگرت.. وای دەزانی بای نەفخە و چەند ساتێکی تر جیهان کاول دەبێت ،. زەوی هەڵدەگەڕێتەوە ،. ئەوە کت و پڕ لەو شپرزەبییە ڕزگاری کرد و بە چاوەڕونی کۆتایی بونەوە بۆ ژورەکەی گەڕایەوە .

لەو ساتەشدا ئەو تۆڕە ئاڵۆزتر دەبو هیچ هیوایەکیان بۆ نەهێشتبوەوە توانای تەنیا پشویەکی نەبو. ، لە وێنە ئاڵۆزکاوییەکانیەوە هەر گڕکانی دەگرت ،. ماوەیەك بەو حۆرە ماخۆلان گرتی بە هەمو هێزی سەری بە دیوارەکەدا کێشا و گێژ بو لە جێگەی خۆیدا تلیسایەوە .

کاتژمێرێك بەو جۆرە کەوت ژان هەمو ئەندامەکانی گرتبوەوە ، خۆی سوڕاند ئێسقانەکانی پشتی تەقین ،. دەنگێکی بەهێزیش گوێچکەی گرت ،. بەو هێزەوە هەستا بەرماڵەکەی ڕاخست و نوێژی کرد ، .ئەوسا هاتەوە لای پەنجەرەکە پشویەکی داو چاوی لە ماڵەکان بڕی تاقە چرایەك سەوز دەسوتا.. ورد لێی ڕوانی بزەیەکی کەوتە سەر لێو :

* مەحسومە منداڵی بوە .


www.pertwk.com

بەو قسەیەوە سەرینەکەی ڕاکێشا و لە جێی خۆیدا ڕکشا ، لە ساتێکدا لە ناو تۆری گومان و بیرکردنەوە و ڕاڕاییدا خەوی لێکەوت .

بەیانی لەگەڵ خۆر هەلاتندا لە دەرگایان دا چەند جار بەهێز کوتایانەوە ئەوسا ڕاچەنی لە کاتێکدا چاوی هەڵگـلـۆفت بە پەلە هەستا دەرگاکەی کردەوە ، لە ڕوانینی بەردەرگا و دیمەنی دێیەکە هەراسان ببو ، بەو شڵـەژاوییەوە بیرە پەرشەکانی سەر وبن کرد :

* حەسەن دەڵـێی گوندەکە کاول دەبێت .

حەسەن شڵــەژابو لە کردنەوەی دەرگاکە و ئاڵــۆزی کفن پۆش توشی دڵە لەرزە هات ، ساتێك خۆی خواردەوە ئەوسا چەند وشەیەکی دەرپەڕاند :

* ماڵــی حەمەلاو بار دەکەن بۆ شار ئیتر گوندەکەش بەرەو کاولی دەچێت .

ئەو قسەیە دڵی خستە سەر خورپە ، بە پەلە پێلاوەکانی لە پێ کرد و لەگەڵ حەسەن کەوتنە ڕێ ،

گوند شڵــەژانێکی گەورەی تێکەوتبو ، بانیژەی ماڵی حەمەلاو ئاپورە درابو ، ژنان دەگریان و منداڵان هەڵـدەبەزینەوە ، پیاوانیش باریان بار دەکرد ، کاتێك کفن پۆش گەیشتە لایان نەخشە و شەرمنیان لەسەر باری ئێسترەکانەوە سوار کرد و ولاخەکان کەوتنە ڕێ ، ئەویش دەستی بۆ بەرزکردنەوە و گریا ، نەیتوانی تاقە وشەیەك بڵــێ , ئەوانیش کەوتنە سەر ڕێی شار هەمو بە گریانەوە لە یەکتریان دەڕوانیەوە , کاتێکیش گەیشتنە نەدیوی هەر گریان ، بەو دەرونەوە چو نە ژورەوە تاقە کەسێك لەو گوندە هەر لێی دەڕوانین لە نەدیویدا دەیهێنانەوە بەرچاو نەرمین بو ، لەسەر بانیژەکەوە دەلەرزی و قولایی چاوی بڕیبوە شەرمن ، لە فەزای ڕوانینیدا بانگی دەکرد و ئەویش لە ناو کۆڵــی ئێسترەکەوە ئاوڕی دەدایەوە ، یاری دەکرد ، هەردو بەو وێنە خەیاڵـیەوە دەلەرزین .. لەرزێك بە جوگرافیاوە دیاری دەدا و لە ناو شە پۆلەکانی بادا ڕەنگی دەدایەوە .

********************************* ***** *****

4

## مانگ لەسەر کەلەوە تیشکی دەگرتە خامۆشی

**گۆڕستانەکە ، هەوایەکی هێمن لە شاخ و کێوەو ە دەکشا و لق و چڵـی دارەکانی بەیەکدا دەدا ، بێ**

دەنگی زەوی خستبوە سەر پشو ، چرا و فتیلەکانی گوند کوژابونەوە ، کێلە سپییەکان بە تروسکەی ئاسمان و شەوقی شارەوە دەدرەوشانەوە ، نیگای کفن پۆشیان بە شەوارە دەخست ، لە کاتێکدا پاڵـی بە کێلێکی قسنەکەوە دابو بروسکەیەکی مەترسی دایدەگرت ، بە خەیاڵـێکی قوڵـەوە ڕۆشنایی هەتەر دەدا و یاری لەگەڵ ڕحی وەریودا دەکرد .

دەنگی دو پشیلە لە ناو ماڵەکانەوە بەرزبووەوە ، قروسکەی سەگەلی ئاواییش بە دەنگەکانی ترەوە تێکەلاّو دەبون ، کفن پۆش بەو دەنگانەوە داچڵەکی و خامۆشی گوندەکە کارەساتێکی لە مێشکیدا دەنەخشاند ، لەگەڵ بیرە جە نجاڵـیەکەی خۆیدا تێکەلاّو بون ، بەو ڕوانینەوە سەری بەسەر کۆشیدا شۆڕ کردەوە :

* نیشانەکانی دوا ڕۆژی ژیان دیارن .. جیهان هەمو شیرازەیەکی پچڕاوە و دوا کەشتی بون بۆ هەسارەکانی تری گەردون دەڕوات .

بەو قسەیەوە دەستی بەسەریەوە گرت و پشویەکی دا ، ئەوسا لە قەراخی قسنەکەدا ڕکشاو پشوی ئەو هیلاکیەی دەدا کە ئەو ڕۆژە بە ڕەگی گومانەکانیەوە چەشتبوی ، بەو ژانەوە لە ئەستێرەکان ورد بووەوە و نیگای بڕییە ئاسمان ئەستێرەی ژمارد :

* دوای بای نەفخ ئاسمان و زەوی لول دەبن ، تەنیا ئەستێرەکان دەمێننەوە ، ئەوان چرای هەتا هەتایی بون و نەبونن ، هەمو نهێنییەکانیش لەلای ئەوانە کە ئێمە ناتوانین بچینە ناویان و تاقە ئەستێرەیەکیان تاقی بکەینەوە .

بەو بیرەوە بە قوڵی چاوی بڕییە مانگ ، لە مەریخ و زوحەل موشتەری ورد بۆوە ، کۆلارەیەکی خەیاڵـی گرتە مانگ ڕایکێشا و بە زەویدا کێشا ، لەو ساتەدا داچڵـەکی و قریشکەیەکی کـرد لــەرزێــکی کت و پڕ گرتیەوە .

ساتێك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا کۆلارەیەکی گرتە زوحەل ڕایکێشایە بەردەمی بە خەیاڵ لە کون و قوژبنی دەڕوانی ، دەیویست نهێنییەکانی بزانێت بەو هیوایەوە قولاّیی چاوی تێبڕی :

- پێویستە بە زمانی مەرگ قسەتان لەگەڵـدا بکەم ، چونکە نازانم ئەو کەسانەی لەم هەسارەیەدا دەژین چۆن دەدوێن ؟.، وەرن چی تێدایە مرۆڤـ و نابینا قسەم لەگەڵـدا بکەن ؟.. من نوێنەری جیهانێکی گلاّوم دەمەوێت ڕازی یەکتری بدرکێنین ..
- بەو قسەیە بێ دەنگ بو ، ساتێك گوێی گرت وەلاّمێکی نەدرایەوە دەزوەکەش لە دەستی پچڕا .. ئەوسا لە بۆشایی مانگ ورد بۆوە ،. جارێکی تر ئەستێرەی ژماردەوە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر ، هەتا دەمە و بەیانی بەو جۆرە بو مێشکی بە تەزوی فۆتۆنات پێچرابۆوە و ئەو کاتەش بە نالەیەکی دڵ تەزێنەوە ڕاست بۆوە و بۆ گوندەکە هەنگاوی هەڵـهێنایەوە ،
- ئەو شالاّوە کـرۆکـی ئەو گومان و بیرە تێك چرژاوە بون کە لە گۆڕستانەکەدا بە هەمو ڕوبەڕی گەردونەوە بینی ، دەیویست بە کۆلارە خەیاڵـیەکانی پارچەیەکی نوێ بدۆزێتەوە جیهان تەخت و کاول بکات ، بەو بیرەوە لە ئاسمانی دەڕوانی هەوای سەر زەوی لەبەر چاو کەوتبو ، ئەوەش هیوایەکی زڕ بو چەندی کرد ئەو فەزایەی نەدۆزیەوە ناچار بەرەو شار وەردەچەرخایەوە ،
- گوندەکە ڕوبەرێکی فیزیکی لە نەخشەی کارەساتەکان خستبوە مێشکییەوە بە کەلی ئاوابون و کۆتایی دەزانی ..هەر لەو خاکەوە هەستی بە بای نەفخ دەکرد و دەیویست بە کۆلارەکانی جەنگێکی جیهانی بکات ,, ئەو زەوییە ئەفسانەیەکی گەورەی بۆ سازاند بو.. شێ و ڕوبەر و هەناسە و گژ و گیا و باڵـندە و گیانداری بە زمانی کۆتایی دەزانی

و هەمویان لەبەر چاوی ون دەبون و ئامادە دەبونەوە .. ڕۆژانە چەند جار گوندەکەی لەبەر چاودا دەبو بە سەراب.. هەر لە پڕ دەردەکەوتەوە پاش ساتێك هیچ شوێنەوارێکی نەدەمایەوە

ئەو ئەفسانەیە دەمێك بو ببوە تۆڕی گومانەکان هەر لەو ساتەی کە یەکەم جار قاچی خستە ناوی و لەرزی مێشکی گوشی.. هەستی کرد کە کەوتۆتە جیهانێکەوە ئاو و هەوا و شێوە و ڕەنگی جیاوازە لە شوێنەکانی تر ..لە ناو شەپۆلی کوشتاریشدا ئەو پەردەیەی تۆش هات ..ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو تورەییە دەیگرتەوە هەتا لە شەڕی کراس سپییەکاندا بە یەکجاری بو بە پۆشاکێکی گشتی و جەستەی پۆشی لەگەڵ گرمەی زرێپۆشەکان و دەنگدانەوەی تەقینەوەی تۆپەکانیان و دەسرێژی دۆشکا و چەکە قورس و سوکەکاندا ئەو گومانە هەمو ڕوانین و بیر و هۆشێکی پۆشی بو، لە ئەشکەوتەکەوە کۆلارە خەیاڵیەکانی خستە کار بەرە و ڕوی سوپاکە .. کاتێك کراس سپیەکانیش هەڵـهاتن ئەو هەر جەنگی دەکرد و بە کۆلارەکانی هەر جارە زرێپۆشێکی دەسوتاند و پۆلێك سەربازی هەڵـدەگێڕایەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەسرێژ لە ژن و منداڵ دەکرا ، گوندەکەش بە ئاگری تۆپەکان دەسوتا .

ئەو جەنگە خەیاڵیەی بۆ یەکەم جار لەو ڕوبەڕو بونەوەیەدا کرد ..لە کاتێکدا ژن و منداڵ و لاو ڕیز دەکران بە گوللە جەستەیان دادەبێژرا ، لەو ساتەی کۆمەڵـێك گوللە باران کران .. ناچار کۆلارەکانی زیاد کرد ، مێشکی ببوە کۆمپیوتەری جەنگ ، ئەو تاڵە دەزوانەی ڕاگرتبو چەند جار ئەو سەرباز و زرێپۆشانەی بردە هەوا و فڕێی دانەوە زەوی و بە خەیاڵ هەپرون بە هەپرونی کردن ،. کەچی هەر دەنگ و زرمە بەردەوام بون ..بەو ڕقەوە جیهانی هەڵگێڕایەوە ،. کەچی دەسترێژ هەر دەکرا و تۆپەکانیش دەتەقینەوە ، لەو ساتەوە ئەو گوندە لەلای بو بە پرۆڤەی کۆتایی بون ، ڕەمزی ئاڵـتونی ئـەفـسـانـەیی دەنواند و وایـدەزانی کـلاو ڕۆژنەی زەمەنە و لەوێوە فو بە هەناسەکانی بوندا دەکرێت .

لەو ساتەشدا بەو بیرەوە بەرە و دێ هەنگاوی دەنا و جوگرافیای گوندەکە لەبەر چاوی ببو بە جەستەیەکی خوێناوی بەر لە بون ، گوندەکەش کش و ماتیەك گرتبوی تاقە دەنگێك هەنگاوەکانی ئەو بو لەگەڵ لەرزینەکەی حەمکۆڵـدا جوت دەبون و نزیك دەبونەوە و لێك جیا دەبونەوە ..بەو هەستەوە لێی نزیك بوەوە

.. بە گڕی فتیلەکەی دەستییەوە هەستی کرد حەمکۆڵ بیری کۆچی هەیە.. بە پەژارەیەکی قوڵەوە چوە بەردەمی :

* دەڕۆیت کاتێك کە هیچ ڕێگایەك نەماوە و هەمو گوندەکان چۆڵـن و سنوریش دوای کشانەوەی سور و سپی داخراوە. ، ئیتر ڕو دەکەیتە کوێ ؟

حەمکۆڵ چارەکەکەی لە شانی توند کرد و هێزی دایە سەر گۆچانەکەی :

* من کۆچ ناکەم بۆ ژیان.. بەڵکو بەرەو ڕوبەری مەرگ دەچم .. دەڕۆم بە دوای وەلییەکدا دەگەڕێم و بەیەکەوە خەڵـوە دەکێشین بەرەو ئەشکەوتەکان دەچم تا دەمرم .

کفن پۆش دڵـی پڕ بو ، بەو هێزەوە فتیلەکەی لە دەست وەرگرت ، ئەوسا دەستی گرت لەسەر تاشە بەردێك دای نیشاند ،لە کاتێکدا فرمێسك بەسەرپێڵـویدا دەهاتەخوار..بیری کوژرانی ژن و منداڵەکانی کردەوە ،

ساتێك بەو جۆرە بە قوڵایی ئەو ڕۆژانەدا نوقم بو ..لە پڕێکدا لەو بیرەوەریەدا شەلال بو.. وەکو ئەو ساتەی منداڵەکانی لەگەڵ دیلەکانی تردا گوللە باران کران و جەستەیان لەگەڵ ڕۆحیان یاریان دەکرد .

ئەوە وەکو بومەلەرزە جەستەی گرت ..لە گرژی و چرچەکانی ناوچەوانی حەمکۆڵـیشەوە ئەوانەی دەدیەوە ، بۆیە بێدەنگی گرتی.. ئەویش ئەو ژانە گرتی و دواکەفی دەرونی خۆی دەرخست :

* ڕەعنا.. مستەفا ..خونچە.. چیتان لێ هات ؟. .

بەو بێ هۆشیەوە هەستا فتیلەکەی لە دەست پەڕی و کەوتە ناو گۆڕەکانەوە ئەویش دەستی گوشی .

تۆپێك لە ناوەڕاستی گوندەكەدا تەقیەوە ، ئەوسا یەك بە دوای یەك شاخەكە تۆپ باران دە كرا ،. حەمكۆڵ لەرزی ئەویش قۆڵـی گرت و بەرەو قولایی گۆڕستانەكە كێشی كرد .

گزنگ لە تەقینەوەدا بو ، حەمكۆڵ بوخچەكەی لە شانی توند كرد هەستا . ئەویش لەگەڵیدا ڕاست بووەوە ،ئەو بەرەو ژور هەڵكشا و ئەمیش بەلای باشوردا هەنگاوی دەنا ، هاوار و قریشكەش لە گوندەكەوە بەرز بووەوە ،, دەنگی گا و گۆتەڵ و باڵندە و حە پەی سەگەڵ تێكەڵاو دەبون ،,كفن پۆشیش لە ناو گۆڕەكانەوە ڕەنگی شێوا بو ،, باكور و باشور و ڕاست و چەپ و خۆرهەڵات و خۆرئاوای بەسەر دەكردەوە ،. پاش ئەوەی دەنگی تەقینەوە نەما ئەوسا پشویەكی دا ، لە ئاسمانی شارەكەی دەڕوانی و لەگەڵ شەفەقدا وێنەكانی ناو بای دەدیەوە,.زنجیرەكانی وەك ئەو ساتە دەدیەوە كە كەلەبچەكەیان لە دەستی كردەوە و كێبلـێك جەستەی ڕەش كرد :

* ئێستاش ناڵـێی سۆما و هیوا منداڵـی منن؟. .

* سۆما یان هیوا دو ناون تا ئێستا نەمبیستون ,, پێ ناچێت من ژنم هێنا بێ ,، منداڵـیشم نییە,, هەست ناكەم هەرگیز .

ئەفسەرەكە هاواری كرد بەسەریا :

* كەس هەیە نەزانێت منداڵـی هەیە یان نا ؟ !

* من نازانم چونكە تا ئێستا هەر كوڕم .

بەو قسەیەوە لەرزی چاوی بڕییە دیوارەكە ، ئەویش كێبلـێكی تری پیا كێشا, ، ئەویش بە لەرزەوە گومانی ترسێك گرتبوی كە هەرگیز بیری لێ نەكرد بووەوە ..دەیویست خۆیشی و سۆماش بمرن و بە یەكجاری بخرێنە چاڵەوە.. بەو بیرەوە ڕوانین و هۆش و هەستی تێكەڵاو بون ،. ڕەنگی شێتی گرتبوی و لە دیوارەكەی دەڕوانی چاوی دەبڕیە بۆشاییەكی ون ..

كوتوپڕ سەربازەكە دایچڵەكاند :

* گەورەم جاری پێشو گوتی هیوا كوڕمە .

ئەفسەرەكە كێبلـێكی تری پیا كێشا,, ئەوسا دایە دەست سەربازەكە :

* دەیەوێت خۆی لە پەیوەندی كراس سورەكان ڕزگار بكات .

هاواری كرد بە سەریدا :

* سۆما بەرپرسی خەتی نهێنی ناو شاریانە .

پە نجەی بە پلاكی كارەباكەدا نا ,, یەك چركە لە كارەبای دا ، ئەوسا چەتاڵەكانی لە مەمكی كردەوە و پە نجەی بۆ سەربازەكان ڕاكێشا :

بەر لەوەی بۆ داڵانەكە ڕایبكێشن قیژەی كچێك هاتە بەر گوێی ، ئەوە جەستەی كرد بە گڕكان ،. كاتێك لە ژورە تەنیاییەكەشدا فڕێیان دایەوە دەرگاكەیان لەسەر داخستەوە . ، بەسەر سەربازەكەدا قیژاندی :

* بمانكوژن ... بمانكوژن .

وێنەیەكی ئاوێنەیی لە مێشكیدا ڕەنگی دەدایەوە جەستەی سۆمای دەدی ، ڕادەكێشرا لە بەردەمی سەربازەكاندا ، بەو وێنەیەوە قیژاندی ، بەند بیەك لەو بەریەوە كۆكی و دایچڵەكاند :

* مامە گیان ورەت بەرز بێ من نۆ جار لە كارەبا دراوم تا ئێستا ڕاستیم نەگوتوە ،

بەو قسەیەوە هەناسەیەكی هەڵكێشا ،. ئەویش ئاهێكی كرد و نهێنییەكانی لە گەرویدا خنكاند ، ئەویش ناوچەوانی خوێندەوە ویستی ئەو گێژاوەی هێمن بكاتەوە :

* گوێت لە قریشکەی ژن و منداڵە؟ . ئەو ژورەت دیوە کە فەرمانی تیا بو ؟., ئەو کچەت بینی کە گوللە باران کرا ؟.. مامە لێرە تەنیا خۆڕاگری گرنگە کەس خاوەنی شەرەف نییە ... ئەمانە دڕندەن گرنگ ئەوەیە سەر بەرزین ..
بەو قسەیەوە ئەسپێیەکی کوشت و ئەویش لەشی خورا :
* بە ڕاستی ئەسپێ لە ئەشکە نجە پیسترە .
* هەمو ڕۆژێك چەند جارێك خۆم دەدۆزم تەواو بونیان نیە.. ئەمەش پیسی ئێرەیە بۆ ئەوەی هەمیشە ئەشکە نجە بچێژین تەنانەت بە ئەسپێش ،
قیژەیەکی بەهێز لە ڕاڕەو و ژورەکاندا دەنگی دایەوە ، سات بە سات بەهێز تر دەبو ، بە تیژی دەکشا و مێشك و هەناوی دەردەهێنا بەو تەزووە لەرزی و خۆی یەك هێنایەوە بەبێ هۆشی زمانی کردەوە :
* سۆما ؟!!
بەندییەکە سەیری کرد حەپەسا ،. زانی سۆما کچیەتی و ژانی ئەو گرتویەتی.. لە کاتێکدا هەناسەیەکی هەڵکێشا پەردەیەکی نهێنی خستە سەر زامەکەی :
* سۆما خۆ ڕاگرە مامەگیان ئێمە تازە لەسەر شەرەف توش هاتوین .. لێرە هەرچیەکمان پێ بکرێت هەر شەرەفە .
بەو قسەیەوە تەزویەکی ئازاراوی گرتی ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە یەکەم جار هاوار پێ ناساند :
* هاوڕێ شوان لێپرسراوی کراس سپییەکانە .
دوای ئەوە چەند جارێك یەکیان دی لە کاری نهێنی دا یەکیان دەگرتەوە ، کاتێکیش شەڕی کراس سپی و کراس سور دەستی پێکرد ئیتر وردە وردە لە یەکتری دور کەوتنەوە بە جۆرێك ڕەگی دوژمانیەتییان بۆ دروست ببو نەیاندەویست یەکتری ببینن .. لەو ساتانەشدا ئەو کرۆکەی گۆڕا بەو بیرەوە لەرزی و سۆزێکی گەورە گرتی .. لەگەڵ وێنەی ئەشکە نجەکەی سۆمادا تێکەڵاو دەبون و لە تۆفانی چرکە ساتێکدا نوقم دەبو. ، بە جۆرێك وەکو قەوزەی ناو ئاو بەو ڕوانینییەوە نوسا بو ، دیمەنێك بو هەرگیز نە دەسڕایەوە ،, چەتاڵە کارەباییەکان وەکو ئەو ساتە تەزوییان بە جەستەیدا دەهێناو دەزوللەکانی سەر مەمکی لەگەڵ ئەوساتەدا جوت بون :
نیوە شەوێکی خوێناوی بەندیخانە بە قیژە و هاوار دەنگی دەدایەوە ،, ژوری ئەشکە نجە ڕەمزی هەرەسهێنانی تەمەنی هەڵگرتبو. ، قریشکە ڕاڕەوی ژورەکانی دەهەژاند ، بە تەزوی چەتاڵەکانەوە جەستەیان شی دەکردەوە.. لەو ساتەی چەتاڵەکانیان لە مەمکی کردەوە هەردو چاویان بەستەوە و کەلە پچەیان کردەوە دەستی فڕییان دایە ناو دالآنەکە ، بە دەم ژان و زامەکانیەوە پاڵی بە دیوارەکەوە دایەوە و لە پڕ قریشکەیەك بەهێز ڕاڕەوەکەی گرتەوە ، لە کونە بچوکەکانەوە دەردەچو,، بە تیژی بە هەمو لایەکدا دەڕۆیشت ، .بەو هێزە تۆقێنەرەوە سەری بادا و دەنگەکەش توند تر دەبو ، ,لە پڕ گۆڕا لە دەنگی کچێکی ناسکەوە وەکو خاو بونەوەی بایەکی دەنواند ، بەوەوە وێنەی کچێکی خستە بەرچاوی بە دەست و قاچی بەستراوەوە قیژە و هاوارەکانیشی بەرز دەبووەوە,, بەو جۆرەش ئەو دەنگەش لەلای گۆڕا ,,لە پڕ بە یەکجاری نەما و لەو پەڕی بە هێزیدا خنکا .
دوای کاتژمێرێك شڵەژان ڕاڕەوەکەی گرتەوە ، چەند سەربازێك پەلی ئەو کچەیان ڕادەکێشا ئەویش قریشکەی مەرگی دەکرد لە ژێر پەڕۆکەی سەر دەمیەوە نوزەی دەهات ، بەو جۆرەش بۆ ژورەکەی خۆیان دەبردەوە ، لەبەر خۆشیانەوە قسەیان لەسەر ئەو نهێنیە دەکرد .
بەو وشانەوە لەرزی ، بە جۆرێك حەزی بە مەرگێك دەکرد جیهانیشی پێوە تەخت ببێ .
کتوپڕ قیژەیەك لە ڕاڕەوەکەوە هات داچڵەکی و لەو دیمەنە ترسناکە ڕزگاری بو ،


www.pertwk.com

بەو ژانە سەختەوە فرمێسك چــاوەكانی گرت, ، ئەویش لەو بەرییەوە قاچی ڕاكێشا و خۆی بە تۆڕی نهێنییەكانەوە نوقم كرد ، لەووەوە تەرمەكەی هیوای دییەوە,, وەكو جارن باوەشی بۆ دەگرتەوە ،, وەك ئەو ساتەی لە ناو گەلا جارەكەدا دەریكێشا .. تەبەقە خوێناوییەكەی بە جامانەكەیەوە لەسەر سنگی ڕەنگی دەدایەوە ,,كاتێك لایبرد زەنگێك گرتی جەستەی شیدەكردەوە :

* هیوا ئەمە نامەكەت بو .

پیاوێك لە پشت سەریەوە دەستی گرت :

* زۆری چاوەڕوانی كردیت دەیزانی مەرگی بەڕێوەیە,, كاتێك كە میلی تفەنگەكەشی ڕاكێشا و بۆ گردەكە سەركەوت منی بەر پرسیار كرد :

* ئەگەر باوكم هات وەرە بە دوامدا هەر دەبێت بیبینم .

بەو قسەیەوە گریا پیاوەكەش باوەشی پیا كرد :

* مەزن بە هیوا ئەوەندە باوەڕی بە تۆ هەبو لە كاتێكدا ئاربیجیەكی بە هەلیكۆپتەرێكەوە نا لەو سەر گردەوە هاواری كرد : من نامرم لە چاوی دایك و باوكمدا زیندوم ،

بەو قسەیەوە چاوی سڕی و دوا ژانی دەربڕی :

* ئەگەر شەڕی كراس سپی نەبوایە كێ هیوای بۆ دەكوژرا ؟..

لەو ساتەشدا لە ناو تاریكی بەندیخانەكەدا ئەو وێنەیە گرتی بەو ژانەوە ڕوی وەرگێڕاو لە ناو زامە سەختەكانیدا نوقم بو .

لەو ساتەشدا لە ئاسمانی شارەكەوە ئەو وێنانەی دیەوە,, سروەی شەپۆلێكی شێدار زنجیرەی دەبەست و بە هێزی ئەو بایە لە گێژەنگی زەریای تەرمە سپییەكانەوە ڕەنگاڵەی دەكردەوە ، لە سیما ئاڵـۆزكەی حەمكۆڵــیشەوە نیشانەی پرسیاریان بۆ دەكێشا ، بەو بیرەوە چاوی بە قولایی جیهاندا گێڕا,, دڵـۆپ دڵـۆپ فرمێسكەكانی دەڕژایە سەر زەوییەكە ، وەكو تۆوی نهێنی خۆی و گوندەكە لەو سەر زەویەدا بچێنێت هەتا سەر لە نوێ سەوز ببێتەوە .

***** ***** ****

مانگی چواردە لە پشت شاخەكەی ئەو بەرەوە چاو شاركێی لەگەڵ خەمەكانی جیهاندا دەكرد ، كفن پۆش لەگەڵ ئەو شەوقە بەهێزەدا یاری دەكرد تیشكی مانگ و ئەستێرەكانی دەخوێندەوە ، لە گەلای دارێكەوە بۆ بەردێك لەوانەوە بۆ دڵــی دو عاشق و بۆ گۆڕە هەتاییەكان و ئەو جەستانەی تەكنەلۆژیا سوتاند بونی .

بەو بیرەوە ساتێك بەناو گۆڕەكاندا خولایەوە و ڕوی كردە شارەكە و هاواری كرد ,، بە جۆرێك دەنگەكەی لە گۆڕەكاندا دەنگی دەدایەوە بەووەوە حەپەسا !!

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا یەكە یەكە لە گۆڕەكانی ڕوانی و مردوەكانی دەدواند دوا جار گەڕایەوە سەر قسنەكە سەری بەسەر ئەژنۆكانیدا شۆڕ كردەوە و بە خەیاڵ شێخە تاقانەی خستە بەرچاوی :

* ئەم گوندە تواناى ژیانی تیا نەما تەخت و كاول بو .. ئەگەر هیمەتێكمان لەلای خواوە بۆ نەكەی تاقە كەسێكی تیا نامێنێ .

ماوەیەك بێ پشو گریا شێخە تاقانە بەسەر و ڕیشە سپییەكەیەوە و چاوە گەشەكانی و كوڵـمە ئاڵ و دانە سپییەكانیەوە وەك خۆی هاتە بەرچاوی كفنەكەی لەسەر سنگی شەق ببو ، تیشكێكی سەوزی لێدەردەكەوت .. ساتێك بەو جۆرە سەیری كرد

له پڕ لەبەر چاوی کشا و ون بو ، ئەویش لەسەر قسنەکە پاڵکەوت و چاوی بڕییە تیشکی مانگ و ئەستێرە و بە قوڵـی لە نهێنییەکانی بون ورد دەبووەوە .
سرمەی دو ولاخ لە خواروی گۆڕستانەکەوە دەهات ، سات بە سات نزیك دەبونەوە، ئەویش یەکسەر داچڵـەکی و هەستایە سەر پێ چاوی تێبڕین و لێیان چوە پێشەوە ،چەکداریش بە ناو گۆڕستانەکەدا بلاوبونەوە و لێی هاتنە پێشەوە، کاتێك زانیان بێ چەکە تفەنگەکانیا کردەوە شانیان :
* ئەم دێیە چەکداری تێدا نییە .
کفن پۆش ساتێك بە گومانەوە لێی ڕوانین ئەوسا دەمی کردەوە :
* لێرە هیچ چەکێك نییە جگە لە مەرگ .. چونکە بە گوندی مردن بە ناوبانگە .
بەو قسەیەوە لەسەر خۆڵەکە چیچکەیان کرد و هەردو ولاخەکەشیان بەستەوە و لەلای یەکەوە بۆنیان بە گژ و گیای زەوییەکەوە دەکرد ، دو برینداریش بەسەر کۆپانەکانیانەوە دابەسترابون ناڵەیان دەهات ، کفن پۆش بەو دیمەنە ترسا ,, لە کاتێکدا لە جەستەیان ورد بووەوە زانی کراسەکانیان سورە ، بەو گومانەوە نەشتەری لە نهێنییەکانی دا :
* دەبێت زۆر وریا بن سنور هەموی گیراوە فڕۆکە بن دار و بەرد دەپشکنێت .. ئێوە چۆن دواکەوتون لەشکر هەموی لە سنور ئەو دیو کەوتن :
یەکێك لە چەکدارەکان جگەرەیەکی داگیرساند :
* ئێمە ڕۆڵەی مەرگین گوێ بە سنور نادەین ,, کێشەمان ئەو دو بریندارەیە ,, ئەوان نەبن ئەمشەو دەگەینە سنور .
* ئەمشەو لە چەم بپەڕنەوە و لە شاخەکانی ئەوبەر خۆتان بشارنەوە .
بەو قسەیەوە بێدەنگ بو، ئەوانیش چارەکە نانیان کردەوە و مەتارەکانیان دەرهێنا ونان وئاویان دەخوارد ، بریندارەکانیش ناڵەیان دەهات ئەوسا هەستان و بەرەو ژور ڕیزەیان بەست .. ئەویش لە دواوە سەیری دەکردن هەتا لە چاوی ون بون ، ئەوسا گوێی هەڵـخست هەتا دوا سرمەی ولاخەکان پاسەوانی کردن ,, پاشان چووەوە سەر قسنەکە :
* ئەوا نیشتیمان پەروەرانیش ڕایان کرد,, ئیتر تاکە تاکە گوند و قوخ ماوە ئەوانیش بە بای تەکنەلۆژیا تەخت دەبن .. شێخە تاقانە ئێستا بەرگری کەری ئەم خاکە من و تۆ و میمکەین .. ئێمەش تەنیا هێزی خوامان هەیە بە بای نەفخ بای تەکنەلۆژیا تێك بشکێنێ ,
بەو قسەیەوە لە پاڵ قسنەکەدا ڕاکشا و ڕوی کردە ئاسمان :
* خوایە ئێمە بە هێزی تۆ ڕوبەڕوی جیهانێك بوینەتەوە کە هیچ ناسنامەیەکی بۆ ژیان تیا نییە .. ئیتر کاتی بای نەفخە جیهانێك کۆتایی پێ بهێنێ کە جگە لە مەرگ هیچ پێناسەیەکی تری تیا نییە .. با بەهێزی تۆ هەمو بچینە کۆمەڵگای مردنەوە .
بەو قسەیەوە هەستایە سەر پێ ,, هەردو قاچی ڕاست و چەپ کرد,, بە تورەییەوە ڕوی کردە جیهان و کۆلارە خەیاڵییەکانی بلاو کردەوە ، .کۆلارەیەکی بۆ ئەمریکا هەڵدا,, سەرۆکی کۆشکی سپی ڕاکێشا و لەسەر درەختێکی گۆڕستانەکە ڕایگرت :
* تۆ ئێستا خاوەنی بۆمبای ئەتۆمیت دەتەوێت جیهان کاول بکەیت ؟,, وەرە با بە تەکنەلۆژیای خەیاڵ مێشکت بپژێنم .
بە خەیاڵ تاڵە دەزووەکەی ڕاکێشاو لەسەر تاشە بەردێك فڕێیدایە خوار, ئەوسا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵـکێشا و سەرۆکی ڕوسیای کێش کرد و لەسەر تەرمی ئەو ڕایگرت :
* ئێستا حەمە شینم کوشت نۆرەی حەمە بۆرە ,, وەرە بزانم تۆ چیت لە ئاستی هێزی خوادا دو سەدەیە چەکەکانی تۆ ئەم خاکە دەسوتێنن ؟.. تۆ بەرپرسی کوشتاری عالەمیت .

بەو خەیاڵەوە کۆلارەکەی لە ملی ئالآند بە تاڵە دەزوەکان خنکاندی ، ئەویشی هەڵدایە سەر تەرمەکەی حەمە شین .
بەو وێنەیەوە شەکەتی گرتی و هەناسەکانی سوار ببون ,, وەکو لە جەنگی جیهانی گەڕابێتەوە بەو جۆرە ڕاکشا و ڕوی کردە ئاسمان .
لەگەڵ تارای سپێدەدا بومەلەرزەیەك چەند خولەکێك زەوییەکەی لەرزاند .. کفن پۆش بە دەم هاوارەوە لە خەو ڕا پەڕی و چاوی هەڵگلۆفت ، ئەوسا هەستا و هەتا سەر سیلەی گۆڕەکان ڕۆیشت ،, بە چوار دەوری خۆیدا چاوی گێڕا گلۆپەکانی شار لەگەڵ سپێدەدا شەوقیان دەدایەوە .
ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە دەنگێکی تیژ دەهاتە گوێیەوە وای دەزانی بای نەفخە ، بەدوای لەرینەوەی زەوی دا دێت سورەتی یاسینی دەخوێندەوە ،, وێنەیەکیش بەدوای دوەم نەفخەوە بەرچاوی گرت,, قریشکاندی و بەدەم زیڕەی مەرگەوە بۆ ماڵەکان قاچی هەڵهێنایەوە .
قریشکە و هاوار گوندەکەی گرتبو ، هەمو بەدەم زیڕەی دوا هەناسەوە وێنەی لول بونی ئاسمان و زەوییان دەکێشا ,, میمکە لەبەر هەیوانەکەی خۆیەوە خەو و بومەلەرزەی تێکەڵاو دەکرد :
* بەخەو دیومە بومەلەرزەیەك بەم جۆرە هات ئەوسا لافاوێك جیهانی شت و زەوی لول بو .
پەنجەکانی خستە قژییەوە و لە شاخەکەی ئەوبەری ڕوانی بە وێنەی کۆچی سپێدەوە لە بانیژەکە هاتە خوار و ڕێی گۆڕستانی گرت,, خەڵکیش بە دوایەوە ڕیزەیان بەست و بە چرکەی کۆتایی بونەوە ورتەیان دەهات ،
میمکە بە گۆچانەکەی زەویەکەی خەت خەت دەکرد و بۆنی ڕێحانە و مێخەك لەگەڵ وشەکانیدا بلاو دەبونەوە، بەو جۆرەش چوە سەر قسنەکە لە خاك و خۆڵیدا خۆی تلاندەوە و گریا .
کاروانێك لەلای خوارەوە هات,, بە بینینیان حەپەسان ,,میمکەش بەرەو ڕویان چو ،, ئەوانیش شڵەژابون ، , ئەویش پرسیاری بومەلەرزە و ئەو کۆچە ناوەختەیەی لێکردن :
* دیارە ئەم بومەلەرزەیە گوندەکەتانی کاول کردوە بۆیە کەوتونەتە سەر کۆچ .
ولاخ دارێك ڕەشمەی ولاخەکەی ڕاکێشا و ئەو گریەیەی بۆ کردەوە :
* ئێمە نیشتیمانمان نییە هەتا کاول ببێ ئیتر جیهان هەڵدەگەڕێتەوە یان دەتوێتەوە کێشە نییە .
میمکە گرژ بو بێدەنگی لێکرد و ئەوانیش بەرە و ژور سەرکەوتن ، گریەی دو ساوا لە دوایانەوە بەرز دەبوەوە ،, سات بە سات لەگەڵ دور کەوتنەوەی کارواندا پتر گۆڕستانەکەیان دەهەژاند ،. میمکەش بە وێنەیەکی نادیارەوە دوا نیگای لەسەر لابردن و کەوتەوە سەر ڕێی گوند ، خەڵکەکەش بە دوایدا کشان، کاتێکیش گەیشتنەوە ناو دێ هەر کەسە چوەوە ماڵی خۆی .. بێدەنگیەکی قوڵ ماڵەکانی گرتەوە ,,تەنیا چرکەی تەونەکەی میمکە دەهات بە جوڵەی قاچی کفن پۆشەوە جوت دەبون,,سات بە سات بە لا پاڵەکەدا تیژ تر دەبو,, لە دواوە وێنەی مقەستێکی گەردونی دەنواند,, گوندەکەش لە بێدەنگی شەق کردنەوەی فەزادا مۆمیا ببو .
*****
**** *******************************************************************

## 5 ( ئەمڕۆ ئاهەنگی ڕۆح لە ڕۆژهەڵاتە و جەستەش لە خۆر ئاوا .. ئەمڕۆ ڕۆح و جەستە جیا دەبنەوە )

کفن پۆش بەو قسانەوە دەستی چەپی داگرت و ئەوسا بەرزی کردەوە و هی ڕاستی هێنایە خوار ,, پاشان لە ئاستی خۆرهەڵات و خۆرئاواوە بۆ باکور و باشور خۆی سوڕاند,, وەکو باڵی مەل دەستەکانی کردبووەوە و دەیجوڵاندن ,, بە سنگ و سەر و قاچیش یاری دەکرد و ڕوانینی بە فەزاوە دەگیرسایەوە .

خۆر گزنگی دەتەقاندەوە و ڕوانینەکانی تێکەڵ دەکرد ، لەگەڵ ڕەنگی جزداشەکەیدا کە بە هەوای شاخەکە ئاوسا بو وەکو کەشتییەکی فەزا دەردەکەوت و وێنەی ڕادار لەسەر لوتکەکەوە دیاری دەدا ..لە شەپۆلەکانی با یا یاری دەکرد و دەیویست بڕوا و جارێکی تر نەگەڕێتەوە .

بەو شەپۆلانەوە دەیان تاڵە دەزوی بە فەزادا بڵاو کردبووەوە,, هەموی بە هەوادا دەکشان و بەرە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشور و قوڵایی ئاسمان و ژێر زەوی و ئەستێرە و تونێلە ونەکانی گەردون دەڕۆیشتن .

ئەو شاڵاوە لە نیوە شەوەوە گرتبوی هەر لەو ساتەی لە گۆڕەکەیدا ڕاکشا ئەو تۆڕانە بە دەنگێکەوە پێچایانەوە بەوەشەوە چاوی لێك نا و لە خەوەکەیدا بەو تاڵە دەزوانەوە هەمو ئەستێرەکان و ژێر زەوی و زەریا و فەزای تاقیدەکردەوە .. کاتێکیش ڕاپەڕی هەمو ئەو دەزوانە لە جەستەی پێچرا بو,, وای دەزانی تۆڕێك گرتویەتی کلاّفەکەی لە مەریخە ,, هەر بەو بیرەشەوە بەرەو لوتکەی شاخەکە پڕتاوی پێچاو وەك سەرەتای خەوەکەی چوە سەر ئەو تاشە بەردە و باڵی فڕینی کردەوە ، لەو ساتەشدا بەو شاڵاوەوە دەیویست بفڕێت و هەمو ئەو نهێنییانە بدۆزێتەوە .

فڕین بیرێك بو هەمیشە لە مێشکیدا بو.. دەیویست وەکو مەلێکی ئەفسانەیی بفڕێت و فەزا ببڕێت ، , زۆر جار بەو چەشنە دەچوە سەر لوتکە شاخێك جەستەی بۆ فڕین ئامادە دەکرد ، ئەوە بیرێك بو هەست و نەست و ڕوانینی گرتبووەوە,, هەمیشە چاوی بە شەپۆلێك وێنەی جۆار و جۆر دەتەندرا و لەگەڵ چرکەکاندا یاری دەکرد وێنەکانی دەخستە دڵەوە و باوەشی بۆ دەگرتنەوە ، هەزاران ڕۆح و جەستەی دەدی لە هەوایا یاریان دەکرد,, دەیویست وەکو ئەوان لە شەقەقەی باڵ بدات,, هەتا بە یەکجاری بڕواتە بۆشاییەوە ,, زۆر جار ئەو تاقیکردنەوەیەی دەکرد و خۆی ئامادە دەکرد ، یەکەمجار لە گۆڕەپانەکەی شار ئەو بیرە گرتی لەم سەر بۆ ئەو سەر دەڕۆیشت هەردو دەستی کردبووەوە و ڕوانینی بۆ ئاسمان هەتەر دەدا ،, هەتا هاتە سەر قادرمەکان باڵی کردەوە و ویستی بفڕێت ,, ساتێك وەك پەیکەر وەستا ئەوسا کەوتە جوڵە ماوەیەك خۆی ڕاتەکاند و بە خەیاڵ بە فەزاوە دەفڕی .

ماوەیەك بەو جۆرە بو منداڵان فیکەیان بەسەردا دەکێشا ،, ئەوسا بە بەردەوە دوای کەوتن,, ئەویش بە پەلە خۆی ڕزگار کرد ، تاڵە دەزوەکانیش هەر دەیانپێچایەوە ، ئەو شەوەش هەتا ڕۆژهەڵات هەر بەو خەیاڵەوە ڕۆژی کردەوە هەر بۆیەش لە

قوتابخانه چوه سەر بان لەسەر تەنكیەكەوە وەستا و هەردو دەستی بە ئاسمانەوە ڕاوەشاند ، قوتابییەكان لە حەوشەوە پێدەكەنین

فیكە لە هەمو لایەكەوە هەڵدەستا ، ئەوسا بەڕێوەبەر و مامۆستاكان هاتنە سەربان و هێنایانە خوار .

ئەوە سەرەتای گەرداوەكانی بو سێ ڕۆژ بو تەرمی هیوای ناشتبو ، گەلاّ جاڕی تەرمەكەی لەبەر چاوی ببوە تونێلێك تەنیا فرمێسكێكی بۆ ڕشت و بەو شەپۆلەوە هاتەوە شار و لە شەقامەكاندا دەگەڕا و هەوای چیاكانی هەڵدەمژی دەیویست بفرێت و بە خەیاڵ لەگەڵ ڕۆحە تەریوەكانی با یا بۆ هەتاهەتایی بمێنێتەوە ،دەزولە خەیاڵییەكانی بە هەمو لایەكدا بلاّوكردەوە ، نە درەختێك نەبەرد و شاخێكی دەدی هەتا بیگرێت و بۆ حەوا هەڵیبكێشێت و وێنەكانیش دەفڕین كۆلارەكەی دەكشایە خوار ..مێشكیشی بە قولاّیی داگرتبو ..كتوپڕ بەو فیك و هاوارە دەمارەكانی تێك ئالاّو وێنەكانی بەسەریەكدا تڕژان و هۆشی بە خۆی نەما ، كاتێكیش بەڕێوەبەر بە سەریدا نەڕاندی توشی بارێكی دەرونی هات ئەوەش بو بە هۆكارێك بۆ ئەوەی بڕیاری خانەنشینیەكەی بداتێ كە ماوەیەك بو نەخشەیان بۆ دەكێشا و بەسەر كێش و یاخی ناویان دەبرد، هەر لەو ساتەی كە نهێنی هیوایان بۆ ئاشكرا كرد ئەو نیشانەیە دەركەوت ..دواتریش بۆ گۆڕەپانی مەشق نەڕۆیشت ئەوانە هەمو كارێكیان كرد كە لە قەتابخانە دەربكرێت .

دوای ئەوە ئیتر شەپۆلی فەزایەكی ناشێوەیی پەلكێشیان كرد..هەتا بە تەواوی كەوتە ناو ئەو گێژاوەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەموی تێكدەئالاّند.. جگە لە زنجیرەیەك وێنەی هەڵواسراوی فەزا هیچی تری نەدەدیەوە ..لە بەندیخانەكەشدا بو بە تۆڕێكی گشتی و هەمو جەستەی گرتەوە هەر لەو ساتەی كە هاواری مەرگی سۆما بەرز بوەوە وێنە و ڕوانین و بیری تێك چرژاو هۆشی بەخۆی نەما ، لەو ساتەدا گریان هەمو قوڕگێكی گرتەوە ، تەنیا ئەو توانای ڕشتنی فرمێسكێكی نەبو گێژ و حۆل لە فەزای دەروانی ، بەندییەكانیش لە ئاهەنگی ئەو تەرمەدا لەگەڵ هێزی تەزیوی یا یەكەدا هەناسەیان هەڵدەمژی و وێنەی مەرگی خۆیان و جیهانیان دەدییەوە .

ئەو چركەیە بەندیخانەكە خرۆشا ، سەربازەكان پەنجەیان خستە سەر پەلە پیتكەی تفەنگەكانیان فەرماندەكە لە ناو گۆڕەپانەكەدا دەمانچەكەی بە دەستەوە گرت و بە لولەكەی خەتێكی كێشا :

* لێرەدا ڕیزیان بكەن بزانن كێ ئاگای لە كوشتنی ئەو كچەیە دەبێت گولله باران بكرێت .

بەندییەكان بە بیجامە و كراسی دڕاوەوە سەر و ڕیش هاتو لەبەر سەرماكەدا هەڵدەلەرزین و لە گۆڕەپانەكەدا كەوتبونە سەر چۆقەی مەرگ ، ئەوانەشی كە لە ژوری ڕاڕەوەكانی تردا بون لە تاریكییەوە گوێیان هەڵخستبو ، لە چارەنوسی ئەوانەوە یاری مەرگیان دەكرد ، ئەوانیش هەمو توشی سەرمایەكی كوشندە هاتبون ، چەند فیشەكێكیش بە ئاسماندا تەقی .. ڕاكێشانی میل و شەق و زللەش ناو بە ناو كاری تێدەكردن فەرماندەكەش لولەی دەمانچەكەی تێكردن :

* پێویستە ڕاستی بڵێن دەبێت بزانن چەند كەس دەستیان لە كوشتنی سۆما هەیە .. بێگومان بە هاوكاری چەند كەسێك خۆی كوشتوە .

فڕێ دانەوەی فیشەك و ڕاكێشانی میل بەناو یا یەكەدا تێكەلاّو دەبون ..لە پڕ فیشەكێك تەقی فەرماندەكەش لێی ڕوانین تورەیی گرتی :

* كەسێك نییە وەلاّم بداتەوە ... تەنیا پێنج چركەتان ماوە :

* چك ... چك ..

با یەکە بەهێز تر دەکشا بەفریش لە گۆڕەپانەکەدا بەستبوی و ساردیەك جەستەی بەندییەکانی گرتبو هەمو لە گۆ کەوتبون ، چۆقەی ددانیان بە تیژی دەهات پەنجەکانیان تەزی بو فیشەکیش جار جارە دەتەقی تا ئەو ساتەش هەمو بێدەنگ بون لە پڕ ژنێك قیژاندی :

* وەرن من بکوژن من تاوانبارم .

دەست ڕێژ مەمکەکانی پوکاندەوە ، دو پیاوی تر هاواریان کرد ئەوانیش کوژران ،لاوێکیشیان کوشت ، فەرماندەکە لە تەرمەکان و لە ئاسمان ورد دەبوەوە ئەوسا فەرمانی دا بچنە ژورەوە .. ڕەشەباکەش بەهێز تر دەهات و کون و قوژبنی دەگرتەوە بەو مۆسیقایەشەوە تەرمی سۆما خرایە نەقالەیەکەوە لەگەڵ تەرمەکانی تردا بە ئۆتۆمبیلێك لە حەوشەکە برانە دەرەوە .

فرەی ئۆتۆمبیلەکە بە گۆڕەپانەکەدا دەنگێکی تیژی لێوە هات.. ئەوە بەندییەکانی وروژاند هۆش و ئارامیان نەما، تاقە کەسێکیش ئەو نیوەڕۆیە نەیتوانی نان بخوات و کەس خواردنی وەرنەگرت ، هەمو وێنەی تەرمەکانیان لەبەر چاودا بو :

* نیشتیمان و هاوڕێ شوان و شاخەوان و سەرکەوت و سۆما .

ئەو تەرمانە بەو جۆرە وێنەیان دەدایەوە.. لەگەڵ پەلە قاژەی سۆمادا بەشەر دەهاتن ..ئەو شالاوە بو بە تۆڕێکی سەرتاسەری و مێشك و ڕوانین و هۆش و نەستی گرتەوە ، ئەوەش پێکهاتەی ئەو بیر و زنجیرە یەك لە دوای یەکانە بون کە ڕۆژانە کۆ دەبونەوە و لەویا هەموی لە مێشکیدا تەقینەوە . ئەوە یەکەم دیمەنی تۆقێنەر بو کە مێشکی ئاڵۆزکاند و دەمارەکانی تێك چرژاند لەو ساتەوە بیری فڕینی بۆ فەزا بە تەواوی گرتی ، چیتر نەیدەویست بژی و قاچ بەسەر زەویدا بنێت هەمیشە حەزی بە فڕین بو ،لەو کاتەشدا کە لە ڕاڕەوەکەدا دەخولایەوە چەند جار لەم لاو لەولاوە بانگیان کرد ، هیچ وەلامێکی نەبو ، ڕەگی شێتی بە جۆرێك گرتی ناوی خۆیشی لە بیر چو بوەوە ، لە ناو دەزولەی گێڕانەوەی ڕوداوەکانیشدا مۆمیا دەبو ، بەدەم گڤەی بایەکەشەوە بلاو دەبونەوە و فەزای شار و جیهانیان دەپۆشی.

ئەو وێنەیە زمانی بێدەنگی دەشکاند ... بەندیخانەکە بە وێنەی سۆماوە ڕەنگی دەدایەوە.. چاو و زمان و بیر و هۆش هەموی بە وشە و وێنەی ئەوەوە سیواخ ببون ، کچێك دەستی خستبوە ناو دەستییەوە قژی بەسەر دەم و چاویدا شۆڕ ببوەوە لەگەڵ سڕینی فرمێسکەکانیدا ئەو گرییەی کردەوە :

* ئەمڕۆ مەرگ نەبێت هەمو شتێك لە گوماندایە ، تەنیا مەرگە کەدەبێتە داڵدە دەری مرۆڤ کە مۆرڤ بێت.. چونکە مانای ئازادی دڵنیایی یەکسانییە.. هەر بۆیەش سۆما مەرگی هەڵبژارد و چی لە ژیانێك بکات کە مافی ئاژەڵێکی نەبێت.. مەرگی ئەویش لەو پرسیارانەوە دروست بو کە حەقیقەتی تیا ون بکات و ڕەفزی بکات .

وێنەی سۆمای خستەوە بەر چاو وەك ئەو ساتانەی داخی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت و بە بیری خۆشەیستی سەرسامی دەکرد.. چونکە ئەو بە جۆرێك پابەندی عەشق بو دەیویست بمرێت ، بۆیە زۆر جار ئەو پەیمانەی بۆ دوپات دەکردەوە :

* ئەگەر بگەمە ئاستێك لە بیر و باوەڕ و خۆشەویستیدا نشوستی بهێنم دەمرم من کاتژمێرێکم بە خۆشەویستی دەژیم .

سۆما بە دڵنیاییەوە ئەوانەی دەگوت ، ئەویش ڕۆژانە لێی دەڕوانی بیری مەرگی تیا دەدیەوە .. لە وێنەکانی خۆیەوە سۆمای دەدی لای ڕون بو کە ئەو دڕندانە وازی لێ ناهێنن ، سۆما توشی ئەو کارەساتانە دێت و دەمرێت ، ئەوەی لەلا ڕون بو.. بۆیەش کاتێك کە بۆ یەکە مجار بۆ ئەشکە نجە برا لێی ڕوانی و هەتا هاتیشەوە هەر بیری لێ کردەوە.. ئەو کاتەش یەکڕاست باوەشی پیاکرد ماچی کرد و یەکسەر پرسیاری ئەوەی لێکرد بزانێت ڕاستی گوتوە یا نا ؟، سۆما دڵنیای کرد کە ئەگەر بشمرێت قسە ناکات ، ئەو پەیمانەی بە خوێنی خۆی بۆ دوبارە کردەوە :

* ڕاستی لەسەر کەسێك بڵێم کە هەمو ژیانمە .

بەو قسەیە دڵـنیا بو ، ئەوسا لە جەستەی ڕوانی قژە خاوەکانی بە زەردی دەبریسکایەوە دەم و چاوی گەش گەش جێگەی تاقە ماچێکییان پێوە نەبو.. مەمکۆڵەکانی سیس و ژاکاو جەستەی پاك تەنیا جێگەی کێبڵ ڕەشی کردبو.. بۆ جاری دوەم زۆری چاوەڕوانی کرد سێ کاتژمێر نەهاتەوە ..کاتێك فرییان دایە ژورەوە جەستەی ببوە شەختە.. جێگەی لێدان بە هیچ جێگەیەکیەوە نەدەبینرا تەنیا جەستەیەکی ماندو شەکەتی دەنواند ، دەم و چاو و قژی شێوا بون سەر سنگ و بەرگ و دەست و قاچیشی سروشتی دیاریان نەدەدا ، ئەوە توشی گومانێکی سەختی کرد بە پەلە چو سەمون و ئاوی بۆ هێنا بە پرزە بڕاوی خواردی ، ئەوسا سەری بۆ شێلاو قاچی بۆ ڕاتەکاند ئەویش ماندو بە جۆرێك نەیدەویست جارێکی تر بژی ، ئەویش دوای ئەوەی جەستەی تەواو بۆ شێلا و پرسیاری ئەو گومانەی لێکرد :

* سۆما خۆراگر بە دڵنیام کە تۆ لە قەندیل گەوەرتریت بەڵام ئێرە موغارەی دڕندەیە ... ئێرە جێگەیەکە لە گۆی زەویدا بونی نیە هەمویشی هەر سەربەرزییە .

سۆما دەگریا بەردەوام لە بنمیچەکەی دەڕوانی وشە و ڕوانینی ببوە شەپۆل ، ویستی بقیژێنێ ، ئەمیش دەستی گرت و گوشی ، ئەو کاتە بە دەرونێکی گڕاویەوە چەند وشەیەکی لە دەم دەرپەڕی :

* ساکار بڕوا بکە ئیتر دەمرم .. دەمرم تەواو .

بەو وشانە دەگریا .. ئەویش هەستی پێکرد و زانی پەیمانەکەی دەباتە سەر هیچی لەگەڵـدا نەگوتەوە ..ئەویش چاوی لێك نا وەك بیەوێت بمرێت .

لەو ساتەوە سۆما چرکەکانی دەخوێندەوە ، ڕۆژی دوایی کاتژمێر دەی بەیانی بردیان ، ئەوە تەواو گومانی دروست کرد ، هەمویان لە یەکتریان دەڕوانی ، کاتێکیش دەمەو عەسر هێنایانەوە ئیتر سۆما چاوەکانی ژاکا بون ، تیلەی چاوی دەبڕیە هاوڕێکانی دەیویست بە زەبیان پیایا بێتەوە و بیکوژن ، هەتا بە یەکجاری ئازادی بکەن .

ساکار چوە ژور سەری و زوڵـفەکانی بۆ هەڵـدایەوە ، دەستی گوشی ، بە جۆرێك ئەو هێزە گەرمەیان لە دڵەوە چەسپی بو ئیتر بەو گوشینەوە سۆما خەوت ..ئەویش سەیری مەکسییەکەی کرد .. شۆرتەکەشی گۆڕا بو بە پرتەقاڵـی ، ئەوە ختورەی خستە دڵـیەوە و بە سەریا گریا ، بەو دڵـۆپە فرمێسکانە بێداری کردەوە ئەویش هەستا چوە ئاودەستەکە هەردو ڕانی داشۆری و دەم و چاوی شت ، ئەوسا هاتەوە جێگەی خۆی و پاڵ کەوت ، ساکار دەستی گوشییەوە ئەویش دوا نامەی خۆی بۆ ئەو جیهانە قێزەونەی بەر چاوی نوسی :

* ساکار ئیتر نامەوێت بژیم بەهەر هۆیەك بێ ئەگەر منت خوشدەوێت ئەگەر کراسەکەت سورە یارمەتیم بدە با بمرم .

ساکار نەیتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بداتەوە هەستا هێلکە و سەمونێکی بۆ هێنا ، ئەویش چاوەکانی بڕیە چاوی ساکار و پەنجەی خستە پەنجەیەوە :

* دەبێت بۆ مەرگێك بمرین کە لاپەڕەی ژیانمان دەنوسێتەوە .

ئەو وێنەیە لەو ساتەدا گرتی وەکو خۆی جەستەی سۆمای زیندو کردەوە ئەوسا بە گریانەوە باوەشی بە کچێکدا کرد :

* شەوبۆ سۆما ئەو کچە نەما کە دیمان ئەو کچەی وێنەی دڵـدارەکەی دەخستە بەر چاوی و لەم ژورەدا بەهەشتی دەسازاند :

* هاوار پێ ناچێت بتوانین کرێکار بکەینە چینێکی پێشڕەو لێرە کارخانە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان کەمە وڵاتێکی کرێکاری نییە زیاتر لەوەی جوتیارییە .

* گرنگ هەوڵـدانە مەرجیش نیە تەنیا کرێکار ئەوە بکات چونکە چینەکان دەتوێنەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا باڵا دەست دەبێت ڕەنگە بۆرژوایەك بکرێتە کرێکار خۆ لینین کرێکار نەبو .

ئەو وێنانە لەو ساتەشدا بەرچاوی گرتنەوە فرمێسکی ئەو ساتانەیان دەڕشت کە لە گەڵیدا دەژیان و پرسیاریان لێدەکرد ، ئەویش بە زمانە شیرینەکەی لە نجەی دەکرد و وشەکانی تێکەڵی خەیاڵێکی قوڵ کرد ڕۆژێك دوا ناسنامەی عەشقیان پێ دەرخست :

* هاوار چییە لەلای تۆ ؟

* هاوار هەمو گەردونە لەلام ، ئەو هەناسانەیە کە هەڵیان دەمژم هەموی بۆنی ئەوی لێ دێت چونکە سور دەزانم ئێستا چاوەڕوانم دەکات لە چوار دەوری ئەم بەندیخانەیە .

* ئەگەر یەکێکتان بمرن .

* ئەوە نییە مانای هەردوکمان ، هیچمان بێ یەکتر ناژین .

بەو جۆرە گەلای عەشقی سەوز دەکرد و ئەوانیش بە دیارییەوە دادەنیشتن ، بەلام کاتێك کە ئیتر جەستەی ژاکا زمانیشی شکا ، بێدەنگیەکەی بە جۆرێك لێ کرد نەیدەویست وشەیەك بڵێ ، هەتا ڕۆژی بەر لە مەرگی بە یەکجاری زمانی شکا ، حەرفێك لە دەمی دەرنەهات بەردەوام لە دیوارەکەی دەڕوانی ، ساکار چەندە ماچی کرد ، قژی بۆ هەڵدایەوە چاری نەبو ، ئەو هەر لە فەزای دەڕوانی ، نوسینی بای دەخوێندەوە ، هەتا لە پڕ لەرزی.. ساکار توند بە خۆیەوە گوشی ، ئەویش لەرزێك گرتی جەستەی ڕادەوەشا دەزولەکانی چاوی بۆ ژوری فەرماندەکە هەتەر دەبون .. ئەو لەرزە دەیگرت کە هەردو دەستیان بەستەوە و سکیان دابەست و قاچیشی هەر یەکە بە لایەکدا بەسترا بونەوە لەگەڵ قریشکەکانیشدا کت و پڕ بە دەستە سرێك دەمیان بەست توند لە پشتی سەریەوە گرێیان دا .. ئەوسا فەرماندەکە ماچی کرد و کوڵمەکانی لستەوە ئەویش خۆی ڕا پسکاند نەیتوانی هیچ دەسەلاتێکی نەما بو، ئەویش مەمکی گوشی ، سنگی مژی ، لە ناوچەوانیەوە پیا هات ، دەمی خستە سەر گۆی مەمکی دەیمژی ، چارەکێك و زیاتر ئەوسا دەمی دەگێڕا هەتا هاتە سەر ڕانی پاشان هەردو دەستی گرت ڕانی خستە سەر ڕانی و کەوتە تەکان ... سۆما بە چاوی غەزەبی دەباران دەیویست بمرێت ڕۆشنایی بۆ فەزا هەتەر دەدا هیچ خۆشیەکی نەدەدی ، هەناسە بڕکێشی پێ کەوتبو ، ئەویش بە جۆرێك دەجولایەوە جەستەی شی دەکردەوە ، هەتا دوا جار خۆی لێ دورخستەوە .. ئەوسا خۆی سڕی ..

سەربازەکەی بانگ کرد ئەویش چەرچەفەکەی لە ژێریدا دەرهێنا پارچە قوماشێکی سپی بو هەموی ببوە پەڵەی ڕەنگا و ڕەنگ .. سۆما تەواو خرۆشا دەیویست بمرێت دڵی تێکەڵ دەهات ئەویش جارێکی کە چوەوە سەری ئەوسا پانتۆڵەکەی لە پێ کردەوە و دەست و قاچی ئەویش کرایەوە کاتێك دەمیان کردەوە قریشکەیەکی بەهێزی کرد چی بە دەمیدا هات گوتی.. کتوپڕ دەست و قاچیان گرت و دەمیان بەستەوە و بەو جۆرە فڕێیان دایەوە ژورەکە .

لەو ساتەشدا ئەو قیژەیە گرتی جەستەی لەرزی بەو وێنەیەوە بڕیاری مەرگی دا هەرچی ساکار گوشی وشەیەکی نەگوت .. ئەوانیش زانیان کە ئیتر ژیانی تەواو بوە لە ناو گێژاوی کارەساتێکدایە کە تەنیا بە مەرگ کۆتایی پێ دێت ئەوەش خۆزگەی هەمویان بو ، بەلام نهێنیەکانیان ئەو ڕێگەیەی لێدەگرتن زۆر جار بیریان لێکردەوە ڕۆژێك ساکار ئەوەی بە نیشتمان گوت :

* من کلیلەکانی ڕێکخستنم لایە نـاتوانـم خۆم بـکوژم ئـەگەر لێرە نەچمە دەرەوە ئەوا زێنێکی گەورەیە گەورە .

نیشتمان و شەوبۆش هەمان نهێنیان هەبو .. دەیانویست بمێننەوە بۆ زەمەنێکی دیاری کراو ، بۆیەش بەو جۆرە لەویان دەڕوانی ، ئەویش ئەو ڕۆژە تا ئێوارە وشەی لە دەم دەرنەهات بەردەوام لە دیوارەکەی دەڕوانی .. کاتێکیش خەوت دەمەو بەیانی هەستا نیشتیمانی گرت ماچی کرد ، دەستی گوشی ، قژی بۆ هەڵدایەوە :

* نیشتمان ئەگەر بیر و باوەڕت هەیە دەتەوێت خەبات بکەیت باشترین خەبات بۆ تۆ ئەوەیە پشتم بۆ دابنێ هەتا دەچمە سەر پە نجەرەکە .

نیشتمان دەستی لە خۆی شت بو گوێی بە هیچ نەدەدا .. لە دەردەکانی سۆماش ئاگادار بو بۆیە یەکسەر هەستا ، ئەویش چوە سەر شانی و دەستی لە پەنجەرەکە گیر بو ئەوسا قاچیشی بەرز کردەوە کاتێك چوە ناوی خۆی هەڵگێڕایەوە بەسەردا خۆی فڕێ دایە خوارەوە مێشکی پژا .. تەنیا قیژەیەکی بەهێز لە دەرونیەوە دەرچو .

ئەو قیژە و مێشك پژانە نیشتمانی توشی هستریا کرد ، بۆیەش لە گۆڕەپانەکەدا قیژاندی و جەستەی خستە بەر گوللە ، چونکە ڕۆحی سۆمای لە گەردەلولی باکەدا دەدی بە ئاسمانەوە دەفڕی و جەستەیشی بە خەڵتانی خوێنەوە لە بەندیخانەکە بۆ ڕۆحی دەگەڕا .

ئەو وێنە و دیمەنانە بە تەواوی لە بەندیخانەکەدا شێتیان کرد ئیتر هیچ هۆشێکی بە خۆی نەما .

تەقینەوەی دەنگی دو فڕۆکە ئاسمانی شارەکەی هەژاند ، ڕوانینی لەو وێنانە تێکەلاو بو بە یەکجاری بە ڕاڕەوەکەدا ماخۆلان گرتی ئیتر بە تەواوی شێت بو.

ئەو ڕەگە هەر لەگەڵیدا مایەوە کاتێکیش لە بەندیخانە دەرکرا بە شێتی بە ناو بازاڕدا دەگەڕا ... پاش دو ڕۆژ خەڵکی ناسیانەوە و بردیانەوە بۆماڵەوە .. ماڵیش تەخت و کاول تەنیا ژنەکەی مابوەوە لە ژورێکی پورە گوڵچیندا جێگیر ببو ، کاتێکیش لە دەرگاکە ئەودیو بو ئیتر ماڵەکەی شڵەژان ، گریانێکی گرت بە هیچ شتێك ژیر نەدەبوەوە ، بەو زامەشەوە شەو خۆیان پێچایەوە و لەگەڵ ماچەکانی پورکەدا کۆلانە و کۆلان لە شار دەرچون و زنجیرەی وێنەکانی ناو با مێشکی دەگرتن و بەردەوام ئەو وێنانەی دەخوێندەوە .

ئەو شالاوە بەردەوام پەرەی دەسەند کاتێکیش پاش چەند ڕۆژێك هاتنەوە گۆڕەپانی شار ئیتر ئەوەندەی تر شێت بو ، دەست و قاچی دەوەشاند و شاری هەراسان کرد بو ، کاتێکیش کارەبای نەخۆشخانەکە هێوری کردەوە ئیتر کەوتەوە گەرداوی وێنەکان و بە بێدەنگی لە فەزای دەروانی دەیویست بفڕێت و جیهان بەجێ بهێڵێت .

لەو ساتەشدا لەسەر لوتکەی شاخەکەوە ئەوانەی دەدیەوە ، تیژ دەزولەکانی بلاو دەکردەوە قولایی چاوی دەبڕیە ئاسمان .. دوا جار دەزولەکان هەموی تێك ئالان . دەنگێك لەو دیوی لوتکە شاخەکەوە بەرز بوەوە فیشەکێکیش تەقی ئیتر لەو خەیاڵە قوڵە پچڕاو هەردو دەستی داگرتەوە و بەرەو خوار هەنگاوی نا .. دوای چێشت هەنگاوێکی درەنگ گەیشتەوە ژورەکەی ، میمکەش بە دوایدا هات و لە دەرگای دا .. کاتێك هاتە ژورەوە پریاسکەیەك مێوژ و باسوق و هێلکەی کردەوە :

* هاتوم نوشتەیەکم بۆ کوڕەکەی مەحسومە بۆ بنوسیت .

موچڕکەیەکی ناخۆش گرتی بەو هێزەوە قەڵەم و کاغەزی هێنا نوشتەیەکی بۆ نوسی ، میمکەش لە فەقیانەکەی بەست ، ئەوسا بە جوتە ڕاست بونەوە لەو ساتەدا کفن پۆش وەستا ، گریەی منداڵەکە گوێی دەزرنگانەوە ، میمکەش بە حەپەساویەوە سەیری کرد ، ئەویش ئەو گریێیەی بۆ کردەوە :

* منداڵەکەی مەحسومە دەگری .

بەو بیرەوە میمکەی بەڕێکرد و لە جێگەی خۆیدا دانیشتەوە ، ساتێك لە شاخ و کێوی ڕوانی ، ئەوسا گڕی فتیلەکەی حەمکۆڵ لەبەر چاوی دەگرایەوە ، لەگەڵ دەزوی فڕینەکەیدا تەریب دەبون .. ماوەیەك بەو جۆرە بیری کردەوە ئومێدی بەوە نەما کە بفڕێت تەواو گومانی پەیدا کرد بو ئیتر بیری لە کەفی وەلیایەتی و مێشکی قفڵ دراوی شێت دەکردەوە لەوەوە کەفەکەی سەر لێوی خەلیفەی دەدیەوە .

ئەو کەفە تەمەنی خەڵوەکێشی ڕەنگاڵە دەکرد ، لەو ساتەی گوندەکەی بەجێ هێشت کەوتە گەڕان ، کاتێك لەگەڵ خەلیفە بو بە هاوڕێ ئەو نهێنیانەی بۆ دەگێڕایەوە ئەویش هیوای بینیی ئەو کەفە بو دەیویست لەوەوە نهێنیەکانی بون بزانێت .

ڕۆژێك خەلیفە ئەو هیوایەی هێنایەدی ، كاتێك گەیشتنە ئەشكەوتێك تەرمێك لەسەر تاشە بەردێك بو خەلیفە گورج ناسیەوە بە پەلە چوە ژور سەری و كەفەكەی نیشان دا .. كەفێكی سپی زەرد باو لەسەر لێوی هەلـــتۆقی بو ، دوای ئەوە لە بروسكەی مەرگی خەلیفەشدا بە چاوی خۆی بینی ئیتر ئەو كەفەی نەدیەوە .. لەو ساتەشدا بە خەیاڵ كەفەكەی خستە سەر لێوی ، ئەوسا بۆ نهێنیەكان چاوی هەتەر دەدا مێشكی بە جۆرێك قورس ببو وێنەی ڕەنگا و ڕەنگ یان پیا دەهات .. بەو شڵـــەژاویەوە چو بۆ سەر حەوز دەست نوێژی گرت و نوێژی كرد.. ئەوسا بروسكەكان لێیان دایەوە دەیویست جیهان ببڕێت ناچار بۆ شاخەكە سەركەوتەوە .. كاتێك لە گوندەكە دەرچو لە بن بەردێكا پوركەی دی بە تەزبێحەكەی دەستیەوە زیكری دەكرد ، ئەویش چوە بەردەمی پوركە دڵی پڕ بو ساتێك گریا ئەویش دڵی پڕ بو وێنەی ئەو ساتەی بیر هاتەوە كە سۆفی مێردی بوخچەكانی لێگرتن و ئەو ژورەی دانێ .. ئەوسا ئێوارە نان و چێشتی بە تارای كچیدا بۆ ناردن و بەو جۆرە هەتا گوللە باران كرا هەر خزمەتی كردن .لەو ساتانەشدا بەو وێنەیەوە لەوی ڕوانی دڵی پڕ بو بە تاڵە دەزوەكانی خۆی یەكسەر بە شاخەكەدا سەركەوت تیژ هەنگاوی دەنا و هەردو دەستیشی كردبوەوە وەكو بیەوێت هەمو زەمەن ببڕێ بە هێڵەكانی گەردوندا سەفەر بكات و گرێی نهێنیەكانی بون لە چركەكانی بای نەفخدا بكاتەوە !!

*******************************************************************

6

## ( ئێرە نیشتمانی گۆڕستانە هەمو ناسنامەیەك مەرگە و مەرگ وێنەی هەمومانە ، بۆیەش بومەتە كفن پۆش و بەرگی مردنم پۆشیوە )

بەو قسەیەوە كۆلارە خەیاڵیەكەی بەردا و گۆڕێكی تری هێنایە بەردەمی و بە قوڵی لێی ڕوانی ، كفنە زەردەكەی لە بەریدا دادڕی و لەسەر سنگی ورد بوەوە ئەوسا سەیری چاو و برۆ و كەللە و دەست و قاچی كرد و واقی وڕما :

* پێدەچێت تۆ لە سالأنێكدا مرد بیت كە گوللەی تیادا نەبو بێت ..هەرچی سەیرت دەكەم مرۆڤی دو سەد ساڵ لەمەو بەر بێت .

تاڵە دەزوەكەی بە قینەوە بەرداو گۆڕێكی تری ڕاكێشا .. هەر لە دورەوە خۆشی گرتی لە ڕوانینی ڕیشە سپییەكەی و سەرە سـافـەكـەی خـەندە كـەوتـە سـەر لێـوی بەو خۆشیەوە دەزوەكەی ڕاكێشایە بەر پە نجەرەكە :

* سۆفی كەریم زامێك كەوتۆتە جەرگمەوە سارێژ بونی نییە و ئەو گولانەی بەر تۆ و تارا و شەونم كەوتن دڵـیان گرتم لەو ساتەدا جیهانم كاول كرد لە ئەشكەوتەوە زرێ پۆشەكانم دەسوتاند كەچی ئێوە هەر كوژران .. ئاخ ..

بەو ئاخەوە لە جەستەی ڕوانی گوللەكانی دیەوە ، ئەوسا قریشكەیەكی كرد و ڕوی وەرگێڕاو لە پڕ دەزویەكی تری هەڵـدا بە كۆلارەكەی گۆڕێكی ڕاكێشا هەر لە دورەوە فرمێسكی ڕشت كاتێك گەیشتە بەر پە نجەرەكە ڕایگرت :

* شۆڕش چەند ساڵە نازانم كامەیە گۆڕی تۆ و هێمن ئەو گۆڕستانەم ژمارد و نەمدۆزینەوە دەمەوێت بزانم بۆ هێمنت كوشت .. بۆ ؟

بەو قسەیەوە قریشكەیەكی كرد ، ژورەكەی هەژاند ، پاشان دەستێكی بە ناوچەوانیدا هێنا و كەوتە ڕوانینی دیمەنی ژورەكە .

ئەو بەیانیە ڕەنگەکان تێکەڵاو ببون.. بۆنێکی تفت و تاڵ بە ڕەنگی مردوی سیواخەکەوە تێکەڵاو ببون پەرش دەبونەوە ..
ئەو بۆنە بە جۆرێك لوتی گرتبووەوە مەلی سەرنجی هەڵــدەفڕی و دەکەوتە گەرداوی گومان و گەڕان بە دوای نهێنییە ونەکانی بوندا.. بونێك کە هەمیشە مێشکی جەنجاڵ کرد بو.. بەو گومان و ڕاڕاییەوە وشەکانی تێکەڵ بە فرمێسکەکانی دەکرد .
* ئەم جیهانە پا پۆڕێکە بزر ..مرۆڤـ لە مەرگێکدایە بەبێ شوێنەوار ..زەوی شریخەیەکی دەوێت یا یەکی گڕاوی کاتژمێری مێژو بسڕێتەوە ئەوسا هەمومان لە نهێنی مەرگدا بەشدار بین .
بە شەکەتیەوە لە پەنجەرەکەی ڕوانی ئەوسا نزیك بووەوە لێی و چاوێکی بە گوندەکەدا گێڕا، ساتێك لە کارەساتە خوێناویەکاندا نوقم بو ئەوسا جەستە مەرگاویەکانی دەدیەوە ، بەو بیرەوە گێژەڵوکەیەك لە مێشکیدا هەڵی کرد لا پەڕەی مێژوی گوند و شار و جیهانی دە پێچایەوە .
تەقەیەك لە دەرگاکەی درا.. تالیم بە باوەشێك نانەوە هاتە ژورەوە ..نانەکەی خستە قوڵـینەکەوە ئەویش بەردەوام لێی دەڕوانی کزەیەك لە جەرگی هەستا بەر لەوەی دەرگاکە دا بخاتەوە بانگی کردەوە :
* چەکــدارێــکی کراس سپییەکان جوتێك پێڵاوی لێ بەجێ ماوە ئەوە ماوەیەکە نەهاتۆتەوە لە پێی بکە بۆ تۆ باشە .
تالیم ساتێك لە ژورەکەدا پێوەی گەڕا خۆشیەك گرتی دەیویست چی زوە بچێتە دەر و پێوەی بڕوات .. بەو نوخشەیەوە دوا ئەمەکی خۆی هێشتەوە و چوە دەر.. ئەویش دەرگاکەی داخستەوە و دوا دەنگی تالیم لە گوێیدا زرنگایەوە.. بەو دەنگەوە ناوچەوانی سڕی :
* شوکور پور فات هەتیوی نییە .
بەو دڵــنیاییەوە نانێکی هێنا و جامێك ئاویشی لە گۆزەکە ڕۆ کرد ، ئەوسا لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشت و پاش ئەوەی نان و ئاوەکەی خوارد شانی خستە سەر سەرینەکە و لە ناو دیمەنی ژورەکەدا مات بو .. لە دار و قڵــیشی ژورەکەوە تابلۆیەکی چڕی بۆ دەنەخشا لە بیرەوەریەکی کۆندا شەلال بو ، یادێك کە کارەساتە خوێناویەکان نەیانتوانیبو بە بەرداشی ڕۆژگار بیهاڕن تا ئەو ساتەش بە زیندویی لەلای مابووەوە جارێکی تر لە ڕوانینیدا سەوز دەبووەوە ..
نیوە شەوێکی تاریك هەمو دەنگێك لە شەپۆلی هێزی بایەکی ترسناکدا خنکا بو ، ژورەکەش تەزی بو.. با لە کونی دەرگا و پەنجەرەوە بە تیژی دەهات و زۆ پاکەش سات بە سات سارد دەبووەوە ، ئەوەش جەستەی تەزاند بون ناچار جێگەیان ڕاخست و هەردو بەیەکەوە جوت بون .
چەند ساڵێك بو ئەو جوت بونەیان بە خۆیانەوە نەدیبو ، کارەساتەکان وزەیان لەبەر بڕیبون لەو ساتەشدا بە جۆرێك جوت بون وەکو بۆ دوا جار لە یەکتری دابڕێن و یەك نەگرنەوە .
شەونم هەناسەکانی بە ئەستوراییی پێخەفەکەوە خەفە ببو ، ژانێك ناوسکی گرتبو بەدەم سڕ بونی جەستەیەوە وێنەکانی دە پێچڕاو ئەویش دوا جار خامۆش بون ، ئەوسا دەستیان کردە ملی یەك ، دوایی جیا بونەوە ، پاشان جارێکی تر جوت بونەوە .

ڕەشەبایەکی بەهێز گوندەکەی دەگرت درەخت و دەوەن تەزی بون بێدەنگیش لە ناو تاریکی و کزەدا دەخنکا ، دەنگێکی تریان پێك دەهێنا ئەو هێزە تەزیوە بە جۆرێك ژورەکەی گرتبو لە ناو پێخەفەکەشدا بە تەواوی لێك ئاڵابون ، لەگەڵ جوڵەی جەستەیاندا گەرمیان دەبووەوە لەگەڵ فیشکەی هەناسەکانیان هەڵمێکی چڕ و پڕ ناوچەوانیانی دەگرت .. جوت دەبونەوە و جیا دەبونەوە سەرماکە جوتی دەکردنەوە .
ئەوە چەند ساڵــێك پتر بو کەچی تازە ئەو بۆن و بەرامەیەی هەڵــدەمژیوە و لە ناو تەوژم و بۆنی ئەو ساتەدا دەژیایەوە .

ساتێك وەك پەیكەر لە خۆی ڕوانی تامێكی خۆش بێخی ددانی دەگرتەوە كە تەنیا لە شەوی زاوایەتیدا ئەو چێژەی چەشتبو ، ئەوەش تامێك بو هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە ، ئەو شەوەش بە پاڵ بەربوك فرێی دایە ژورەكەوە بە چە پۆك ڕەگی ئارەزوی دەجولاند ، دوای ئەوەش لەبەر دەرگاكە چاوەڕوانی پەڕۆ سپیەكەی دەكرد كە بە دەرزی بە دۆشەكەكەوە بەستبوی ..ئەوانیش سەریان سوڕما بو ، هەردو لە یەكتریان دەڕوانی لە كاتێكدا دەرزییەكەیان گۆڕییەوە زاوا لە بوك چوە پێش.. ئەویش پاڵ كەوت و ئەمیش چوە سەر سكی.. دەستی بە قژە خاوەكەیدا هێناو ماچی كرد ، هەر ئەوەندە ئیتر هیچیان شتێكی تریان نەزانی ، بەربوك كەوتبوە بۆڵە بۆڵ و ئاخ و ئۆفی دەكرد :

* برایم شیروانی كوڕت نابێت بە زاوا گێلە .. من ئێستا چی بكەم ئامەخان چاوەڕوانی پەڕۆكەیە تەنیا ئەو كچەی هەیە و بە قەد دنیا خۆشی دەوێت .

ورتە ورت دروست ببو هەمو چاوەڕوانی زاوا بون مژدە بدات ..بۆیە ناچار توند لە دەرگایان دا بانگیان كردە دەرێ.. ئەویش جەستەی شەلالی ئارەقی شەرم ببو ، بە دەستی باوكییەوە توانای وشەیەكی نەبو ، ئەویش بردییە قوژبنێكەوە و حەشمەتی خۆی بەسەردا باراند :

* تۆ چۆن پەیمانگای مامۆستایت تەواو كردوە كە نەزانیت كچێك بكەیتە ژن؟ .

بەدەم قسەكانیەوە لێوی خۆی دەكرۆشت و بەو جۆرەش بە پەنجەی ئەو وێنەی بۆ كێشا و بە گوێیدا چپاند ، ئیتر هەر ئەوە بو كاتێك چوە ژورەوە یەكسەر دەرپێی بوكی داكەند ، ڕانی ماچ كرد ، جوان ئەمبەر و ئەوبەر ئەوسا هەردو ئەژنۆی هەڵبڕی و چوە ناوەندیانەوە ..هەر ئەوەبو لە ساتێكدا پەڵەی ڕەنگا و ڕەنگ بە هاوارەكانی بوكەوە ڕژانە سەر پەڕۆكە ، ئەویش وازی نەهێنا هەر تەكانیدا بە جۆرێك ئەو جەستەیەی خرۆشاند و لەزەوییەوە بۆ ئاسمان دەشنایەوە هەتا پشوی دا ، كاتێكیش هەستایەوە لە یەكتریان دەڕوانی تامێكیان دەچووەوە كە هەرگیز نەیان دیبو .

كزە بایەك لە پەنجەرەكەوە كشا و ناوچەوانی تەزاند ، لە كاتێكدا ئەو تامەی هەڵدەمژیەوە گرژ بو وەكو پـــەپولە نیگای هەڵـدەفڕی.. لە پڕ ڕوانینی بەو چێژەوە گیرسایەوە لە بۆن و بەرامەی ژورەكەدا مۆمیا بو .

ئەو مۆمیا بونە زۆر جار لەو ژورەدا تراژیدیای كارەساتەكانی لە قڵش و درزەكانیەوە پێدەخوێندەوە ، لەو ساتەی قاچی خستە گوندەكە یەكەم كەس سۆفی بو ئەو ژورەی دایە.. كە جێگەی كەسانێكی تربون بەهۆی ڕوداوەكانەوە بەجێیان هێشتبون یادگاریەكانیان بە زیندویی مابونەوە ..هەر بۆیەش ئەو دار و دیوارەی بە كتێبی عەشق و مەرگ دەزانی ، دوای مەرگی ژنەكەشی ئەو دێڕانەی دەخوێندەوە و پاش ئەوەی پێنج ساڵ خولایەوە كەچی جوگرافیای گوندەكە بۆ ئەفسانەكانی خۆی كێشی كردەوە .. لەو ساتەشدا بەو دیمەنەوە لە درز و قڵێشی سیواخەكەوە جیهانی دەخوێندەوە :

* ڕوانینم بە گۆڕی شوشە دا پۆشراوە جیهانیش بەو وێنانەوە وێنا بووە تەنیا گۆڕستانێك جوگرافیاكەی پێك هێناوە .

ئەو خەیاڵەی خستیە گۆڕێكی تەنیاییەوە كە تەنیا كەللە سەرێكی تێدا بو بە تاڵە دەزویەكی ئەفســـانــییەوە مــێــژوی چاپ دەكـــــردەوە ، بـــەو بـیـرەوە پەنجەی خستە دەمیەوە و لەناو زریانی مێژودا مات بو .

لە ڕوانینی سیواخ و دار و پەردوی ئەو ژورەوە هەمیشە ئەو گۆڕەی دەدی گۆڕێك كە یەكەم جار لە پەرێزی گوندەكە بەرچاوی گرت وای دەزانی كەوتۆتە جەنگەڵـستانی مەرگەوە ، هەر بە كتو پڕیش لە ناو زرمەی تەقینەوەی تۆپ و بۆمبا و دەسترێژدا دەنگێك لە شالاوی خوێن و تاریكی جەنگەوە بەرز بووەوە بە تیژی مۆسیقای مەرگی دەژەند :

* ( ئێرە جەنگەڵی كوشتارە مەزاری ئەو تەرمە سپییانەیە كە بەبێ تابوت بەسەر زەریای خوێندا دەسوڕێنەوە و لێرەوە بۆ خاكێكی تر كۆچ دەكەن لە ڕۆحەوە بۆ جەستە و لە زەوییەوە بۆ ئاسمان .. ئێرە نیشتمانی مین ڕێژی ڕۆحی ئەو پەپولانەیە كە بە ژیان نامۆ بون و لە ون بوندا دەخولێنەوە ) .

لەو گۆشە نیگایەشەوە تیشکی خۆر لەسەر برینی جەستە خوێن گرتوەکان هەڵمی بەرز دەکردەوە خوێن ببوە زمانی مادە و سروشت .
بەو وێنەیەوە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە وەکو کەسێك بە پاتری ئیش بکات بەو جۆرە بەبێ هۆشی پەلی ژنەکەی دەگرت و بەرەلای دەکردەوە ..کاتێك لەسەر تەرمی کورەکەی وەستاندیان دەنگێکی کپ گوێی زرنگاندەوە :
* ( ئەوە جەستەی هێمنە لە خوێنێك هەڵکشاوە رەنگ و واتای تری هەیە.. بزانن شۆرشی برای چۆنی کوشتوە ؟..دەیزانی ئەستێرەیەك بەسەر خۆیدا دەخاتە خوار بەلام کراسە سورەکەی ناچاری کرد کوشتی ) .
بەو وێنەیەوە بەرە و دەستە چەپ روە و تاریکی دەنگە خنکاوەکان هەنگاوی دەنا.. وای دەزانی بە شارستانیەتی جنۆکەدا بۆ قولایی زەریایەك دەچێت کە جەستە قوت بدات و نهێنی جیهان لەو مەزرا تاریکیەوە ببینێتەوە .. هەر ئەوەش بو ببوە رەمز و زمانی بون لە دوایی زەمەنی رووداوەکانەوە وێنەیان لـەلای دەکێشـا.. دەنگێکیش بە دوایاندا دەهات سات بە سات پەرەی دەسەند و بەرەو قولایی نهێنیەکانی دەبردن :
* ( لێرەوە بەرەو ئاسودەیی جیهان دەچن .. ئەوەتا شۆرش دڵی سۆمای خستۆتە جەستەیەوە لە ناپاکی هێمن رزگاری کردن.. ئێستا ئەو بە دوای دڵۆپەی مەمکی ئاسماندا دەروات ئێوەش لەم دۆڵەوە بە دوایدا بچن .. وەکو زەوی و دڵۆپە یەك بگرنەوە )
.ئەو دەنگە بۆ گەردەلولی جەنگ رایدەکێشان لە نیشتمانی وێنەیەك کە گومان بو بەرامبەر بە حەقیقەت لە گێژەنگی رەشەباوە دەردەکەوت .. گەلای سەر تەرمەکەی شۆرشیان نیشان دەدا و هیچ واتایەکیان بۆ گومان و راڕایی بەسەر برینە قوڵەکانەوە نەدەهێشتەوە.. بێدەنگی جیهانیان قفڵ دەدا بە جۆرێك زەوی لەو بێدەنگیەدا بتەقێتەوە .
دەست رێژ و تەقینەوەی گوللە تۆپ و کاتیوشا و چل چل و دۆشکا و دەنگی فرۆکە و هێلی کۆپتەر لە ئاسمان و زەویەوە تێکەلاو دەبون.. رەشەبایەکی بەهێز مێشکی گرتبو .. شالاوی کۆچ و مرۆڤ و ئاژەڵ و ران و گا و کۆتەڵ و ئەسپ کەر و ولاخ و ئۆتۆمبێل و تراکتۆر لەگەڵ تەقینەوەی بورکانی جەنگدا تێکەلاو دەبون .. زریانێکی ئەفسانەیی ناوچەکەی گرتبووەوە هەمو بۆ سەر رێی شار هوروژمیان دەبرد و گوند و خانوش لەدوایانەوە دەتەقینەوە و لەو شالاوەدا گێژ بو بون توانای رشتنی فرمێسکیان نەبو .. دەنگێك بەسەریاندا هات ، دەستێکیش رایکێشانە تراکتۆرێکەوە :
* دیارە ئێوە خوێن گرتونی برۆنەوە بۆ شار.. برۆن ئیتر گەردەلولی خوێن و جەستە و رۆح لێرەوە بۆ جیهان هەڵ دەکات .
ئەو رستەیە دای چڵەکاند .. بە تەقە تەقی عەرەبانەکەش ئەوەندەی تر خرۆشا و ئەو روبەرە تەنیا رەنگی گۆرێکی لەلای دەدایەوە.. ئەو وێنەیە لە جوگرافیای دێیەکەوە دەهاتە بەرچاوی وەك ئەو گۆرە روبەرەکەی دەدیەوە ..
لەو ساتەشدا ئەو دیمەنە گرتی ، درز و قلیشی دیوارەکە ئەو وێنەیەیان دەدایەوە گەردەلولێك لە مێشکیدا هەڵی دەکرد جەستەی لە رۆح جیا دەکردەوە .
ئەو گێژاوە لە روانینی شاریشەوە مێشکی گرت ئاسمان رەنگێکی پرتەقاڵی دەدایەوە بە تەوژمی با و هەورێکی خوێنینەوە رەنگاڵەی دەکرد.. وەکو وێنەی جەستە تەزیوەکانی چاپ کرد بێت بەو پێیەش کۆلان و کوچە و میوانخانە و ماڵەکان پر ببون لە بریندار ..مزگەوتەکانیش بە خەڵکی لێقەماو پر ببونەوە .
بەو وێنە سور باوانەوە بە کۆلانەکاندا دەگەرا تەلیسمی جۆراو جۆری شاخ زنجیرەیان دەبەست.. ئاوێتە دەبون و دەکوژانەوە .. هەر کاتێك کە لە شار دابەزی لەو ئاسمانەی روانییەوە سێبەری ئەو ناوچەیەی دەخوێندەوە.. ئیتر رەگەکانی جەستەی جولان.. شێتیەکەی تەواو پەرەی سەند.. کەوتە پەل و پۆ هاویشتن ..بە کۆلانەکاندا دەگەرا بەردە فرکەی دەکرد و منالان بە چەپڵەوە دوای دەکەوتن .. شێتە شێتە بانگیا ن دەکرد ئەویش باڵی دەکردەوە و دەیویست بفرێت .. فرە فر لاسایی فرۆکە و مەل و باڵندەی دەکردەوە..

چەند ڕۆژ بەو جۆرە شاری وروژاند ڕۆژانە شەونم بە دوایدا دەگەڕا پەلی دەگرت و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە قژی خۆی دەرنیەوە :
* لە شۆرش و میللەت و جیهان تەنیا پورکە بە کەڵکمان هات ، خانوەکەمان تەخت کرا.. پورکە ئەو تاقە هۆدەیەکی داوینەتێ ، تۆ دەتەوێ ئابڕوی ئەویش بەری ئیتر بەسە شێتێتی ... وەرەوە سەر خۆت .
چەندی لەگەڵ گوت چاری نەبو ئەو لە مەداری خۆی دەرچو بو ، تازە وەکو شێت لە شارەکەدا ناسرا بو ، بۆیە ناچار بردی بۆ لای پزیشك.. ئەویش بیری لە کارەبا کردەوە ، نەخشەی بۆ کێشا .. ئەویش شالاو مێشکی دەگرت و دەلەرزی.. گلۆپەکانی ڕوانینی دەبونە گەردەلول و یاری جەستەیان پێدەکرد.. کارمەند ەکان دەست و قاچیان گرت.. ئەویش بە تابلۆیەکی خوێن چڕەوە تەرمە سپییەکانی لە گڕی خوێندا دەدیەوە ، پزیشکەکەش پەنجەی خۆی گەست ، ئەویش لە تەزوی کارەباکەوە لە دەریای ڕوانین دا نوقم ببو ، دەیویست زنجیرەی تابلۆ خوێناویەکانی بگرێتەوە لەو ساتەی لەسەر چرپاوەکە ڕایان کێشا گۆڕا ... دوای یەکەم کردەی کارەبا تەواو گۆڕا ، ئیتر بۆ ماوەیەك هێمن بو تەنیا ورتە ورت و حاڵەتی ناوەوە گرتی دەست و قاچ وەشاندنی نەما ، کاتێکیش چو بۆ فیلمی جەنگی ڤێتنام تێك چووەوە ..جارێکی تر بە بینینی فلیمی هێرۆشیما لە سینەماکەوە ڤیژاندی پۆلیس بە لێدان کردیانە دەرەوە ، دوای ئەوە ئیتر بە کۆلانەکاندا دەسوڕایەوە مێشکی شەپۆلی دەداو خۆی بۆ فڕین ئامادە دەکرد .. وێنەکانی ئەو دو فلیمە لە مێشکیدا چاپ ببو زۆر جار ڤریشکەی دەکرد هەتا ژنەکەی لە کۆلانێکدا دۆزیەوە قژی خۆی ڕنیەوە و گۆنای بریندار کرد :
* چوار منداڵم کوژراوە تەنیا و تەنیا ماومەتەوە تۆش بویتە دە مەرگی تر ئیتر بەسە .
ئەو هیچی نەدەبیست ئەویش پەلی گرت و بردیەوە بۆ ماڵەوە بۆ بەیانی بردیەوە بۆ لای پزیشکەکە .. ئەویش یەکراست وایەرەکانی بە لەزگە لەملاو لای سەر توند کرد و پرۆژەیەکی تری کارەبای بۆ دانا ، لەو ساتەی پەنجەی بە پلاکەکەدا نا ئیتر لەرزی وێنەکان تێکەلاو دەبون .. پاش ئەوەی لەزگەکانی لێ کردەوە پشویەکی دا لە ناو وێنەکانی با یا مۆمیا بو .
ئەو ڕۆژە یەکە مجار بو لە سەرەتای ڕوداوەکانەوە سەیری ئاوێنە بکات بە وردی لەخۆی دەڕوانی برۆ و برژانگ و و کوڵم و ددان و سەر و ڕیش ، شەونمیش تاقم تەراشەکەی بۆ هێناو ڕیشی تاشی ئەوسا دەم و چاوی بۆ شت و بەو جۆرەش هەر هات و ئاوێنەکەی هەڵگرت و لەخۆی ڕوانیەوە بەرزی دەکردەوە و نزمی دەکردەوە وێنەی ساڵانێکی ڕابردوی دەهاتەوە بەر چاو ، پێستەکەی دەگۆڕا بۆ منداڵی ئەو ڕۆژانەی بەشەڕە قۆچەقانی شاریان تەی دەکرد و بە شەکەتیەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە .
* دایکە چیمان هەیە ؟
* دەرد .
قاچی بە زەویەکەدا دەکێشا و خۆی تورە دەکرد :
* چیە ئەم دەردە دەردە ؟
* ئەی تۆ چیتە لە شەڕە قۆچەقانی بۆ دوای خوێندن ناچیت یاریدەی باوکت بدەی .. بــە تەنیایە لە کچ و کوڕ تۆ شـك دەبـــا.. تـــۆش ئەوەیت کە هەیت ..دەزانی ئێمە بە سێ منداڵ جگەرمان سوتاوە؟.. شەرم بکە .
جارێك بەو جۆرە چوە بەردەمی دارێکی پیا کێشا :
* سەری ئەو کوڕەتان بۆ شکاندوە ..؟
* من نەبوم بەخوا ..
* ئەی کێ بو دایکی هاتۆتە سەرم و بەسە ..!
* دایکە ماچێك و پێنج فلسم بدەرێ .

ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە بو لە پڕ گۆڕا وازی لە شەڕ و کۆلآن هێنا ، دوای قەتابخانە دەچوە لای باوکی لە دوکان دادەنیشت و دەیویست چی زوە ئەو بڕوات ، ئەمیش چاوەڕوانی ژوانەکەی بکات ، کاتێکیش ئەو دەڕۆیشت ئەویش دەهات :

* چۆنی بازرگان .

* گیانت کێشام چەندە چاوەڕوانم کردیت .

* ئەمشەو شیعرەکانم خوێندەوە .

لەو ساتەشدا ئاوێنەکەی بەرزکردەوە :

* هەردوکمان گەنجین گەنجم کەی شاییەکەمان بکەین .

* شایی هەر بۆ من و تۆ باشە .

* لە بیرتە دایکم مرد .

* دو مانگ دوای دایکم کە هیوامان بو ... بیرمە منداڵـێـك هات لە حەوشەکەوە قیژاندی خەرمان خان مردوە .

لە ئاوێنەکەی ڕوانیەوە دایکی تیا دیەوە ..ئەوسا دڵـۆپەیەك فرمێسکی هەڵـڕشت ..هەناسەیەکی هەڵـکێشا و لەو شاڵاوەدا مات بو ،

دوای ئەوە کەمێك هاتەوە سەر خۆی و بە بێدەنگی ژیانی کۆکردەوە و دەست و قاچ وەشاندنی نەما وەکو شێتێکی بێوەی دەگەڕا ، هەمیشە بە گەرداوی وێنەکانی باو ڕەنگی کارەساتەکانەوە لێوی دەجولآند و بەردەوام لەو وێنانەی دەڕوانی ..لە ئاسمانی شارەکەوە بۆ قولآیی جیهان چاوی هەتەر دەدا و لەوێوە ئاسمانی زەویەکەی دەدیەوە ، ئەو فەزایەی لێی ببو بە تاقە گۆڕێك کە تواناى شاردنەوەی جیهانی هەبو بەو بیرەشەوە جەستە لەبەر چاوی هەڵـدەفڕی و بەو وێنەیەوە ڕوی دەکردە بۆشایی ئەو پڕۆڤەیەی لە گۆڕەپانی شارەوە دەیکرد ، ڕۆژێك بەو وێنەیەوە ڕوی کردە شاخەکە وەك ئــەو ســـاتـــەی لەسەر کۆمەڵە تەرمەکە وەستاو بەو جۆرە کارەساتەکانی خستەوە بەرچاو و ویستی بفڕێ :

* شۆڕش ... شو ...

دەیان وێنەی فۆتۆیی بۆڕسکاو وای دەزانی لە فەزادا بە باڵ دەفڕێت ، دەیویست بفڕێت و بچێت قسەی لەگەڵـدا بکات وێنەی تەمەنی دەدیەوە ، لە مناڵـیەوە هەتا دوا چرکەی مەرگی هەموی دیەوە دوا سات وەکو مەلێك پەلاماری دەدا .. ئەوسا بو بە کۆترێکی سرك و لە شەقەی باڵـی دایەوە ..!

یاری لەگەڵـدا دەکرد وێنەکەی هێمنی بۆ هەڵ دەدا ، وەك ئەو ساتەی لەسەر لیژنە تەرمەکە چەکدارێك دایە دەستی :

* ئەوە وێنەی هێمنە مانگێك بەر لەم جەنگە بۆی نارد .

ئەو وێنەیە بو بە کارەسات بۆ شۆڕش ، کاتێك وەری گرت خستیە گیرفانیەوە چوە ژێر درەختێکی بەرز سەیری کرد .. خستیە دڵـیەوە ماچی کرد .. لەو ساتەی پشتەکەی خوێندەوە :

* با لەدوای مەرگمان برایەتیمان هەبێ وەکو لە ژیاندا نەمان بو .. چونکە لەم شاخە وشەیەك نیە ناوی برا بێت .. ئیتر سۆماش خۆی کوشت تەنیا من و تۆ ماوینەتەوە پێویستە بیرێك بکەینەوە .

لەو ساتەدا فەرماندەکە هاتەژور سەری تورەیی گرتی :

* بۆ هێمن دەگریت ...

* برامە و ئەو وێنەیەی بۆ ناردوم هەواڵـی مەرگی خوشکەکەمی بۆ نوسیبوم .

* کراس سپی نابێتە برای تۆ ئەگەر بڕوات ئەوەندە بێ هێزە ببە بە کراس سپی چونکە خوشکەکەشت کراس سورە ، شەرمە ئەوەندە ورەت نزم بوە ،

ئەوەی گوت بە قوڵــی سەیری کرد و چوە دواوە ئەویش لە دڵەوە دەگریا ئەو ڕۆژەی بیر هاتەوە کە بەسەر تەپۆڵــکەکاندا هەنگاوی دەنا :

* بیان کوژن ... مەگەڕێنەوە ...

سەعید لێی ڕوانی :

* شۆڕش هێمنیش .

* هێمن کێیە .. ؟ خوشك و برا لە لای من نیە .

لەسەر لێژنە تەرمەکەش ئەوەی دوپات کردەوە ، لە کاتی گوللە باران کردنی دیلەکاندا گریا .. بەو چاو و مێشکانەی لەسەر خۆڵەکە یارییان دەکرد .. لەو ساتەشدا ئەو وێنەیە گرتیەوە لە دڵەوە نەفرەتی کرد و تفەنگەکەی کردە شانی و بە شاخەکەدا سەرکەوت.. ماوەیەك بەو داخەوە تلایەوە هەتا جەنگ دەستی پێکرد ..ئەوە توشی گەرداوێکی کرد هۆشی بە خۆی نەما ..وشەی هێمن سات بە سات دەهاتە گوێیەوە تانەو تەشەریان لێدەدا.. ڕۆژێك لەگەڵ فەرماندەکە گرەوی کرد :

* بەڵــێ شەرتە خۆم بیکوژم .

* بڕیار .

ئەو بڕیارە توشی کێشەی دەرونی کرد.. ڕۆژێك بیری کردەوە بڕوات سەعیدی بانگ کرد :

* سەعید دەڕۆم چەکەکەم فڕێ دەدەم .

سەعید قاقا پێکەنی دەستی بۆ دانەواند :

* وریابە شوشەیەك نەشکێنی ..تۆ نە کوڕە بۆرژوا و فەرماندەی هەتا بچیت بۆ هەندەران نەدەش توانی لە شوێنێکــــا دابنیشی .. ئــــەمــــانە کارێکیان پێ کردوین بەس بڕۆین کوژراوین دەزانیت چەندەمان دوژمن هەیە .

بەو وێنەیەوە مایەوە ڕۆژانە تفەنگەکەی بەسەر سەریدا دەکێشا.. توشی بارێکی ناهەموار هات ..دوای گوللە باران کردنی هێمنیش تێك چو خوێن گرتی.. ئیتر نەی توانی تاقە فیشەکێك بتەقێنێ بۆیە چەکەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و وێنەکەی هێمنی لە گیرفان دەرهێناو بە دیل گیرا .

* لەو ساتەشدا ئەو وێنەیەی پیشان دەدا وەك ئەو ساتەی لەسەر تەرمەکە دایانە دەستی دو دیمەن تێکەلاّو دەبون .

ئەو تەوژمە لە درز و قڵــیشی دیواری ژورەکەیەوە دیاریان دەداو لە فەزای ئەو ژورەوە فەزای شارەکەی دەبینی و بەدەم کۆچی جیهانەوە ڕۆح و جەستە یاریان دەکرد بلاّودەبونەوە و یەکیان دەگرتەوە لە قولاّیی ئاسمانەوە بە گرێکی نەبینەوە وێنەکانی ناو با لەبەر چاویدا چاپ دەبونەوە لەبەر دوکەڵ و گڕێکی ناوەختەدا لێی دەڕوانینەوە وێنەکانی ناو بای تیادا دەدیەوە

**********************************************************************

## 7

**( ئەم بـا یە نهێنی بونی هەڵـگرتوە وێنەی مەرگ لە ناویدا بە زیندویی دەمێنێتەوە بۆیە مرۆڤ لە مەرگدا دەحەوێتەوە ) .**

پاروەکەی خستە دەمیەوە و خۆی لە ئاگرەکە نزیك کردەوە :

* شەونم ئەم ئاگر و چایەی تۆ نەبوایە ڕەق دەبوینەوە ، چ سەرمایەکە ئۆف ئیتر بەرەو گۆڕەپانی جەنگیش دەچین .

* تازە هەست بەسەرما دەکەیت ماوەیەك لەمەوبەر شەو لە کۆڵانان دەمایتەوە وەکو تەختە وا بویت .

بایەکی بەهێز لە هەمو لایەکەوە دەهات کزەیەکی تەزیوی دەبەخشی دەنگی تراکتۆر و سرمەی کەر و وڵاخ لە بەردەڵانیەکاندا ئاوێتە دەبون لە بنارەوە بۆ لوتکە و شیو و دۆڵ تێکەڵاو دەبون لە ناو تاریکیدا وێنەیان دەشاردرایەوە بە گڵۆپەکانی شارەوە یاریان دەکرد ، ئاگرەکەش بە دوکەڵێکی چڕەوە بەرز دەبوەوە..جار جارە کۆمەڵێك چیلکە و چەوێڵیان سەردەخست گڕەکەی بەهێز تر دەبو .

دەنگی ڕادیۆیەك لە تاریکیەکە بەرز بوەوە لەبەر گڕەکەدا سیمای پیاوێك دەردەکەوت وردە وردە دەهاتە پێشەوە دەنگەکەش بەهێزتر دەبو کاتێك گەیشتە لای ئاگرەکە لەجێی خۆیدا دانیشت ڕادیۆکەی لە تەنیشتەوە دانا و دەستی گەرم کردەوە :

* من شەکرەمە ناتوانم ئیتر هەنگاوێکی تر بنێم مردوم و گیانم تیا نەما .

بەو قسەیەوە خۆی لە ئاگرەکە نزیك کردەوە ڕادیۆکەی جوڵاند :

* حەمەڕەش لێبوردنی دەرکردوە پاش ئەوەی هەزارانیان گرت .. چی ماوە تازە شارێکی کاول کرد .
زرەی پیاڵە تێکەڵی باکە دەبو ، کاتێك شەونم چایەکەی بۆ تێکرد لەبەر دەمیدا داینا ئەویش کتوپڕ تێکی داو قومێکی لێ خواردەوە .
گرمەی زرێ پۆش بە چوار دەوری شارەوە دەهات ، خشە و جوڵە و هاوار و گریەی ڕەوکەرانیش بەشیو و دۆڵ و لاڕێ و سەر ڕێگا و بنار و پێدەشتی دەگرتەوە ، گریەی شیرەخۆرە و هەناسەی ماندو بون مۆسیقای ڕەویان پێك دەهێنا و لە هەمو لایەکەوە هاوار و قیژە هەڵدەستا پیاوەکەش ڕادیۆکەی کوژاندەوە لەوساتەدا شیروان چیلکە و چەوێڵی خستە سەر گڕەکەی کاتێك گڕەکەی بەرزبوەوە پێکەنی :
* شاخ و شار هەردو بونەتە دۆزەخ .
پیاوەکە دوا قومی چاکەی هەڵقوڕاند و جگەرەیەکی داگیرساند :
* لەو جێگەیەی هاوار کوژرا دەیان کەسی تر بەبێ تاون کەوتن ، شار ڕەنگی خوێنینی گرتبو دەزانیت چەندە خەڵك گیراوە ئەمشەو گوللە باران دەکرێن .
* بەڵێ ئیتر نە شار جێگەی ژیانە و ئەوەش شۆڕش ، ئیتر میللەت چی بکات .
* من سبەینێ دەگەڕێمەوە توانام نیە یەك هەنگاو بنێم .
* تۆ بگەڕێرەوە ئێمە دەڕۆین تازە ناتوانین لە شاردا بژین .
* بۆ ناتوانن هەردوکتان تەمەنتان هەیە کێ حەقی هەیە بە سەرتانەوە ..
شیروان ئاخێکی هەڵکێشاو بێدەنگ بو ئەویش گوێی دەرپەڕاند بو ئەویش بە بێدەنگی لە شەپۆلی تاریکیکەی ڕوانی شەونم پیاڵەکەی لەبەردەم لابرد لەو ساتەی چایەکی تری خستە بەردەم ئەو گریێیەی بۆ کردەوە :
* لە شار بوینایە هەر ئەمشەو ئێمەش زیندە بە چاڵ دەکراین ئێمە کەسمان نەماوە منداڵەکا نمان هەموی کوژران .
ئەوەی گوت فرمێسکێکی هەڵڕشت لە دڵەوە گریاو خێرا بەسەر پۆشەکەی سڕی و سەر خۆی نەهێنا ئەو ساتەی بیر هاتەوە کە هاوار هاتە حەوشەکە دەستی کردە ملیەوە :
* یا من دەبم یا بەرێوەبەر تۆڵەی سۆما دەکەمەوە نامەم بۆ ناردوە کە هیچ چارەیەکی نیە دەبێت لە تۆڵەی ئەو و دەیانی وەکو ئەودا بیکوژمەوە .
بەو وێنەیەوە بێدەنگ بو.. دو تراکتۆر لە سەرەوە هاتن لەویا وەستان و چەکدار بە پرتاو خۆیان فڕێ دایە خوارەوە ، دو دو بە دوای یەکدا بەرەو قولایی شار ڕیز بون ، ئەوانیش خۆیان پێچایەوە و کۆڵەکانیان لە کۆڵیان بەستەوە و هەستان ، پیاوەکەش بە دیار ئاگرەکەوە ڕاکشا ، ئەوانیش بە دوای کاروانێکەوە خۆیان بە قولایی جیهاندا دەکرد و نوقم دەبون و دەردەکەوتنەوە ، تراکتۆرەکان گەڕانەوە لە تاسەیەکدا وەستان بە هێواشی دەڕۆیشتن ئەوانیش یەکسەر خۆیان بەوی یەکەمدا هەڵواسی و سواربون ئەویش بە شیو و دۆڵەکاندا سەرکەوت پێی خستبوە سەر گاز و بە بەردەلانی و بەرزایی و نزماییدا ڕێگەی دەبڕی کاتێك تۆپەکان دەتەقین دەوەستا ئەوسا دەکەوتەوە ڕۆیشتن هەتا گەیشتە ناوچەی ئازاد دو تۆپ لە خوارویەوە تەقینەوە نەوەستا و قاچی لەسەر گازەکە توند کرد هەتا دورکەوتەوە ، ئەوسا کەوتە نزمایی و بە شیو و دۆڵەکانەوە نوقم بو ، لەو کاتەدا سێ چەکدار لە پاڵ شەخسێکدا دەستیان لێ ڕاگرت کتوپڕ سوار بون و ئەویش کەوتەوە ڕۆیشتن گلۆپەکانی هەڵکرد .. دەنگی تەقە و تۆپیش لە ناوچەی ئازاد و ناو شارەوە دەهات لوتکە و بەرزاییەکان دەنگی تەقینەوەیان لێ بەرز دەبوەوە گڕی ئاگر بۆ ئاسمان دەکشا چەکدارەکان دەستیان بە تفەنگەکانیانەوە بو یەکێکیان بە گوێی ئەوی تریاندا چرپاندی :

* دەترسم كراس سور هاتبنە خوار و بێنە سەر ڕێگامان .

* فیشەكی گڕدار لەم بەرەوە دیارە ئەوە نیشانەی مانەوەی هێزی خۆمانە .

ئەوەی گوت ڕاكشا ئەویش ئاهێكی هەڵكێشاو سەیرێكی شاخەكەی كردەوە :

* شەماڵ شەڕەكە زۆر قورسە .

بەو قسەیەوە ڕوی كردە شیروان :

خاڵە دەنگ و باسی ئەو دیو چییە لە شارەوە هاتون .

شیروان تا ئەو ساتە بێدەنگ بو لەو ساتەی لە شارەوە دەرچو بو زمانی بەسترا بو ، لەو ساتانەشدا ماندو بو بەو قسەیەی ئەو داچڵەكی و گرێی شاری بۆ كردەوە :

* شار چۆڵ دەبێت ئەمشەو لە ترسی زیندە بەچاڵ نیوەی هاتە قەراغ شار .

* ئەمشەو ڕەو هەمو لایەكی گرتەوە كارەساتێك دەبێت .

* هیچ نابێت دەچینەوە باری خۆمان مادام جەنگ لەناو شۆڕشدا هەیە برا كوژی بەردەوامە هیچ كارەساتێك نابیت جگە لەوەی میللەت كۆتایی پێ دێت .

* تازە جەنگی ناوخۆ كۆتایی نایەت هەرگیز هەر بەردەوامە .

* بەڵێ كوڕم كورمی كوشت ئەوە دوا ناسنامەی شۆڕشە .

* بەو قسەیەوە گریا ئەویش ناسییەوە ، لە كاتێكدا ورد لێی ڕوانی ئەو ساتەی بیر هاتەوە كە لەسەر تەرمەكەی هێمن وەستا بون .. بەو وێنەیەوە فرمێسكێكی ڕشت :

* تۆ باوكی هێمنیت ؟

* بەڵـــێ هێمن و شۆڕش .

ئەوەی گوت گریا ، ئەویش دڵــی پڕ بو .

* هێمن فەرماندەی ئێمە بو داخەكەم لە كەس نەڕۆیشت لە من نەبێت .

چەكدارەكەی تر ڕا پەری :

* شەماڵ ئەوە باوكی هێمنە .

ئەوەی گوت ئەوی تریشیان چاوی هەڵـگــڵـــۆفت :

* سەعید بەڕاست خۆیەتی .

بەو قسەیەوە هەر سێكیان شڵــەژان بە دڵــێــكی بریندارەوە لەوانیان دەڕوانی و فرمێسكیان دەڕشت ئەوانیش مات بون .

هەوایەكی سارد بەتیژی دەهات لەسەر و چاویانی دەدا ، ناچار ڕویان بۆ دواوە وەرگێڕاو بە جامانەكانیان سەر و چاویان بەست ، ئەوسا خۆیان گرمۆڵە كرد .. فرمێسكیش بەسەر ڕومەتیانەوە دەهاتە خوار بە وێنەی هێمنەوە مۆمیا ببون و لا پەڕەی مێژویەكی خوێناویان دەدیەوە ، كەسەر لە نوێ دەگەڕایەوە ئایندە ..مێژویەك كە لەگەڵ ئێستادا جوت دەبو .

ئەو مێژوە بە وێنەكانی هێمنەوە دەردەكەوت وەكو فلیمێكی تۆمار كراو هەمیشە لە مێشكیاندا لێدەدرایەوە ، وەكو ئەو ساتانەی وەك هەڵــۆ بەسەر سەنگەرەكاندا هەنگاوی دەنا و بە خەندەكەی سەر لێویەوە جەنگەكەی شی دەكردەوە ، خەندەیەك كە ببوە ئاكاری هەمیشەیی و هیچ كاتێك جەستەی بەبێ پێكەنین تەواو نەبو ، هێمن بەوە ناوبانگی دەركرد بو.. ئەوە ببوە مایەی سەر سوڕمان تەنانەت لە مەرگیشدا ئەو ئاكارەی لە بیر نەكرد ، لەو ساتەی گوللە باران كرا پێكەنی بەو خەندەیەوە لەسەر زەویەكە تلیسایەوە ڕەمزێكی لە دوای خۆیەوە نیشان دا .. ڕەمزێك كە تۆڕێكی لە زەمەنی ڕوداوەكان

دروست دەكرد.. دەگەڕایەوە بۆ مێژو تونێلەكانی هەڵدەكۆڵی و لەو دەستانەی دەڕوانی كە تفەنگێكی ڕوبەڕوی گرتبو ، لەوەوە وێنەی شارەكەی دەدیەوە فلیمەكان لەبەر چاویدا ڕادەبوردن ..ئەو ساتانەی بیر دەهاتەوە كە ئەو دەستانە سەر و جەستەیان بۆ دەشێلا بەسەر و چاویدا دەهاتن لە پە نجەكانی گیر دەبون و هەمیشە ببونە دەستی سۆز ، ئەو دەستانە دەیان جار لە مەرگ ڕزگاریان كرد بو ، لەو ساتەشدا وەكو دەستی مەرگ ڕوبەڕوی وەستا بو ، بەوەوە وێنەی ئەو شەوەی بیر دەهاتەوە كە بەو دەستانەی سەری بۆ شێلا و ماچی كرد :

* هێمن لەبەر تۆ نەبوایە خۆم دەكوشت من لە دوای شنە نامەوێت بژیم هەرگیز شنە لەسەر من مرد داخێك تـوشی سیلی كرد بەلآم هەست بە داڵـدەیی تۆ دەكەم دەمەوێت پیّ بگەیت دەزانم دوای من سەرگەردان دەبیت .

ئەوە جەستەی هێمنی گرِدا :

* خۆكوشتن مانای چییە شنە مرد تۆ نەتكوشتوە .

* بەڵـیّ من كوشتم . من عاشقی نەبومایە نەدەمرد .. ئەو ئیتر زانی ناتوانێت عەشق بكات مرد .

ئاهێكی هەڵـكێـشاو چە پۆكێكی بە ڕانیدا كێشا :

* پورە گوڵـچین قسەیەك بو لە دەمی دەرچو ، نەیزانی ئێمە عاشقی یەكین .. ئەگەر بیزانیایە ئەوەی نەدەگوت .. نە شیریشی داوە بە من و نە هیچ ..لە خۆوە من و شنەی كردە خوشك و برا و كارەساتێكی گەورەی خوڵـقـاند .

بەو قسەیەوە دەستی كردە ملی :

* لـەبـــەر تۆ دەزانم ئەو نازەی هەتە هی منە .. بەلآم هەر دەمرم سەرم لیّ شێواوە و هۆشم بە خۆم نیە .. شەرت نییە مەرگ هەر خۆكوشتن بێت .

لەو ساتـانەدا ئەم گەرم و گوڕیەی دەستی تێكەڵـی لوللەی تفەنگەكە دەبو ، بۆیەش پێكەنی بە دەم گوللەكانیشەوە خامۆش نەبو ، هەر پێكەنی

ئەو پێكەنینە هەر لە منداڵـیەوە ناسنامەی هێمن بو ، هەمیشە ڕوخۆش بو ، لە هەمو كارەساتێكدا زەردە لەسەر لێوی ئاوا نەدەبو ، لەو ساتـانەش كە هەواڵــی مەرگی سۆما و نیشتمانی بیست زەردە سەر لێوی گرت وەزیری گواستەوە :

* سۆمای تـاقە خوشك و نیشتمانی عەشق ئیتر مەحاڵە شەترەنج بكەم .

شوانە مەلیكی لابرد :

* با یاریەكە بوەستێنین ئیتر ..

هێمن قسەكەی پیّ بڕی .

* بەوەش ناگەڕێنەوە بەردەوام بە ئەمە دوا مەلیكە بیگرم ئیتر ناتوانم هیچ شتێك بكەم من جەستەیەكم تەنیا بە عەشق خوێنم تێدایە .

لەرزی و كشی كردەوە .. ئەوسا شەترە نجەكەی پێچایەوە و دای بە شوانە.

لەو ساتەشدا ئەو وێنانەی دەدیەوە هەمو فرمێسكیان دەڕشت تراكتۆرەكەش بە تیژی تێدەپەڕی لە پڕ بە هەورازێكدا سەركەوت كەوتە ناو كۆمەڵە دەوەنێكەوە خرمەی میل لە هەمو لایەكەوە بەرز بووەوە ، لوللەی تفەنگ لە هەر چوار لاوە درێژ دەبو ، ئەوانیش دەستیان بەرز كردەوە ، ئەوسا بۆ ژێر درەختێك ڕیزكران ، ئەوانیش لە تراكتۆرەكەوە بەرز بونەوە و هاواریان كرد بە قۆناغە تفەنگ هێنایاننە خوارەوە :

* دایك و باوكی شەهید .

دوان دەمی شیروانیان گرت ، شەونم بە سەریاندا قیژاندی :

* دو شەهیدی کرا سور و یەکێکی سپیمان هەیە .. من دایکی هیوای ئاربیجیم .

* دەبڕۆن ملتان ورد بکەن .

بە پاڵ فڕێیان دانەوە ناو عەرەبانەکە ، ئەوانیش هەر هاواریان بۆ سێ دیلەکە دەکرد ، ئەوانیش کەوتنە بەر دەسترێژ و تراکتۆرەکەش دەڕۆیشت هەر هاواریان دەکردەوە و بەو ڤیژەیەوە چاویان بڕیبوە قوڵایی جیهان و لەسەر مەرگی پەپولەکان ڕوانینیان دەبینەیەوە لەبەر هێزی تاریکی و ڕونیدا لە یەکیان دەڕوانی وێنەی با یان دەخوێندەوە .. شەونم بە شەکەتیەوە پاڵ کەوت ، ئەویش لەو تەم و مژەوە لە شەپۆلی ئاسمانی دەڕوانی و مێشکی دەگوشی لە ڕاڕفینی گوڵەکانەوە ئەو ساتەی بیرهاتەوە کە گەلای لەسەر تەرمەکەی هیوا لاداو بۆ دۆڵەکە کشا ، فەرماندەکە بەرەو ڕوی هات دەستی کردە ملیەوە :

* هیوا فەرماندەیەکی بەجەرگ بو دەبێت ئێوەش سەنگەرەکەی بگرن .

ئەو قسـەیـە شەپۆلێکی ناکاتی خستە بەرچاو لە کاتێکدا دەیان تاڵە دەزو لە ڕوانیندا بو مێشکی خۆی گوشی .

* من کراسەکەم سپی بو ئیتر بڕیارە نە سپی نە سور دەبێت تاقە منداڵـێکم ئەو ڕەنگانە لەبەر نەکات .

فەرماندە کە گرژ بو :

* ئێوە تۆڕی ڕێکخستنی ناو شارن چۆن دەبێت پشت لە شۆڕش بکەن .

* بڕیارە ... چونکە ئەمە شۆڕش نییە بەڵکو کوشتنی ڕۆڵەی خەڵکە .. کراس سپی کێیە و سور کێیە ئیوە خۆتان ڕێکبخەن شۆڕش گۆڕان و یەکخستنە .

* ئێمە شۆڕش دژی کراس سپی دەکەین چونکە خیانەتیان هەیە بۆیە دو شۆڕش دەکەین دژی ڕژێم و گیا کەڵـــــە .

* ئەوانیش هەمان قسەیان هەیە ئیتر کێتان ڕاست دەکەن شێر و خەتی بۆ بکەن .

فەرمـــاندەکە وێنــەیـــەك گـــرتی سەیرێکی ئاسمانی کرد و ئەو ساتەی بیرهاتەوە کە حەمە سپی سەرۆك وتاری دەدا :

* سنور بەزاندن پێویستی ئێستای شۆڕشە کارێکی گرنگ هەیە پێویستە جێبەجێ بکەن ئەوەش سەرکەوتنی گەلە .

چەپڵە لە گەردەلولی باکەدا بەرز بوەوە بە ناو دارو دەوەن و بنجگ و گیادا دەڕۆیشت.. ئەویش دەستی چەپی درێژ کرد و کلاوەکەی بەرزکردەوە دوبارە چەپڵە لێدرایەوە ، بەو هێزەوە چەکدارەکان بەدوای یەکدا بۆ قوڵایی کشان ئەویش لە ناوەڕاستەوە ڕێی دەکرد ڕادیۆکەی لە ملدا بو گوێی لە فارسیەکەی ئەڵمانیا دەگرت هاوڕێکەی لە دواوە دای چڵـەکاند :

* سەرکۆ خۆت بپێچەرەوە بۆ تۆفان دەچین .

* مان یان نەمان .

بەو قسەیەوە بە هەوراز و شاخ و کێودا هەنگاوی دەنا ، هەتا گەلای گرانی گرتنیەوە ، چاویان دەبڕیە ئاسمان هەتا لەتێك نانی تیادا لە دایك ببێ ، ماڵەکان خڕ دەرگاکانیان دادەخست :

* نان بە فیشەکەکانتانە .

بەو بیرەوە تەزویەك بە جەستەیدا هات و بەو وێنەیەوە ڕوی تیکرد :

ئەو لەشکرەمان هەموی کوژرا و گیرا .

* هەردولا کوشتاریان کردوە هەردولا بکوژن .

بەو قسەیەوە دوا دڵـۆپی لەسەر گۆڕەکەی هیوا ڕشت لە بێشکەوە بۆ گۆڕ سەمای ژیانی لە خوێناوەکەیەوە دەدیەوە .

موچڕکەیەك جەستەی گرت و فەزای لێشێوا وای دەزانی هەوا گڕ دەگرێت و جەستەی دەسوتێنێت وەکو ئەو گڕەی لە دوا ساتی بینینی هیوادا گرتی و بە ترسێکی زۆرەوە بانگی کردەوە :

* وەرە هیوا بزانم تۆ قوتابی زانکۆیت یان سیاسی ئەم دەمانچەیە چییە پێت ؟!

هیوا سەرێکی باداو بە ترسی ژوانەکەیەوە چوە دەر ، بە کۆلاَنەکاندا دایکێشا لە پڕ خۆی بە ماڵـێکدا کرد هاوڕێکەی چاوەڕوانی دەکرد :

* نیو چرکە لای دابو ترسام .

* ئەتۆم پێم گوتیت لەمن مەترسە من ئاگرم .

دەمانچەکەی خستە ئەو زەرفە تەماتەیەوە کە بۆیان ئامادەکرا بو ، ئەوسا هەردو ڕاست و چەپ بۆ گۆڕەپانەکەی شار چون ، پۆلیس سەر سوچ و شەقامەکانیان گرتبو ، ئەوانیش چونە گۆڕەپانەکە ، هاوڕێکانی تریان دیەوە بە چاو ئاماژەیان بۆ یەکتر کرد ، کاتێك ئەفسەرەکە بۆ چێشتخانەکە هات هیوا دوای کـەوت یـەکـسـەر دایە بەر گوللە ، پۆلیسێك تفەنگەکەی لە شانی داگرت ئەتۆم لە دواوە مێشکی پژاند ، دوانی تر دەستڕێژیان کرد ، فیشەکێك دەستی ئەتۆمی گرت و لاوێکیش لە پاڵـیدا کەوت ، هیوا کوت و پڕ کوشتیەوە و چوە سەر هاوڕێکەی :

* فەرهاد هەستە .

فەرهاد گیانی دا , ئەوسا ئەتۆم بەو دیوا هەڵگەڕاو ئەمیش بە کۆلاَنەکەدا سەرکەوت ، کوتوپڕ بۆینباخ و کراسەکەی خستە تەنەکەیەکی خۆڵەوە بە فانیلەیەکی یاریەوە سەرکەوت هەتا گەیشتە بەردەمی ماڵـێك دەمانچەکەی خستە تەنەکەی خۆڵەکەوە و ڕۆیشت ، هەتا خۆی کرد بە ماڵـێکدا پیرەژنێك دەرگاکەی لێکردەوە و بۆ ژێر زەمینەکەی برد..کاتێك چوە ژورەوە بینی ئەتۆم لەسەر گازی پشت راکشا بو بە بینینی ئەم ڕاست بوەوە :

* فەرهاد کوژراو منیش بە بریندار‌ی دەرباز بوم ئێوە سەرتان لە ئێمە شێواند .

* هیوا پشویەکی دا :

* هەرگیز شتی وام لیٚ بەسەر نەهاتوە .

نیوە شەو مەفرەزەیەك کراس سور هاتن بە دوایاندا لە کۆلاَن چونە ناویانەوە لەو ساتەدا لاوێك ڕوی تێکردن دەستی کردە ملیانەوە :

* دەچنە شاخ جێگەش بۆ من بگرن .

هیوا چە پۆکێکی پیا کێشا :

* هاوار تۆ کورە بۆرژوایت نایەیتە شاخ .

بەو قسەیەوە بە گوێیدا چرپاند :

* لیستەکە لای سۆمایە .

فیکە لێدرا هەمو بە کۆلاَنەکاندا سەرکەوتن دەنگی تەقەش ئاسمانی شاری گرت .

ئەو گرە ئەو ڕۆژەش گرتی ، ئیتر لەوە بەدوا هیوای نەدیەوە . لەو ساتەشدا بەو جۆرە جەستەی دەسوتا وای دەزانی گەردون گڕ دەگرێت بەو وێنەیەوە شاخی بەجێهێشت و هاتەوە ناو شار کاتێك گەیشتەوە ماڵەوە چاکەتەکەی فرێدا :

* بڕیارە ئیتر سیاسەت ناکەم هەر کەسێکتان بڵـێ سپی یا سور بچێتە دەرەوە .

سۆما فرمێسکەکانی سڕی :

* دوای هیوا واز بهێنین بڕیارە تا دوا هەناسە خەبات بکەین ::

*دوای ئەو ئێمەش ببینە قوربانی سیاسەتی چەوت .

شۆڕش خۆی گورج کردەوە :

* هەمومان کراسەکانمان سورە .


www.pertwk.com

هێمن پێکەنی :

* بۆ هەمومان؟.. کراسی من و دایك و باوکم سپیە .

* سپی لەمماڵەدا نیە هەموی سورە ئەی هیوا .

* من سپیم پێویست بە تورەیی ناکات .

شۆڕش کەف لە دەمی دەرپەڕی :

* لێرە نا بچۆرە شاخ لەویّ یەك دەبینین ، شەرتە بە دەستی خۆم بتکوژم .

لەو پەیمانەوە رقێکی گەورە دروست بو هێمن دەرونی دەجۆشاو لە تاو تورەیی زەردەی خستە سەر لێوی ، ئەویش تورەیی هەمو جەستەی گرتەوە ، بە جۆرێك یەکەم جار بو بەو جۆرە پەیمانی مەرگ بە هێمن بدات . کەسێك کە ببوە رۆح و دڵی هەرچەندە دو ساڵ لەو گەورەتر بو کەچی وەکو دو هاوڕێ ناسرابون کە لە یەکتری جیا نەدەبونەوە ، کەچی لەو ساتەدا رقێکی ئەستور گرتنیەوە ، بەو قینەوە لەگەڵ رۆژهەلاّتدا هەریەکە بە لایەکدا رۆیشتن ، ئەو بۆ دەستە ڕاست و ئەمیش بۆ چەپ .

لەو ساتەشدا ئەو وێنانەی لە گەلاّی دارەکان و شەپۆلی باکەوە دەدیەوە ، تراکتۆرەکەش تیژ تێدەپەڕی و لەگەڵ زرمە و تەقە تەقدا مێشکی جە نجاڵ کرد بو ، بەو وێنە ئاڵـۆزاوانەشەوە مۆمیا ببو ، سات بە سات زیاتر ڕوانینی دەتەندرا لەگەڵ دوا وێنەدا بیرەوەریەکانی کلیل دا :

## * ( با ڕەمزی نهێنیەکانی بونە هەمو وێنەیەك لە ناویدا زیندوە )

*****

*****************************************************************

## 8 گرێك بەهێزی بایەکی وێنەدارەوە بە فەزای ئاسماندا دەکشا و لە ڕوانینی کفن پۆشدا ملیۆنان وێنەی جەستەیی تیا دەبینیەوە و لە شێوەی بورکانێکی رۆحیدا بیرەوەریەکانیان دەتاقەندەوە .

خۆر لەسەر کەلەوە گزنگی دەداو دێیەکەی لە نهێنی جیهاندا دەشتەوە و لەبەر چاویدا تەنیا وێنەی گۆڕێکی تەنیاییان نەخش دەکرد بەو بیرەوە تەزو جەستەی دەگرتەوە نیگا و هۆش و نەستی تێکەڵاو ببون و لە فەزای جیهانەوە شالاّوی رۆحی مێژوی دەدی بۆ گوندەکەو جیهان بلاّو دەبونەوە و گۆڕستانەکانیان هەڵـدەدایەوە ، گۆڕەکان شەق دەبون و رۆح و جەستە

یەکیان دەگرتەوە و ئەوسا بۆ ئـــاسمـــان بەرز دەبونەوە دواتر دەهاتنەوە سەر زەوی و هەمو جیهانیان داگیر کرد و شوێنەواریکیان بۆ مەرگ نە دەهێشتەوە .

پۆلێك لەو مردوانە لە ئاسمانی گوندەکەوە دابارین و نەخشەکەیان شاردەوە ، یەك یەك بەلایدا تێدەپەڕین و زۆر بەیانی ناسیەوە دوا ستونیان ژن و کوڕ و کچی خۆی بو هەمویان بەلایدا تێپەڕین .

بەو شالآوەوە قیژاندی و زنجیرەی وێنەکان لەبەر چاوی ون بون ، ساتێك لەخۆی و دەوروبەری ڕوانی هیچی نەدیییەوە ، ئەوسا بە خەم و ژانێکی قوڵەوە ساتێك بە بێدەنگی لە فەزای گوندەکەی ڕوانی وێنەکان دەفڕین و دەبون بە وێنەیەکی تر ، ئەوەش بە یەکجاری توشی جەنجاڵی کرد و بە هەمو تین و هێز و ڕوانینی لە ئاسمان ورد بووەوە ، کۆلارە خەیاڵیەکانی هەڵدا بە هەمو لایەکەوە بلاوی کردنەوە و وێنەکان لە فەزادا دەتوانەوە و جیهان لەبەر چاوی ڕادەخرایەوە ، دوا وێنە تەنیا کەللە سەرێك دەمایەوە بەو خوێناوەوە قفلی بون دەشارایەوە .

بەو وێنەیەوە پێستێکی نەرم بە جەستەیدا دەهات بۆ جیهانێکی نوێ مۆمیای دەکرد و لە جیهانی ڕاستەقینە دەیگواستەوە بەو بیرەوە ناوچاوانی سڕی :

* ئێرە ولآتی مەرگە خاکی کەوتنە خوارەوەی جەستەیە .

بەو قسەیەوە هەستا ئەو نوشتەیەی خستە گیرفانیەوە کە شەو نوسیبوی ، ئیتر لە ژورەکەی هاتەدەر ، بە خێرایی بۆ ماڵی پورکە هەنگاوی دەنا کاتێك بەسەر دارە دو پەلکەکەدا سەرکەوت پورکە دەرگاکەی لێکردەوە کاتێك لە یەکتری ورد بونەوە بە وێنەی جۆراو جۆرەوە لە ئازاری خۆیان و جیهاندا نوقم دەبون ، کفن پۆش لەسەر لبادەکە دانیشت پورکەش لە بەرامبەریەوە چیچکەی کرد و پیاڵەکانی شت ئەوسا قۆریەکەی لەسەر مقەڵـیەکە داگرت و چایەکی تێکرد کاتێك لەبەر دەمیدا داینا دڵی پڕ بو :

* من ئیتر حەزم بە مەرگە سۆفی و حەمەتاڵ و تارا مردن ئیتر دوای ئەوان ناتوانم بژیم .

کفن پۆش بیری لە ژیانی دەکردەوە فرمێسك بە چاویدا ڕیزیان بەست بەر لە وشەکانی دابارین :

* پورکە چاوەڕوانی ئەوەین کە خوا لێرەوە عەرشی جیهان هەڵبگیرێتەوە .. هەمو یەك دەرمادمان هەیە کەسێکیش نیە خاوەنمان بێت .

بەو قسەیەوە کلۆیەك شەکری خستە دەمیەوە و چاکەی خواردەوە پورکەش هەستا پریاسکەیەکی هێنا لە بەردەمیدا کردیەوە .

* ئەمە کرمەکێکی خۆمە و ملوانکەیەکی یاقیقە ئەگەر مردم بۆم بکە بە خێر .

لەو ساتەدا گریا ملوانکەکەی ئەمدیو ئەودیو کرد ئەو ساتەی بیرهاتەوە کە نەخشە کردیە ملی :

* پورکە مادام منت لەو نەخۆشیە ڕزگار کرد ئەم ملوانکەیە بۆ تۆ ، ئەوە یادگاری باوکمە لە حەج بۆی هێنام وریابە زۆر گران بەهایە .

بەو بیرەوە وێنەی نەخشەی هێنایەوە بەرچاو ، بە فژە خاوەکەیەوە ئەو ساتەی بیرهاتەوە کە بەبوکی بۆ گوندەکە هات .

چەند ساڵێك بو بەهۆی شەڕ و نەبونیەوە شایی لە گوندەگەدا نەکرا بو ، ئەو شاییانەش دەکران شتێکیان لە پرسە کەمتر نەبو هەتا دەهۆڵ و زوڕناو گۆرانی دێیەکە بگرێت و هەڵپەڕکێ دڵی پیر و منداڵ بکاتەوە ، بەمەش خۆشیەك خەڵکی گرتبووەوە هەموی کەوتبونە سەر خرۆش ، منداڵان بۆنی هەڵمی مەنجەڵە گەورەکانیان دەکرد و پیاوانیش بۆنیان بە ژنەکانەوە دەکرد و ڕیزەی هەڵپەڕکێ بە قاچی ژن و پیاوەوە زوویان دەکوتایەوە و بەرگ و کاڵای ڕەنگا و ڕەنگ پۆشرابو

زەرد و سور و سەوز و شین و قاوەیی تێکەلاو ببون ، دلـداری گوندەکان هەمو لەو ژوانەدا یەکیان دەگرتەوە و مەلی عەشقیان هەلـدەفڕی هەر هەمو لە ڕوانینی جوانی بوکەوە زەماوەندێکی نوێیان دەخستە دلّ .
بوکێ تاقە کچی بە ناوبانگی ناوچەکە بو ، هەر کەسێك خاوەن پایە و سەرمایەیەکی باش نەبوایە باوکی وەلامی نەدەدایەوە … سالانێك بو ناوبانگی جوانی دەرکرد بو ..چەندە چونە داوای بە نائومێدی هاتنەوە ، حەمەلاو دەمێك بو دەیویست داوای بکات باوکی ڕێگر بو ، دەیویست کچێك بهێنێت پەلـپی نەبێت ، ئەویش تەنیا حەزی لەو بو ، بەو حەزەوە شەو و ڕۆژی سەریەك نا هەتا باوکی مرد ، ئەو پارە و سامانەی لەدوای بەجێما بو بەهۆی ئاسان کردنی کارەکەی یەکراست ناردیە داوای چیان داواکرد کردی و زەماوەندێکیشی بۆ کرد ، هەمو گوند و قۆخەکانی دەوروبەری بانگ کرد .
دوای ئەوە ئیتر نەخشە ژاکا ، توشی نەخۆشی هات سك ئێشە و ڕشانەوە و هەمیشە لەژێر جێگەدا کەوتبو ، هەتا پورکە فریای کەوت و دەرمانی بۆ گرتەوە و لەو نەخۆشییە ڕزگاری کرد ، ئەویش ئەو ملوانکەیەی بە یادگاری پێ بەخشی ، لەو ساتەشدا پورکە ئەوەی بیرهاتەوە ، کزە بایەك لە ناوچەوانی داو بەو هێزەوە ملوانکە و کرمەکەکەی خستە پریاسکەکەی دایە دەستی کفن پۆش ، ئەویش نوشتەکەی لـــە گـــیـــرفـــانی دەرهێناو بۆی دانا ئەوسا بە زنجیرەی وێنەکانی با وە هەستا بەردەوام لەبەر چاوی شە پۆلیان دەدا :
* خوا تۆلەی بێ بالّ لە بالـدار دەکاتەوە .
دێیەکە لەبەر تیشکی خۆردا وێنەی کاژێکی مەرگاوی دەنواند و ڕەنگی کۆتایی بونی دەدایەوە میمکە بە گۆچـــانـــەکـــەی خـــەتی بە زەویەکەدا دەهێنا بە تۆڕی تابوتێکی نەبینەوە خەلـــکەکەی خستبوە گومانی مەرگەوە :
- چۆنم دیوە بە خەو بەو جۆرە حەمکۆلّ مردوە .. هەر زو زانیم دەڕوات و لەو ئەشکەوتەدا دەمرێت حەمکۆلـی هەژار تۆ توانای ئەشکەوتت ماوە ؟ ..
- مندالان هەلدەبەزینەوە :
- ئەگەر ئەو چەکدارە نەهاتایە لاشەکەیشی گورگ دەیخوارد ،
چەکدارەکە لەبن بانێژەکە چیچکەی کردبو ، جامانەکەی خستبوە ملیەوە و دەمانچەکەیشی لەبەر پشتێنەکەی قایم کردبو ، حەسەن و هۆمەر نان و دۆیان بۆ کۆکردبوەوە و لە ئێسترەکەیان دەبەست ، لەو ساتەدا هەستاو لەگەلّ حەسەن بە دۆلەکەدا سەرکەوتن ، میمکەش چە پکە ڕێحانەکەی دەستی هەلـدەمژی و لێی دەڕوانین ، ئەوسا خۆیشی بەرەو ژور کشا ، خەلـکیش بە دوایەوە هەنگاویان هەلـهێنایەوە .
گوندەکە لە بێدەنگی و چۆلـیدا وێنەیەکی ترسناکی گرتبو ، ورد و درشت لەمالّ هاتبونە دەر ، تەنانەت نەرمینیش جاجمەکەی فڕێداو دوایان کەوت لەگەلّ تالیم لە دوای میمکەوە ڕێیان دەکرد پورفات و خورشەش بە قسەکردنەوە جوت ببون ، ئەوانیش بە جۆرێك هەنگاویان دەنا لە یەکتریان دەڕوانی وەکو جارێکی تر چاویان بە یەکتری نەکەوێتەوە ..
بەو ڕوانینەشەوە نەرمین لە تالیمی ڕوانی ئەویش فرسەتی لێ هێناو دەستی گوشی بە جۆرێك خوێنەکەی جۆشاند :
* ئازیزەکەم دەترسم بە نەخۆشییەکەت کارەساتێك ببێ و ببێتە جەللادی ڕۆحم و منیش بمرم .
نەرمین ڕەنگی ژاکا بو لەو ساتەی میمکە لاواندبویەوە هێلی مردن گرتبویەوە ، بۆیەش ئەو ڕۆژە ڕێی شاخی گرت هەتا جارێکی تر تالیم ببینێ و لە گۆڕەکەیدا جارێکی تر وێنەکانی ماچ بکاتەوە .
لە پڕ میمکە هەلـدێراو کەوتە دەوەنێکەوە ، کتوپڕ هەلـیان ساندەوە ، خورشە جلەکانی بۆ تەکاند و پورفاتیش دەستی گرت ، لەو ساتەدا تالیم نەرمینی لە باوەشی گرتبو ، لە پالّ دەوەنێکدا ماچی کرد ، پڕ بە سییەکانی لێوی مژی ئەوسا بەری داو ئەو خۆشیەی دەربڕی :

* ئەوە ناسنامەمە ڕەمزی مەرگ و لە دایك بونەوەم لەو ماچەدا بەرجەستەیە .
بەڕایی خەڵك گەیشتە ئەشكەوتەكە ، چەكدارەكان هاتن بەرەو ڕویان تەرمەكەیان نیشان دان ، ئەوانیش لەسەر پشتی ئێسترەكە دایـانبەست و بر ناو دێ گەڕانەوە ، هەمو فرمێسك بە چاویانەوە قەتیس مابو ، كەس توانای گریانی نەبو .
كاتێكیش مردوەكەیان ناشت زەوییەكە لەبەر چاویان بە مەرگەوە ڕەنگاڵە دەبو ، بەو ڕوانینەشەوە هەر كەسە چوە ماڵ و لەناو جێگەدا لێی كەوتن ، تاقە كەسێك كە كاتژمێری دێیەكەی دەخولاندەوە كفن پۆش بو ، لە ئاوێنەی كەفێكی سپییەوە لە مەرگی جیهانی دەڕوانی و لە گۆڕەكەیەوە نهێنی گەردون و بونی خستبوە ناو تۆڕی گومان و ڕاڕاییەكانیەوە یاری لەگەڵ مەرگ و ژیاندا دەكرد .
دەمەو عەسر خورشە و پورفات بە گریان گۆڕستانەكەیان هەژاند ، لەسەر قسنەكە ڕاكشان ، كفن پۆشیش لە گۆڕەكەی داچڵەكی و خۆی بەرزكردەوە كاتێك چوە لایان خورشە بە كوڵ گریا :
* میمكە كچەكەمی خستۆتە سەر لەرزی مەرگ مەگەر مشایەخان فریای كەون .
كفن پۆش لەرزی و دادی جیهانی دەربڕی :
* میمكە كچەكەت و جیهانی خستۆتە گۆڕەوە .
خورشە لەناو هیلاكی و ژان هێزی قسەكردنی نەبو سەری بەسەر كۆشیدا شۆڕكردەوە ئەو شەوەی بیر هاتەوە كەلەسەر جێگە مەچەكی مێردەكەی گرت و باسی نەرمین و تالیمی بۆ كرد ، ئەویش زانی تازە كار لە كار ترازاوە و ترسی مەرگ كچەكەی گرتوە سەری لەفاند ، ئەویش ئەوەی لەگەڵ پورفات باس كردەوە و پێك هاتن .
لەو ساتەشدا بەو بیرەوە گریا فرمێسكەكانی خۆڵەكەیان لول دەكرد .
دەنگی كاروانێك ئۆتۆمبێلی سەربازی لەسەر جادەی قیرەوە دەهات ، دەیەها ئۆتۆمبێل و زرێ پۆش تێكەلاو ببون.. زرمەی تەقینەوەی تۆپ لە گوندەكانی ئەو بەرەوە دەهات .
ساتێك بە دیقەت لێیان ڕوانین و ترسێكی گەورە كەوتە دڵیانەوە بەو ترسەوە ئەوان بۆ ناو دێ گەڕانەوە و كفنپۆشیش چوەوە ناو گۆڕەكەی بەترسی مەرگی ناكاتی جیهانەوە لێوی كردەوە :
* جیهان كلاًفەیەكی شێواوە هیچ كەسێك ناتوانێت بیكاتەوە بە تۆوی ئەو گومانە ئەزەلییانەی بون نەبونەوە مێشكمان دەبێتە خۆڵ و تاقە نهێنییەك نازانین .. ئای ... ئای ..
بەو قسەیەوە دەستی ڕاست و چەپ كرد و ڕوی كردە كاروانە سەربـازییەكـە كۆلارە خەیاڵـیەكانی هەڵدا .. یەك یەك و دو دو هەموی دەبردنە ئاسمان و فڕێی دەدانەوە .
ماوەیەك بەو جۆرە ئەو كاروانەی هەڵدەگێڕایەوە كەچی دەنگ و گرمەیان زیاتر بەرز دەبوەوە .. قروسكەی سەگێكیش ئەو بیرەی پچڕاند و بە قیژەوە لە گۆڕەكەی هاتەدەر و بۆ ناو ماڵەكان گەڕایەوە .
ئاوایی شڵەژابو خەڵكی لەسەر حەوزی مزگەوت كۆببونەوە و باسی ڕوداوەكانی ولاًتیان دەكرد حەمەسور ڕادیۆكەی خستبوە سەر پایتەخت بلاًو كراوەی سەربازی دەخوێندەوە :
* لەم ڕۆژانەدا نیشتمان بە یەكجاری لە نۆكەری بێگانە پاك دەكرێتەوە .
كفن پۆش بە شڵـەژاویەوە گەیشتە لایان حەمەسوریش نهێنی ڕوداوەكانی جەنگی دەردەخست :
* جەستە وەكو گەلای دار كەوتوە جەنگێك لەم خاكەدا بوە لە هیچ ولاًتێكی تردا نەبوە ... ئیتر ئێمەش دەگرێتەوە نابێت جگە لەشار هیچ ئاوەدانییەك بێ هەموی تەخت دەكرێت .
حەسەن مژێكی لە جگەرەكەیدا :

* هــەمو شوێنێك بۆ ئێمــە مــــەرگـــە لــە شـــار سەرەو نگوم دەكرێین و لێرە كوشتن ..ناچارین تا مردن لێرەبین .
* هیچ ناچار نین دەرۆین و تەواو ئەو خەڵكەش هەموی چوە بۆ شار .. ئیتر كراس سور و سپی ئەودیوی سنور بون كێ هەیە فیشەكێك بتەقێنێ :
حەمەسور رادیۆكەی كوژاندەوە و بوخچەكەی دا بەكۆڵــیدا :
* ئیتر ڕاستیەكەم پێگوتن من لە شار قسەم زۆر بیست فرۆكە دار و دیوارمان دەسوتێنێت .
حەمە سور بەو قسەیەوە ڕۆیشت منداڵان لە دواوە بۆنی بوخچەكەیان دەكرد بۆنی سێو و پرتەقاڵ و سەمونیان هەڵدەمژی و بەو بۆنەوە گێژبون .
لە ساتێكدا ئەو بۆنە دێیەكەی گرتەوە ئەوەش خستییە خەو وەكو زەوی بە ماچی ئاسمانەوە بێزو بكات بەو جۆرە هەتا خۆرهەڵات بێدەنگییەكەی تۆقێنەر گوندەكەی گرتەوە ، ئەو كاتەش كفن پۆش ڕچەی بێدەنگی شكاند پاش ئەوەی بەرچایی كرد سابونێكی خستە گیرفانیەوە و بە دۆڵەكەدا هەڵگەڕا بە بینینی كوللە ڕەنگی تێك دەچو خرۆشی دەكەوتە مێشكیەوە و ئەو ئاماژانەی دەدی كە بە گریان دەرنەدەبڕان بەو شێوەیەش چوە سەر كانیەك جزداشە و دەرپێ سپییەكەی شت و لەسەر تاشە بەردێك هەڵــی خستن ئەوسا خۆیشی شت و لەسەر بەردێك دانیشت هەتا جلەكانی لەبەر كردەوە ئەوسا كەوتە سوڕانەوە بەسەر پوش و پەلاشدا هەنگاوی دەناو بەو وێنە ترسناكانەوە سەر سنگی دەڕنیەوە لە پڕ بەو خرۆشەوە وەستاو وەكو هەیكەلی نەمری جیهان هەردو دەستی ڕاست و چەپ كردەوە .
دوای چێشت هەنگاوێكی درەنگ گەیشتەوە ناو دێ ..هەر كە پێی خستەوە ناو ماڵەكان ژنێك كولێرەیەكی بۆ ڕاگرت ئەوسا جامێك دۆشی بۆ هێنا لەسەر بەردێك چیچكەی كرد بەدەم خواردنیانەوە لە دار و دیواری دەڕوانی نوقمی بیركردنەوەیەكی ترسناك ببو .
منداڵان بوكە بە بارانەیان دەكرد ... ئەویش ڕوی كردە ئاسمان و پاڕایەوە ئەوسا نیگایەكی تێگرتن .. ئەوانیش چونە بەردەمی ماڵی پوركە هاواریان كرد.. ئەویش وەڵامی نەدانەوە .. ناچار بەسەر پەیژە دو پەلكەكەیدا سەركەوتن و چونە ژورەوە .
مەرگی پوركە بەسەر دێیەكەوە زەنگۆڵەی دەدایەوە .. ئەوەش لە كفنی گومانڈا دەیخەواندان ..كاتێكیش لە گۆڕستان هاتنەوە خۆیان بە میوانی مەرگ دەزانی و سەرجەم لە ناو جێگەدا لێی كەوتن.. بەو پێیەش دەلەرزین .. باڵــندە و گاو كۆتەڵ و پەلەوەر و ئاژەڵ هەمو ڕەنگی ترسی خەڵكەكەیان گرتبو.. وەكو هەموی وێنەی ئیزرائیلیان بە ئاسمانی گوندەكەوە دیبێ .

*****          *****          *****

لورەی گورگ و چەقەڵ لە شاخەكەوە دەهات سەگەلی ئاواییش كەوتنە وەڕین ، كفن پۆش لە كەرویشكە خەوەكەی ڕا پەڕی و چاوی هەڵـگـلـۆفت ساتێك بە بێدەنگی لە پە نجەرەكەوە لە ئاسمانی ڕوانی مانگی چواردە شەوقی دەدایەوە هەوایەكی فێنكیش دەهات بۆنی هەورێكی دەدا ، بەو كزە ساردەوە تەزو بە جەستەیدا دەهات و لەگەڵ پچڕپچڕی وێنەكانی بەرچاویدا خەو و ڕاستی شی دەكردەوە :

* فەزا ڕەنگی چەکەرە بڕانی ڕۆحی هەڵگرتوە.. ئەمڕۆ جەستە دەڕوا و ڕۆح تێکەڵـی بـا دەبێت .. ڕۆح دەتوێتەوە و جەستە دەژێتەوە .

جەستە بە شالاوی بـا یەکی گڕاویەوە بەرچاوی دەگرت .. لەگەڵ گڕی فۆتۆناتدا دەتوانەوە و دوکەڵـێکی ڕەشیان لە دواوە دەردەکرد.. وەکو نەخشەی جەستەکانیان لە شوێنەواری ڕۆحدا بکێشنەوە بەو وێنەیەوە گۆڕەکانی بەسەر کردەوە :

* ڕۆژێك دێت هەمومان ئاهەنگ دەکەین ئێوە و من و ئەوان و سەرۆك کۆمار .. دڵـنیابن لەوەی کە سەرەتا و کۆتایی ژیان مەرگە مەرگ هەمو ناسنامەیەکە .

ئەوە ئەو ڕۆژەی بیر هێنایەوە کە لە حەمامێکی شاردا بە ئەفەنیەکی گوت ،کاتێك خۆی دەشت بەردەوام سەیری دەکرد وەکو گاڵـتەی پێ بکات .. ئەویش جەستەی تەواو چڵك گرتبوی دوای ئەوەی گەشتێکی لە شارەوە بۆ شاخ کرد و هاتەوە دو هەفتەش دوای ئەوە خۆی نەشتبو .. لەو ساتەشدا لەناو گەرماوەکەدا خۆی دەتلاندەوە کاتژمێرێك لەبەر هەڵـمەکەیدا خۆی خوساند.. ئەوسا چوە بەر دوشەکە ..پاشان لفکە و سابونی لە خۆی دا.. کاتێك خۆی پۆشتە دەکردەوە ئەفەنیەکە بە پێکەنینەوە ڕوی تێکرد :

* خاڵە خەڵکی کوێی ؟

* گۆڕستان .

* یانی مردویت و هاتویت خۆت بشۆیت .

* بەڵـێ چەند ساتێکی تر دەچمەوە ناو گۆڕەکەم دەمەوێت بەرلەوە چەند ڕاسپاردەیەکی گۆڕستانت بدەمێ کەجێبەجێی بکەیت .

ئەفەنیەکە جەستەی کەوتە لەرزین.. بە پەلە پێڵاوەکانی سەرپێ کێشاو لە گەرماوەکە چوە دەر .

لەو ساتەشدا لە ڕوانینی گۆڕەکانەوە ئەو وێنەیەی دەدی وایدەزانی یەکێکە لەو مردوانە بەو بیرە پەرشەوە گەردونی شیدەکردەوە ..

مەرگ شەپۆلێك بو لە منداڵـیەوە گرتبوی هەمیشە بە بینینی گۆڕ سامناکی دەیگرت دەیویست نهێنی ناو گۆڕ بزانێت ، زۆر جار لەسەر گۆڕێك دەوەستا وێنەی مردوەکەی دەخستە بەرچاو و قسەی لەگەڵـدا دەکرد ، دەیویست ژان و ئامانجەکانی ژیانی بزانێت و کفنەکەی پێ دابدڕێت .. هەر بەو هیوایەشەوە ئینجیل و تەورات و قورئانی دەخوێندەوە و بەدوای فوەکەی مەسیح و موساوە دەگەڕا کە مردویان زیندو کردۆتەوە ..

ئەو بیرە هەمیشە لە مێشکیدا بو هەتا کاتێکیش بو بە کفن پۆش هەموی لە ڕوانینیدا یەکیانگرتەوە مەرگ بو بەخوێن و جەستەی گرتەوە هەمو شتێکی لە مردندا دەدی و لەکەفی سەرلێوی وەلیەکەوە ژیان و مەرگی ئاوێتە دەکرد .

لەو ساتەشدا ڕەشماڵـی بیرەوەری خەڵوە گرتیەوە .. بیرەوەری ئەو شەوانەی دەدی کە لە ئەشکەوتەکاندا بو بەو بیرەوە شێتی دەیگرت بەسەر جیهاندا دەتەقیەوە .

شەوێك بەو جۆرەی لێ هات لە ئاسمان و زەوی و گەردونی ڕوانی ئەنجامێکی نەدی ناچار سەری خستە سەر ئەژنۆکانی و کەوتە بیرکردنەوە.. چرپە و دەنگی نادیار دەهاتە بەرگوێی وایدەزانی لە تونێلەکانەوە بانگی دەکەن بەوەش تۆڕی گومان جەستەی دەپۆشی .

ئەو شالاوە زۆرجار دەیگرت و توشی ڕاڕایی و شێتی دەهات و دوایی دەهاتەوە سەرخۆی.. بەلام لەو ساتەدا ترسێك گرتی .. دڵە لەرزەی پێخست خەلیفە بە شەوارەیەکی نەبینەوە ڕاپەڕی و بەو شەوە زەنگەدا کشا و لەبەرچاوی ونبو ، وایزانی بۆ

قولایی ئاسمان کێشی دەکەن بەو بیرە ئاڵـۆزەوە مێشکی خرۆشا خەریك بو زراوی بـتۆقێت بـەو تـرسـەوە کـەوتە نوێژ کردن هەتا سەر لەبەیانی خەلیفەی دیەوە هەر نوێژی دەکرد .
کزە با یەك لە پە نجەرەکەوە بە تیژی کشا و ناوچەوانی تەزاند لەو بیرە پەرشانە دایچڵەکاند ئەوسا چاوی هەڵگـڵۆفت و ڕوی کردە گۆڕستانەکە ، پاشان لە ئاسمانی ڕوانی .. ساتێك لە بەرز بونەوەی مانگ ورد بووەوە ئەوسا بەرماڵەکەی ڕاخست .
میمکە ساتێك بو بە دەم کڕوزانەوەوە لە دەرگاکەی دەدا.. ئەویش داچڵەکی و بە لەرزەوە دەرگاکەی کردەوە .. ئەویش بەگریە و ورتەوە هاتە ژور یەکڕاست لەسەر لبادەکە دانیشت :
* خەوێکم دیوە.. فریشتە دەهاتنە خوار تۆیان بە زنجیر بەرز کردەوە بۆ ئاسمان .. ئەوسا لافاوێك جیهانی شت و ڕەشەبایەکیش بەهێز زەوی لەرزاند .
قسەکەی تەواو نەکرد گریا ، ئەویش کەوتە دەریایەکی قوڵەوە .
خەوی میمکە ترسی دەخستە دڵـیەوە ..چونکە وەکو با یەقوش ناسرابو.. کاتێك خەوی بە عەولەی مێردیەوە دی هەر کە گێڕایەوە دوای ڕۆژێك لە شاخێکەوە کەوتە خوارە وە و مرد ، کوڕەکەیشی بەخەو ناشت ، بەر لەوە مەڕێکی بۆ کرد بە قوربانی ئیتر خولە بە کتوپڕی نەخۆشییەکی گرت و گیانیدا ، دوای ئەوەش بە دیار هۆمەری کوڕەزایەوە دانیشت هەر زو ژنی بۆ هێنا و جیای کردەوە هەتا بەتەنیا لە جیهانی خەودا بژی و کەس سەری لێ تێك نەدات .
لەو ساتەشدا کفن پۆش بەو ترسەوە لێی دەڕوانی.. ساتێك پاڕایەوە ئەویش هەستا بە جوتە لەژورەکە چونەدەر ، ئەو بۆ ژورەکەی خۆی و ئەمیش بۆ گۆڕستان ، یەکسەر خۆی خستەوە گۆڕەکەی لە دەریای خەوێکی قوڵـدا مۆمیا بو .
پەڵەی هەور بەری ئاسمانیان گرتبو ، لەگەڵ سپێدەدا بەشەڕ دەهاتن ئەویش بەجۆرێك خۆی بە خۆڵەکەوە نوساند بو هۆشی بە کۆچی گەڵا و پوش و پەڵاش نەمابو کەسات بە سات جەستەیان دەپۆشی .
دوای چێشت هەنگاو باران نم نم باری .. با یەکی بەهێزیش هەڵـیکرد بۆنێکی تفت و تاڵ لەناو خۆڵە مردوەکەوە دروست دەبو ، زەوی ئاوی هەڵـمژی گۆڕەکەش ئاوەچۆڕی دەکرد ، ئەویش هەروەکو خۆی مابووەوە .. لە کاتێکدا جەستەی تەڕبو هەر لە جیهانەکەی خۆیدا بو چاوەڕوانی لافاوێکی سەرتاسەری بو جیهان بشواتەوە ...
هەورە تریشقە و بروسکە بەسەر ناوچەکەدا دەنگ و تیشکیان دەدایەوە لەو ساتەشدا لە ئاواییەوە بەکۆڵ هۆمەریان هێنا ئەو ساتە لە گۆڕەکەی ڕا پەڕی و بە شێواویەوە هاتەدەر .
باران بەهێزتر دایدەکرد سات بە سات پەرەی دەسەند هەمو جەستەیان تەڕببو .. ماوەیەك بو بۆ هۆمەر دەپاڕانەوە ئەویش هەروەکو خۆی بو.. ناچار بۆ ناو دێ گەڕانەوە ...
گوندەکە تەواو شێوا بو هەمو لە هۆمەر کۆ ببونەوە ، ئەویش چاوی بڕیبوە بنمیچەکە .. میمکە پاسی جندۆکەی لەسەر دەکرد ، ئەویش سات بە سات خرا پتر دەبو ، کفن پۆش نوشتەی جندۆکەی بۆ نوسی و ئاوەکەی دەرخوار دا .. ئەوسا بەجێی هێشت و چوە ژورەکەی لە پە نجەرەکەیەوە سەیری جیهانی دەکرد ..گـەردونی لـە دڵـۆپـە فـرمێسکێکی نـەزانـراوەوە دەدیـەوە و وێنـەی جیهان و بون لەلای شێوا.. فەزا ببوە شـەپـۆلی وێنە .. بەو بـیـرەوە عـارەقـەکـانی ناوچەوانی سڕی لەگەڵ تەڕی پە نجەکانیدا سەنگی جیهانی مۆرکرد :

* چەند ساڵـە خـوا جیهانی کردۆتە تاقە گۆڕێکی تەنیایی و تورەیە لە بـون .

9 ( كفن پۆش لەسەر بەرماڵەکەیەوە لەبەر هێزی سپێدەدا فەزایەکی ناشێوەیی دەردەخست وەك لەگەڵ تەقینەوەی گزنگدا بەرەو جیهانێکی تر بچێت ، ڕوپۆی گوندەکەش وێنەی قەوزەیەکی ناو ئاوی دەنواند ، هەر لەگەڵ گزنگیشدا میمکە تۆوی ترسێکی چاند.. کاتێك بۆ ماڵی هۆمەر سەردەکەوت لەگەڵ ڕاکێشانی فەقیانەکانیدا نیشانەی نەفخی سوری دەکێشا ) .

هۆمەر ئەم بەیانیە چاوی هەڵـهێنا بو ، کاتێك میمکەی دی بەرچایی دەکرد.. بە فوەکانی دەمی ئەو شێوا و کەوتە لەرزین و لە پڕ وەکو خۆی لێ هاتەوە ، ئەوەش نیشانەی مەرگی بۆ دەگرتەوە .

ئەو نیشانەیە گوندەکەی گرتەوە ، کفن پۆشیش بە ترسەوە سڵاوی نوێژەکەی دایەوە و بەرماڵەکەی پێچایەوە ، لە کاتێکدا پریاسکەکەی پورکەی دایە دەستی حەمەسور بە پرتە پرتەوە تێی گەیاند و دوا وشەی قوت دایەوە و بەرەو گۆڕستانەکە کەوتە ڕێ .. یەکڕاست بەو تەوژم و وێنە جۆرا و جۆرانەوە خۆی خستە ناو گۆڕەکەی ، بە گومانی بای نەفخی سورەوە چاوی لێك نا .

بەخەو مانگ و ئەستێرە و نهێنییەکانی گەردونی دەدی ، وەکو سۆبرمانی مەرگ و ژیان تونێلەکانی ژێر زەوی دەگەڕا و هەوا و ئەستێرەی تاقی دەکردەوە .

دوا سات بومە لەرزەیەك لەو خەوە بێداری کردەوە ، بە دەم قریشکەوە ڕاست بوەوە ، ساتێك لەخۆی ڕوانی نامۆیی گرتی و ڕەگی شێتی لەجەستەیدا سەوز دەبو ، سات بە سات خراپتری لیدەهات ، بەو شاڵاوەوە لە گۆڕەکەی هاتەدەر بەسەر دار و بەرد و بەرزاییدا دەڕۆیشت ، وەکو یەکەم جار بێت چاوی بە سروشت کەوتبێت بەو جۆرە بەرەو شاخەکە بە تیژی هەنگاوی هەڵـدەهێنایەوە .

کلاَفەیەکی خەیاڵـی بیر و ڕوانینی گرتبو ، دەپچڕاو گرێ دەدرایەوە ، بە فەزاوە تێکەلاَو دەبون و جیا دەبونەوە ، بەو هێزەشەوە لە ناو ئەشکەوتەکەدا خرۆش گرتی هۆشی بەخۆی نەما و لەبەر دەمیدا لەسەر تاشە بەردێك وەستا دەستی ڕاست و چەپ کرد ، ئەوسا ڕوە و خۆرهەلاَت و خۆرئاوا وەستا وێنەی گەردونی دەهێنایە بەرچاو هەر لەخولانەوەی ئەستێرەکانەوە هەتا مانگ و ڕۆژ ، ئەوسا دەزولەکانی کردەوە و کۆلارە خەیاڵـیەکانی هەڵـدا ، تیشکی خۆری گرت ، چەندە هێزی دایە بەرخۆی نەیتوانی ڕاییکێشێت ، پاشان کۆلارەیەکی تری بۆ مانگ هەڵـدا ڕایکێشا ، ئەوسا خۆر یەك پلە هاتە خوار و زەوی هەموی لەبەر چاوی سوتا .. کۆلارەکەی جولاَند دو پلە بەرزی کردەوە ئەوسا بو بە بەستەڵـۆك ، دەزولەکانی لەدەستی پچڕان و مانگ و خۆریش بە فەزاوە کەوتنە یاری ، لە پڕ لەبەر چاوی تەقینەوە ، بەوەوە قریشکەیەکی بەهێزی کرد لە شاخ و دۆڵ و شیودا دەنگی دایەوە .

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە شێتیەك گرتی هۆشی بەخۆی نەما ، لە تیشکی خۆریش بە گومان بو ، وایدەزانی بەردەوام گڕ دەگرێت و دەتەقێتەوە .

هەواش لە بەر چاوی گڕی دەگرت و زەوی دەسوتا ، شەپۆلی بۆسۆ و گڕ لە فەزاوە دەردەکەوت ، هەمو وێنەیەکیان لەبەر چاویدا دەسوتاند ، دەنگیش لە هەمو لایەکەوە دەهاتە بەرگوێی ، وەکو هێزێکی ئۆتۆماتیکی گوێچکەیان خستە ژان بەهەر چوارلادا دەسوڕایەوە .

جارێکی کەش بەو جۆرەی لێ بەسەر هات ، چوار کاتژمێر لە ئەشکەوتەکەدا مایەوە قریشکە و هاواری کرد ، دوایی هاتە سەر ئاوەکە دەست نوێژی گرت و نوێژی دابەست ، ئەوسا هاتەوە سەرخۆی و وێنەکان لە نیگایدا نەمان .

لەو ساتەشدا چوە سەر کانیەکە بەو بیرەوە دەست نوێژی گرت و ڕوی کردە قیبلە ، ماوەیەکی زۆر نوێژی کرد لەگەڵ ورتەکانی لێویدا لەفەزای دەڕوانی ، هەموی لەبەر چاوی دەبون بە ئاماژەی با ی نەفخ ، بەو وێنەیەشەوە سڵاوی دایەوە و لە


www.pertwk.com

ئەشكەوتەكە هاتەدەر لە ئاسمان و هەور و هەوا و شێ با و باران ورد دەبووەوە ، شاخ و بەرزایی و لوتكەی دەبینییەوە ، بای نەفخ بە بەرچاویدا ڕەنگی دەدایەوە ، وایدەزانی چەند ساتێكی تر جیهان گڕ دەگرێت و دەپێچرێتەوە ، هەورێكی ماتەم ئاسمانی گرتبو نێر و مێ تەمی تازەیان بە چاوەوە قەتیس مابو ، ماوەیەك بو لە ناشتنی هۆمەر گەڕابونەوە هەمو بە شێوەنی مەرگەوە وەستابون لەو دو مەرەیان دەڕوانی كە بە پەلكە دارەكەوە خوێنیان لێ دەتكا .

كفن پۆش بە بینینی ئەو دیمەنە حەپەسا ، ساتێك لە گوندەكەی ڕوانی مەرگی هۆمەر لەدڵــی گەڕا .. بەو گومانەشەوە چوە ناویانەوە لە كاتێكدا بۆنی عارەق و پەڵە خوێن بەلەشیەوە لوتی دەگرت پێكهاتەی كارەساتێكی گەورەش گرتیەوە ، لەو كاتەش حەمەسور بەشە گۆشتەكەی دایە و ئەو گرێیەی بۆ كردەوە :

* ئەم قوربانییە پارەی میراتیەكەی پوركەیە ، ئەوی تریش لای خۆمە بۆ هاوگوندی خەرج دەكەم ، ئەمڕۆ كۆچ دەكەین دەمانەوێت ......

وشەی كۆچ زار بە زار دەگەڕا.. ورد و درشت دەیانگوتەوە ، منداڵان هەڵــدەبەزینەوە و ژنان بار و بنەیان دەپێچایەوە و پیاوان كەر و وڵاخیان گورج دەكردەوە .. پاش ئەوەی گۆشتەكەش بەشكرا لە هەیوانی ماڵەكانەوە ئاگر كرایەوە بۆنی گۆشتی برژاو دێیەكەی جۆشاند .

داڵەكەر خۆرەیەك بە ئاسمانی گوندەكەدا هات و باڵەكانی ڕاوەشاند ، ئەوسا تیژ تێپەڕی و جارێكی تر گەڕایەوە لەبەر خۆر هەڵاتەوە ون بو ، كفن پۆش بە لەرزەوە لێی دەڕوانی لەوەوە وێنەكانی ناو با ی دەدیەوە ، تیژ تێدەپەڕین و گۆڕە هەتاییەكانیان نیشان دەدایەوە .

بەو وێنەیەوە قاچی ڕاست و چەپ كرد نیشانەی كاول بونی جیهانی دەدی بەو بیرەوە وەكو خاچی مەسیح جەستەی خۆی ڕاگرت .

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە ئەوسا بە دوا وێنەی جیهانەوە تورەیی باران دەستی چە پی داگرت و هی ڕاستی جوڵاند :

* ئەم گوندە بۆتە هێلــی سفری مێژو هەمو زیندەوەر و دڕندەیەكی هەستكەر بە كۆتایی دێن و جوگرافیاكەی دەبیننەوە ، ئاماژەكان هەموی ئێرە بەڕمزی كاول بونی جیهان دەردەخەن .

بەو قسەیەوە بەچوار دەوری خۆیدا خولایەوە ، ئەوسا بە تیژی هەنگاوی هەڵــهێنایەوە و بەناو گوندەكەدا كەوتە سوڕانەوە ، لە دار و دیوار و بەرد و كوچك و كەڵەك ڕادەما ، سەیری كۆچ و باری دەكرد تاقە جارێكیش بیری لە كۆچ نەكردەوە ، بەدەم بینینی خەڵــكەوە یاریەكی شێتانەی دەكرد لەگەڵ ورتە ورتی لێویدا سەر و ژوری دەكرد و دەگەڕایەوە چەقی ماڵەكان .

با یەكی بەهێز لەلای خوارەوە شاڵاوی هێنا دار و درەختی لەراندەوە و وێنەی چۆڵــی ناو گوندەكەی دەكێشا كە جگە لە تەونەكەی میمكە هیچ شوێنەوارێكی ژیانی تیادا نەمابو ، هەموی پێچرابووەوە ، میمكەش جار جارە لەناو تەژمی خەڵــكەكەوە هەڵــدەگەڕایەوە و لێی دەڕوانی ، دواجار هەناسەیەكی هەڵــكێشاو بە دوای شاڵاوی خەڵــكەكەدا ڕۆیشت .

ڕەو لـــە گۆڕستانەكەوە كەوتە سەر ڕێ ، شاڵاوی ژن و منداڵ و پیاو بە ڕێزەی كەر و وڵاخەوە تێكەڵاو بون ، هەمو چاویان بۆ ئاسمان دەكردەوە هەتا لە گۆڕێكی بە كۆمەڵــدا بە جل و بەرگەوە بنێژرێن .

كاروانێك لە ملەی گردەكەی خوارەوە دەركەوت.. دو وڵاخ و چەند كەسێكی پیادە بون ، ئەوە شڵــەژاندنی و لەجێی خۆیانەوە وەستان .

كاتێكیش نزیك بونەوە ناسیاننەوە ماڵی حەمەلاو بون ، كاتێكیش تێكەڵاو بون هەمویان كەوتنە گریان ، دەنگیان لە دۆڵ و گرد و شاخەكەدا دەنگی دەدایەوە .

ماوەیەك هەمو گریان كەسێك توانای قسەی نەبو ، هەتا حەمەلاو ناو چاوی سڕی و كۆچی لەمەرگدا بەرجەستە كرد :

* ژیان نە لە شارە و نە لەلادێ ، ئێمە پێویستمان بە مەرگە ، شاریش پڕبوە لە کوشتار ، ئەگەر ئێمە ڕامان نەکردایە بۆ باشور دەبراین و وەکو هەزاران هاو گوندی تر لەوێش زیندە بەچاڵ و شتی ترە .

خەڵکەکە گریان کفن پۆش ڕوی کردە ئاسمان و قاچی ڕاست و چەپ کرد :

* ئێرە پردی خوێن چڕانە هیچ ناسنامەیەك بۆ ئێمە و شار و جیهان نییە جگە لە مردن ، مەرگ ناز ناوی جیهانە ، ئیتر تەنیا فوی نەفخ هاوکێشەکان ڕاست دەکاتەوە ، یەکسانی لە مەرگدایە ، ئەو سۆشیالیزمییەی مارکس دایڕشت لە مەرگدایە .. چونکە یەکسانی تەنیا لە مردندایە .

هالاوی دەمی ولاخەکان تێکەڵ بە هەناسەی خەڵکەکە دەبو دەیخستنە شەپۆلی زەریایەکەوە ، لەگەڵ هێزی با کەشدا دەلەرزین وەکو بۆ مەرگ بپاڕێنەوە .

تۆپێك لە دۆڵەکەدا تەقییەوە .. ئەوسا ڕیزە شاخ و لاپاڵ و پێدەشتی گرتەوە پاشان هەموی لە ماڵەکاندا زرمەیان دەهات ، خەڵکەکە هەموی خۆیان حەشاردا ، دو فڕۆکەی جەنگیش لەلای دەستە ڕاستی گوندەکەوە بە ئاسماندا دەکشان ، دوای ئەوەی ون بون ئەوانیش هەمو بۆ ئەشکەوتەکە بەڕێکەوتن و بار و بنەیان تیا کردەوە ، تۆپیش یەك بە دوای یەك گوندەکەی دەسوتاند ، تاقە ماڵێکی نەما هەموی سوتا ، وەکو ڕەمزی هەرەس هێنانی هەڵگرتبێت ، پەڵە هەوریش بە ئاسمانەوە نەخشەی گڕ و بۆسۆی ماڵەکانیان تاریك دەکرد ، بەو شێیە جۆرا و جۆرانەوە بە تێکەڵی هەناسەوە ورد و درشتی گێژ کردبو ، هەمو بەبێدەنگی لە ئاسمانیان دەڕوانی و وشەیان لەبیر دەچووەوە .. تەنیا تەقینی پەنجەکانی شەرمن و نەرمین ڕچەی بێدەنگیان دەشکاند و بەتاسەوە لە یەکتریان دەڕوانی و وێنەی یەکتریان دەخستە دڵەوە و لەگەڵ کزە شێدارەکەدا دەتوانەوە و دروست دەبونەوە هەتا ببنە جەستە و ڕۆحێك و جارێکی تر لێك جیا نەبنەوە .

ماوەیەك بو ئەو دو دڵە لەیەك دور کەوتبونەوە ، ئەو لەشار و ئەم لەلادێ ڕۆژانە لە بانێژە و هەیوانەوە لە یەکتریان دەڕوانی و بە خەیاڵ بە فەزادا دەفڕین و وەکو جاران باوەشیان بەیەکدا دەکردەوە و گرێیەکانی عەشقیان دەکردەوە و بە شەپۆلی با و هەور و شەماڵەوە یەکیان دەدواند ...

هەمو ڕۆژێك دوای چێشت هەنگاو و عەسر وەکو جاری جاران شەرمن دەهاتە لای نەرمین لە بانێژەکەوە ماچی دەکرد وەکو بۆ تاقە ساتێکیش لە یەکتری دور نەکەوتبنەوە زۆر جار بەو جۆرە لە بانێژەکەوە وەکو فریشتە باوەشی بۆ دەگرتەوە :

* شەرمن گیان وەرە کەمێك دەردی دڵی خۆتم بۆ بکەرەوە .. دەزانم دڵت بریندارە چارەنوست سوتا .. بەلام عەشق نیشتمانە گەردونە هەر ڕۆژێك دێت بەختەوەر بیت .

ڕۆژێك بەر لەکۆچیان بەو شێوەیە دەمە و عەسر هات بۆ لای لەو ساتەی ماچی کرد گریا ، هەتا دانیشت هەر گریا ئەوسا فرمێسکەکانی سڕی :

* تەنیا مەرگ بۆ من ماوەتەوە ، ئەوە حەمەتاڵ بو کوژرا ، لەتۆش جیا دەبمەوە ئیتر سبەینێ بۆ شار کۆچ دەکەین ، ئیتر دەبێت چاوێکم لە گۆڕی عاشقەکەم و ئەوی ترم لە تۆ بێت ، دەبێت هەمو ڕۆژێك بە باڵ بفڕم بۆ ئێرە .

ئەو قسەیە جەرگی نەرمینی خستە ژان ..کتوپڕ چاوی پڕ بو لە ئاو بەو دەرونەوە دەستی خستە ناو دەستیەوە :

* من هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە زامەکانی تۆ دەردی خۆمی لە بیر بردومەتەوە ، بڕوا بکە وام لێ هاتوە ناتوانم تالیم ماچ بکەم ، حەز دەکەم ژوانی لەگەڵ نەگرم ، چونکە تۆ تەنیایت ، تۆ دڵدارەکەت مەرگی کرد ئێستاش دەڕۆیت ئیتر من دەمرم ... دەمرم .

شەرمن گریا ، بە کوڵ گریا و وشەکانی بە فرمێسکەوە داباراین :


www.pertwk.com

* دیاره من و تۆ چارەنوسمان بە مەرگ نوسراوه..  ئەوه نهێنییەکە ئیتر هی ئەم گوندەیە وەکو باس دەکرێت یان بەختی خۆمانە .
نەرمین فرمێسکەکانی سڕی دەستی گوشییەوه :
* ئازیز تازه کار لە کار ترازاوه تۆ دەڕۆیت لە شار دڵداریك بگرە بەڵکو ئەو زامەت سارێژ بکات .
* زامی حەمە تاڵ هەرگیز ئەوە وەکو خوێن لە لەشمدایە ، هیچ کوڕێك ئەو جێگەیەم بۆ ناگرێتەوه .
لەو ساتانەشدا ئەو وێنانەیان دەدیەوه ، هەردوکیان بەخەیاڵ دەگەیشتنە لای یەك و فەزای ژوانەکانی پێشویان زیندو دەکردەوه .
لەو ساتەشدا بە جۆرێك پە نجەی یەکتریان دەگوشی هەتا بۆ هەتا هەتایە لە یەکتری دانەبڕێن و بەو جۆرەش وەکو ئاسمان و زەوی ماچی یەکیان دەکرد بەو هێزەشەوه نەرمین پە نجەکانی توند دەگوشی :
* لەشار دڵداریت کردوه چاوەکانت دیارن کوڕە شاریەکی قۆزت کردوه بەدڵدار دڵیشت هەر لای شارە .
شەرمن هەناسەیەکی هەڵکێشا :
* من هەر بەختم بە مەرگە دڵداری من دەبێت گوللە باران بکرێن .
* بۆ نا شێ دڵدارێکی ترت کوژرابێ ؟.
* کۆڕێکی زۆر جوان ناوی چیا بو ، ڕۆژانە وەکو خۆر دەیگرتم ، شەویش دەبوە مانگە شەو.
ئیتر وشەکەی تەواو نەکرد گریا ، ئەویش دەستی گوشی :
* کێ کوشتی ناشێ کراس سپی بو بێت .!!
* بەڵێ لە دوای حەمەتاڵ هەرگیز شو بە کراس سور ناکەم ، ئەوان دڵداری منیان کوشت ، ئەویش کراسەکەی سپی بو هەر لە حەمەتاڵ دەچو لە ناوەڕاستی شاردا تیرۆریان کرد... کوژرا .
بەو قسەیەوه سەری هەڵبڕی لە ڕۆشنایی ئەشکەوتەکەوە شە پۆلی شارەکەی دیەوه وێنەی ئەو ساتەی هاتەوه بەرچاو کە هاتە سەریان لە سوچی هەورەبانەکەدا باوەشی پیا کرد :
* ڕۆشنایی ژیانم ئەم  شوشە عەترە بگرە تۆ چیت دڵ و مێشکی منت ڕفاندوه ؟.
بەو قسەیەوه ماچی کرد ، شەرمن ترسا ، لەرز جەستەی پێچایەوه ، ئەویش زیاتر لێی نزیك کەوتەوه ماچێکی تری کرد ، ئەویش خۆی لێ ڕا پسکاند :
* چیا با خۆشەویستی لە دەست نەدەین من بەم شتانە ڕازی نیم لکە دارم مەکە .
چیا وەکو شێتی لێهاتبو.. دەیویست بفرێت ، بۆیەش شێتانە ڕوی تێکرد و دوا نهێنی عەشقی بۆ کردەوه :
* من و تۆ عاشقین و دەبینە هاوسەر ئیتر یا مەرگ دەمانگرێت یان بۆ یەکتری دەبین .. ئیترچی پێویستە شەرم بکەین .
* ئەوە بڕیاری منیشە بەلام ئەوەش کاتی خۆی .. من لەبەر ئەوە خۆشم دەوێت چونکە شۆڕشگێڕیت و کوڕی هەژاریت..  ئیتر پێویستە بیر بکەیتەوە .
ئەو قسەیە چیای لەرزاند سەری بۆ دانەواند و وشەیەکی تری نەگوت .
ئەو وێنەیە لەوساتەشدا شەرمنی لەرزاند ، لەجێی خۆیەوە لەرزی وگریا ، نەرمین دەستی گوشی و فرمێسکەکانی بۆسڕی ، ئەوسا لە یەکیان ڕوانی هەردوکیان بەزامە سەختەکانیانەوە بێدەنگ بون توانای قسەیان نەما و لە ڕۆشنایی یەکدا دەتوانەوە و زمانێکی خامۆشیان لە نهێنی جیهاندا هەڵدەکۆڵی ، سروشتیش بەو زمانەوە بەرجەستە ببو ، زمانێك لە بێدەنگی دا وێنەی کارەساتەکانی مێژوی عەشقیان دەکێشا !!

*****                *****                *****

کفن پۆش بە شالاوێکی تۆقێنەرەوە بە خێرایی لە ئەشکەوتەکەوە بۆ گۆڕستان دەکشا لەگەڵ کۆچی خۆرەکەدا سات بە سات زیاتر تۆڕی وێنەکانی جیهان دەیگرت و هێواش دەبووەوە .. کاتێك بەلای ماڵەکاندا ڕابورد لەکەلاوە ڕوخاوەکانی ڕوانی و ئەوەندەی تر ژیان لەبەر چاوی ون بو ، بەو بیرەشەوە یەکراست چوە ناو گۆڕەکەیەوە بەجۆرێك خۆی لەگەڵ خۆڵەکەدا پەیوەستە کرد وەکو نیازی نەبێت جارێکی تر بێتە دەرەوە و چاوەکانی بە یەکجاری لێك بنێت .
هەر لەو ساتەی ئەو گومانە پێچایەوە هۆشی لە بون سڕیەوە مێشك و بیر و ڕوانینی بەو هەستەوە سڕ ببو.. ژیان لەلای دەبوە گەلایەکی ڕزیو .
چوار کاتژمێر بەو جۆرە لەو خۆڵەدا ڕاکشا .. وەکو بیەوێت گومانەکانی لەو گۆڕەدا ڕەگ دابکوتێت و سەر لە نوێ سەوز ببنەوە .. بەو جۆرەش خەوی لێکەوت.. پاشان بێداری بووەوە بەردەام لە ئاسمانی دەڕوانی و ئەستێرەی دەژمارد .. شینایی ئاسمان لەو تاریکیەدا وێنەی گۆڕێکیان دەدایەوە.. دوایی دەبونەوە بە گەردون ، دەزوڵلە خەیاڵیەکانی بلاو دەکردەوە بۆ ڕاست و چەپ و باکور و باشور ، شارە خەیاڵییەکەی خستبوە گۆشەیەکی نەبینەوە .. لە پڕ بە شەپۆلی ئەو خەیاڵەوە خەوت ،
لەو خەوەشدا جیهانی لێ پێچرایەوە .. شەپۆلی ئاو لە خەوەکەیدا هەمو جیهانی گرتبووەوە و بەدەم فرمێسکەوە ڕا پەڕی کتوپڕ هەستایە سەرپێ .. ساتێك لە خۆی و دەور و بەری ڕوانی پاشان سەیری فەزای شاری کرد.. گلۆپەکانی لە مێشکیدا دەتەقینەوە و لەو تیشکەوە ماڵ بە ماڵ و کۆشك و مزگەوت و بالاخانە و گەڕەك و سەربازخانە و بازاڕ و شەقام و شۆستە و قوتابخانە و بەندینخانەکانی شاری دەدیەوە و لە خوێن هەڵدەکێشرانەوە و شارەکە هەموی نوقمی شەپۆلی خوێناو دەبو ،
بەو وێنەیەوە کۆلارە خەیاڵیەکانی بلاوکردەوە کۆشکە بەرزەکانی ڕاکێشا.. یەك یەك بە بناغەوە لە جوگرافیای شار دەیگوێزانەوە ، ئەوسا سەربازخانەکانی ڕاکێشا بە هەمو ئۆتۆمبێل و زرێ پۆش و خانو و خێمە و تۆپ و کەل و پەلە سەربازییەکانەوە بە حەواوە دەیتەکاندن ، سەربازەکان بەلا یەکدا و چەکەکان بۆ لایەکی تر.. ئەوسا بالاخانەکانی ڕاکێشا و پاشان مزگەوت و کارخانە و ماڵەکان ئەوسا ئەو کۆشکانەی دۆشکا و کاتیۆشایان بە سەرەوە بو.. ئەوانەی هەمو بە ئاسمانەوە فڕێ دایە خوار .. ئەوسا گەڕەکێکی دەگواستەوە بۆ فەزای شارە خەیاڵیەکەی ...
تاریکی باڵی بەسەر گۆڕستانەکەدا کێشا بو.. بێدەنگیش لە ڕوانینی ئەوەوە زمانێکی تایبەتیان بە هەرەسهێنان بەرجەستە کرد بو ، لەگەڵ تاڵە دەزوەکانیدا دەکشان بەو بیرەشەوە پتر تاڵە دەزوی هەڵدا و جەنگێکی خەیاڵی جیهانی هەمو مێشکی گرتەوە.. بە ڕقێکەوە بەندیخانەکەی گرت .. چەند کۆلارەی بۆ هەڵدان .. سەرەتا بە ندییەکانی ڕاکێشا و گواستنیەوە ئەوسا بەندیخانەکەی بەرز کردەوە و لەجێی خۆیدا بە زەویدا کێشایەوە .
ماوەیەك بەو جۆرە بەندیخانە و سەربازخانەکانی شاری کاول کرد ، ئەوسا شارەکەی گواستەوە ، هەمو کۆشك و ماڵەکان ، تاقە شوێنەوارێکی تیا نەهێشت و گلۆپەکان کوژانەوە.. ئەوسا گۆڕستانەکانی ڕاکێشا ، گۆڕ بە گۆڕ بە کۆلارەکانیەوە دەهاتن و مردوەکانی بە ئاسمانەوە لەگۆڕی شوشەییدا ڕەنگیان دەدایەوە ، پاش ئەوەی هەمویانی گواستەوە و لە گۆڕستانی شارە وەهمیەکەیدا جێگەی خۆیان دەگرتەوە و مردو و زیندو یەکیان دەگرتەوە .
بەو بیرەوە لە شارەکەی ڕوانی گلۆپەکانی دەگڕان و شارێك بو بەبێ سەربازگا بە فەزای ئاسمانەوە سوڕی دەخوارد .. ئەوسا لە شاری ڕوانیەوە هیچ جێگەیەکی ئاوەدانی تیا نەدەدیەوە .

ئیتر ئەوە دوا نیگای بو ڕۆشنایی لەسەر ئاسمانی شار دەکوژایەوە.. ئەو شارە لە ڕوانینیدا تواوایەوە ، چەند جار ئەوەی کرد بە هەر چوار دەوردا سوڕایەوە ڕۆشنایی هەتەر دەدا .. تەنیا لە ئاستی فەزای شارەکە کوێر دەبو بەو وێنەیەوە وشك وەستا ، دەنگێك لە ئاستی شارەکەوە دەهاتە گوێیْ ئەوە بە یەکجاری جەستەی خستە لەرز و لەوەدا بو خوێناو داییپۆشێت .. سات بە ساتیش پتر بەرەو بۆشایی جیهان پەرەی دەسەند و دەزوە خەیاڵیەکانیشی بەدەم هێزی باوە لە فەزادا ڕادەفڕین .

بەو بیرەوە لە جوگرافیای شاری ڕوانینیەوە .. وێنەکانی ناو با کوژابونەوە ولەگەڵ زەمەن و مێژویدا کۆچیان کرد بو.. هیچ شوێنەوارێك لە دوای گۆڕینی نەخشەکەیەوە نەما بووەو ، جگە لە شالاوێکی خوێناوی کە سات بە سات جەستەی شاخ و کێو و گردی دەگرتەوە و هەڵـدەکشا ...

ماوەیەك بەو جۆرە قولایی چاوی تێبڕی هیچ شتێکی نەدەدیەوە نە کارەبا و کۆشك و کارخانە و نە ماڵ و درەخت و گەڕەك ، وایدەزانی کوێر بوە.. ڕوی وەرگێڕا دەشت و شاخی دەدی تەنیا لەئاستی شارەکە ڕۆشنایی دەپۆشرا.. نوقمی شەپۆلی خوێناو دەبون ، بەو دیمەنەشەوە دەزوللە خەیاڵیەکانی هەڵداو کۆلارەکانی بۆ جوگرافیای شارە نوێیەکە هەڵدا ، ئەویش بەدەم گێژەنگی باوە دەسوڕایەوە بۆ نیشتمانێك دەگەڕا تیایدا نیشتەجێ ببێت ، بەو ڕوانینەوە کۆلارەکانی گرتە مەریخ و مانگ و زوحەل تاقە جێگەیەکی نەدییەوە بۆ نەخشەی شارەکەی ، ئەو گەردەلولە مێشکی گرت هەمو وێنەیەکی بەسەر یەکدا گێژداو بەیەکجاری ڕوانینیان گۆڕی ، بەو ژانەوە پڕ بە گۆڕستانەکە قیژەی کرد ، دەزوەکان بە نیگا و بیر و هەستییەوە تێکەلاو دەبون ئـەوســا هــەمـوی هــەڵدا بۆ جـیـهــان و وڵات و شارەکانی دەگرت و هەڵی دەگێڕانەوە .

ماوەیەك بە خەیاڵ ئەوەی کرد ئەمەریکا و ڕوسیا و چین و فەڕەنسا و وڵاتانی تری هەڵگێرایەوە ، شارە وەهمیەکەیشی لەگەڵ جیهاندا بە فەزاوە دەخولایەوە ، لەپڕ دەنگێك هاتە بەرگوێیْ بەتیژی وەکو بای نەفخ.. هەستی کرد زەوی دەلەرێتەوە و ئاسمان لول دەبێت ، بەو ترسەوە لە گۆڕەکەی هاتەدەر .. گزنگ بەسەر کەلاوەکاندا دەتەقییەوە کفن پۆشیش بە قریشکەوە لە گۆڕستانەکەوە تیژ تێپەڕی و دەنگی خستە دیوارە ڕوخاوەکانەوە و بۆ ئەشکەوتەکە هەڵگەڕایەوە .. جار جارەش ئاوڕی دەدایەوە و لە شاری دەڕوانی جگە لەو شالاوە خوێناوییە هیچی تری تیا نەدەدیەوە ، دوا جار بە قین و حەژمەتێکی گەورەوە هەنگاوی ناو جارێکی تر نەوەستایەوە هەتا دیمەنی ئەو شارە ببینێ .ئاگرێك لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا کرا بووەو.. خەڵکەکە بە دیاریەوە کزۆڵەیان کرد بو ، ئەویش چوە ناویانەوە و لەسەر بەردێك دانیشت و دۆلکەیەك چاو ناوساجییەکیان لەبەر دەمیدا دانا و بەردەوامیش لێیان دەڕوانی ، ئەویش لەگەڵ جوینی پاروەکانیدا تۆڕی وێنەکانی دەدیەوە و جوگرافیای دو شار ڕوانینیان کۆنتڕۆڵ کردبو .. بەبێ هۆشی لێوی دەجولاند و گوێیْ بۆ با یەکی بەهێز دەزرنگایەوە ، لەگەڵ دوا قومی چاکەشدا شارە نوێیەکەی دەدی ..خاکێکی بێ ناو نیشانی دۆزیبووەوە شەپۆلی با ش بە تیژی دەکشا و گڕێکی لێ دەبووەوە وەکو تەقینەوەی فۆتۆنات لە مێشکیدا ڕەنگیان دەدایەوە .

بەو وێنەیەوە سەری خستە سەر بەردێك ڕاکشا ، بەدەم گڕی ئەو شالاوەوە هەستی کرد جەستەی لەگەڵ پارچەکانی تری گەردوندا دەتەقێتەوە بەو هێزەوە جەستەی خاو بووەو و خەوت .

بێدەنگی ئەشکەوتەکەی گرتبووەو وەکو سروشت بۆ چرکەیەك پشو بدات چەند دەنگێك لە بنار و لوتکەوە وەکو پیانۆی سەربازی دەهات.. خەڵکەکەش بەو ترسەوە هەناسەیان هەڵدەمژی و خۆیان لەبەر هەتاوەکەدا هەڵخست بو.. زۆریان کراسەکانیان داکەندبو ئەسپێیان دەدۆزی ... زۆریش لەسەر بەرد ڕاکشا بون و لەزمانی بێدەنگیدا خۆیان دەناشت ، تاقە دەنگێك لە قولایی ئەشکەوتەکەوە دەهات وەکو هەناسەی پەپولە ، تالیم بەسەر سنگی نەرمیندا پەخشی دەکردەوە و پەنجەی دەگوشی لەپڕ خۆی وەرچەرخاند و ماچێکی کرد ، ئەوسا مەمکی گوشی ئەویش بێزار بو گریا ، بەجۆرێك وەوکو لە کفن پێچرا بێت و نەیەوێت جەستەی بژاکێ تیشکی چاوی بڕییوە حەوا ڕوانینی بۆ گۆڕستانە هەتاییەکان هەتەر دەدا .



www.pertwk.com

دو ڕۆژ بو ئەو بیرە گرتبوی لەرز جەستەی دەگرت و دڵـی دەگوشرا عەشق وەکو دەزوللە لە قورگی دەئـالآن و پرخە پرخیان پێدەخست و خوێنەکەی دەگوشرا و هیچ هۆشێکی بەخۆی نەما بو.. لەخەویشدا ڕادەچڵەکیٰ و دەلەرزی .. لە ڕوانینەکانی میمکەشەوە دەستی نابینا ببوە ئەفسانە و وایدەزانی قورگیان گرتوە و ها ئێستا ها ساتێکی تر گیانی دەکێشن.. هەر بۆیەش هیچ چێژێکی نەما بو .. ئەو جەستەیەی جاران نەبو بە پەنجەیەك بخرۆشێت و مەمکەکانی گڕ بگرێت و بۆ ئاسمان بشنێتەوە ... زۆر جار تـالیمی دەگرتە باوەش تەپ و تلی پێدەدا .. سنگی دەگوشی.. دەمی دەخستە ناو دەمی دەیمژی بە هەناسەکانی ئەوسا ماچی دەکرد.. دەم و چاوی دەلستەوە .. گەندە موەکانی دەخستە دەمیەوە و پێستەکەی بە زمانی دەشت ، لەو ساتـانەی کە مەمکی دەکەوتە بەر دەستی یەکڕاست دەرپێیەکەی تەڕ دەبو ، تـامێك بێخی ددانی دەگرت ئەوسا دەچوە سەر سنگی توند خۆی پێوە دەگوشی .

مانگێك لەوە بەر بەو جۆرە لەیەك ئـالآن.. دوای قوقەی کەڵەشێر لە ژێرخانەکدا یەکیان گرت ، دەمیان خستەناو دەمی یەك ، بە قولآیی سینەی یەکیان دەمژی ، نەرمین هاری گرتبوی بەجۆرێك بەخۆیەوە دەگوشی پەراسوی دەکەوتە ژان ، ئەویش جۆشی سەند بو دەرپێیەکەی داکەند ، ئەوسا بەنە خوێنەکەی خۆیشی کردەوە، نەرمین بەردەوام ماچی دەکرد ، ئەویش ئەژنۆی پیٰ هەڵـبڕی چوە نـاو لنگی ، ئەویش سڕ ببو بە هەردو دەستی سنگ و پشتی دەگرت سەری لە دەمی نزیك دەکردەوە ، ئەویش خۆی بە نـاو ڕانیدا توند کرد ، لەو ساتەدا نەرمین قیژاندی کتو پڕ چوە دواوە و دەرپێکەی لە پیٰ کردەوە :

* چی بو کەمێکی ما بو ئابڕوم ببەیت ؟..تـالیم چۆن دەبێت وابکەیت ؟.

چەند جاری تر بەو جۆرە تێك ئـالآن جەستەیان سڕ دەبو بەشەکەتی لێك جیادەبونەوە ..دوایی جوت دەبونەوە ، کەچی لەو ساتەدا نەرمین هەمو چێژێکی تێکەڵـی مەرگ ببو ، بەو گریانەش دڵـی تـالیمی داخورپـاند ، ئەویش کتوپڕ خۆی وەرگێڕاو لە کاتێکدا فرمێسکی دەڕشت قژی بۆ هەڵـدایەوە بە دڵــۆپێك کوڵـمی تەڕ کردو سەری بەرز کردەوە ، جارێکی تر لێی ڕوانی وایدەزانی لەو تنۆکەیەوە جارێکی تر عەشق لەسەر سنگی سەوز دەبێتەوە و مەرگ لەو جەستەیە دور دەکەوێتەوە .

ئەو وێنەیە لە نیگایدا شەوقی دەدایەوە ، بەو ڕوانینە شەوە نیگایان لە یەکتری دەبڕی و سات بە ساتیش لەبەر چاویان پەرەی دەسەند و دەبوە شەپۆلێکی گەورە و خۆیان تیادا دەشتەوە و تـاڵ دەزوەکانی عەشقیان جارێکی تر لە درەختێکی نەمریدا سەوز دەکردەوە ، بەو شێوەیەش پەنجەی یەکیان گوشی و ڕوانینیان پەرەی سەند.. لەگەڵ شەپۆلەکانی فەزادا تێکەڵاو دەبون گوند و جیهان بەو دڵــۆپەیەوە دەشۆرایەوە و سەر لەنویٰ دروست دەبووەوە ... !!

******************************************************************

## 10

**( ئەم چرکەیە مەرگ شالاّوی ئاو ێکە خوێن بەهاو ڕەنگی شێواندوە و نیشتمانی بونی پێك هێناوە )**

کفن پۆش بەو قسەیەوە تیژ تێپەڕی بە شە پۆلە نادیارەکانی ڕوانینەوە فەزای دەبڕی و دەیویست بەناو نهێنییەکانی بوندا بفڕێت.. تالّ دەزوە خەیالّـیەکانی بە ئاسماندا پەرش ببونەوە .. تالّەکان لە دەستی دەپچڕان و یەکیان دەگرتەوە.. ون دەبون و دەردەکەوتنەوە .

دەشت و کێو شیو و دۆلّ و لوتکە و شاخ و دار و بەرد و درەخت بنجگ و سەوزایی و دەوەن و با و هەناسەی بە گرژی دەبینیەوە ، لە خۆر هەلاّت و خۆر ئاوا و باشور و باکور و ڕاست و چەپ و سەر و خوار وێنەی شە پۆلێکی خوێناوی دەهاتە بەرچاو ، تەزوی ( با ) یەکەش وەکو شمشێرێکی تیژ دیاری دەدا کە سات بە سات ڕوانینەکانی بگرێت و دەزوللە خەیالّـیەکانی بپچڕێنێت ..

هەر لەگەلّ هەلّـهاتنی خۆرەوە ئەو تەوژمە گرتی ، لە ژێر شالاّوی کەشە هەورەکانەوە دەردەکەوت و دەدرەوشایەوە و ڕوانینەکانی تەلّخ دەکرد ماوەیەك جەنگی خەیالّی کرد بە دەزوللەی کۆلارەکان فەزای پشکنی و وێنەکانی ڕاکێشا کەچی سات بە سات پتر دەئالّـۆزکان و لەگەلّ یاری خۆر و هەور و با دا تێکەلاّو دەبون ،

بەو دیمەنە دەستی ڕاست و چەپ کرد وێنەی شارە خەیالّـیەکەی دەدیەوە گلـۆپەکانی هەلّـدەکران و دەکوژانەوە و بەرەو فەزایەکی نا شێوەیی لە شە پۆلەکانی با یا دەسوڕایەوە و هەتا خالّـێك بدۆزێتەوە .

بەو وێنەیەوە خۆی وەرچەرخاند لە شارەکەی ڕوانیەوە تەنیا تەوژمێکی خوێناوی دەردەخست لە ئاسمان و سەر و ژور و ڕاست و چە پیەوە سور ببو.. بە جۆرێك با کەشی بە سوری دەدی وەکو کەفی تێزاب بە خوێنەوە هەلّـدەکفاو شاخ و کێو و گرد و بەرزایی دادەپۆشی .. ئەوەش تێکەلاّو بونی هەر چوار ڕەنگە فیزیاییەکە بون لەلای و لە بنەمای زانستی تەقینەوەی فۆتۆناتدا بای نەفخی بەسەر فەزاوە دەبینیەوە ، بەو ڕوانینەوە بە تیژی هەنگاوی هەلّـهێنایەوە بە بیرێك کە چەند ساتێکی تر جیهان بتەقێنێتەوە .

هەر لەگەلّ گزنگەوە ئەو شالاّوە گرتی و توانای نەما بۆ تاقە ساتێکیش دابنیشێت و بە تەنیا بەسەر میلی کاتژمێری ساتە وەختەوە دەسوڕایەوە وەکو سروشت لە ڕوانینیدا سفر بو بێت .

بەردێك لە شاخەکەوە تل بوەوە هات و دارێکی ڕماند ، لەو ساتەی بو بە دو پارچە یەکیان هەلّبەزیەوە و هەتا ناو کەلاوەکان تلی دا.. ئەوساش وەکو هەیکەل لە دێیەکەدا گیرسایەوە .

کفن پۆش ساتێك سەیری کرد گوێی بە دەنگێکی نادیار دەزرنگایەوە.. وای دەزانی ڕا پۆرتی جیهانی پێشکەش دەکەن ، ساتێك لە قولاّیی فەزای ڕوانی دەنگەکە وەکو مۆسیقا خرۆشاندی چەندە گوێیّ هەلّـخست لە بنار و لوتکەی ڕوانی شوان و ڕێبوارێکی نەدی بەو داخەوە بە پێ لەقە دار و بەرد و خاك و خۆلّی دەکوتیەوە ، ئەشکەوت و ئەستێلّ و کانیاو و دەشت و دەر


www.pertwk.com

و کەلاوەکانی گوندەکە گەڕا ، تەنیا دەزگای تەونەکەی میمکە بە سوتاوی وەکو لە خاچ دانەوەی مەسیح باوەشیان بۆ ئەو و جیهان دەگرتەوە.

بەو دیمەنەوە ئەوەندەی تر ڕوانینی شێوا وای دەزانی تەونەکە دەبێتە گرێك یا پارچە کفنێکی گشتی بۆ عالەم ، لەو نیگایەشەوە ئێستا و سەرەتای بەیەکەوە گرێ دایەوە و بە تاڵە دەزوەکانیەوە زەمەنێکی لە پشت زەمەنی ڕوداوەکانەوە دەدییەوە ... ئەو ڕەنگاڵەیەی لە شاخ و کێو و گرد و لوتکە و بنارەوە دەدییەوە وای دەزانی گرێك هەوا دەسوتێنێت بەو بیرەوە کۆلارەکان لە نیگایدا تێکەلاو دەبون و جوگرافیای جیهانیان دەگۆڕی فەزایەکی ناشێوەییان بۆ دەڕەخساند ، لەگەڵ چرپەی هەناسەکانیدا شە پۆلی فڕین جەستەی دەگرتەوە .

ماوەیەك بەو جۆرە دەست و قاچی ڕاوەشاند ئەوسا چوە سەر بەردێك هەردو دەستی کردەوە و سنگی دەرپەڕاند هەناسەیشی بە دەزوی ڕوانینەوە تێکەڵی شە پۆلی با دەبو .

فڕین بەشێك بو لە ئەندێشەکانی ژیانی و کرۆکی گومان و ڕاڕاییەکەیان دەردەخست .. بەو تۆڕانەوە دەیویست بفڕێت و قولایی ئاسمان بگەڕێت هەتا کلیلی تونێلە ونەکانی فەزا و زەوی و زەریا بدۆزێتەوە.

زۆر جار بەو جۆرە خۆی تاقیکردەوە بە خەیاڵ بە شە پۆلەکاندا دەفڕی .. کەچی هەر لە پڕ دەزوەکانی تێك دەئالان و فەزای لەلا قفڵ دەبو .

جارێك چوە سەر لوتکەی شاخەکە دەزوە خەیاڵـیەکانی گرتە مانگ .. ویستی بەوەوە هەڵبکشێت.. چەندە قاچی بەرز کردەوە و دەستی جولاند لە پڕ دەزوەکە پچڕاو لەجێگەی خۆیدا کەوت و خوێناوی بو.. بەوە ئەو خەیاڵەی پچڕا .

لەو ساتەشدا دەیویست بە باڵێکی ئەفسانییەوە بۆ هەسارەیەکی تر بفڕێت و جوگرافیای شارە خەیاڵـییەکەی تیا نیشتەجێ بکات .

ماوەیەك بەو جۆرە مایەوە هیچ ڕێگەیەکی لە بوندا نەدییەوە بەوەوە شالاوێکی تۆقێنەر گرتی چاوی نوقاند و بەدوا هەناسەی بونەوە لێوی جولاند :

* شیرازەی گەردون پچڕاوە ساتە وەختی ئەوەیە جیهان بپێچرێتەوە .. چونکە ئێستا تەنیا جێگەی کۆترێکی تیایە ڕایەڵەکانی بون نادیارن ئەستێرە ناسێك نیە کلاڤەی گەردون شی بکاتەوە .

ساتێك لەجێی خۆیەوە لە فەزای ڕوانی فۆتۆنات لەبەر چاوی گرپیان دەگرت بەو ترسەوە قاچی هەڵـهێنایەوە وای دەزانی دەکەوێتە ناو گۆمی تێزابەوە .. هەستی بە شالاو ی گڕ و خوێن دەکرد زەوی دابپۆشێت.. تەنیا گۆڕستانەکە لە ڕوانینیدا مایەوە ، بە پەلە کەوتە ڕۆیشتن هەتا ناو گۆڕکەی نەوەستایەوە .. ئەو کاتەش خۆی بە خۆڵەکەیەوە پەیوەستە کرد.. بە تۆڕی ئەندێشەکانیەوە خەوی لێکەوت .

گۆڕستان بزەیەکی ساردی دەبەخشی و گەلای دارەکان ڕادەفڕین و بە خەوش و خۆڵەوە بۆ ناو گۆڕەکەی دەخزین و لـەسەر جەستەی دەنیشتنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دانەچلەکی و لە خەوێکی قوڵـدا سەرگەرم ببو ، خەوی بە کەوتنە خوارەوەی ئەستێرە و مانگ و ڕۆژەوە دەبینی زەوییش تەنیا زەریایەك بو لە خوێناو ، بەو شالاوەوە جەستەشی دەتوایەوە و وەکو ساروخێك فەزا و جیهانی دەبڕی .. دوایی خۆی لێ بو بە باڵـندەیەکی تیژ ڕەو دەنوکی لە زەریای خوێن وەردەدا ، تاقە ڕەشاییەکی لەسەر زەوی نەدەدیەوە ناچار بە فەزاوە نیشتمانێکی پێك هێنا ، لە پڕ گەردون لەبەر چاوی بو بە بەستەڵەك ، هەوا بەستی ، توانای هیچ جوڵەیەکی نەما ، بەو شالاوەوە بە قریشکەوە ڕا پەڕی ساتێ بەدەم لەرزەوە لە خۆی و دەور و بەری ڕوانی هــەردو باڵـی کردەوە وەکو بیەوێت بفڕێت لە وێنە و دیمەنی خەوەکەی ورد دەبووەوە ، لە پڕ بەرە و ڕۆژئاوا ڕوی وەرگێڕا بە پە نجەی وێنەی سەرە و ژێر بونی زەوی دەکێشا .


www.pertwk.com

ماوەیەك بە خەیاڵ ئەوەی کرد ، ئەوسا کۆلارەکانی بە فەزا دا بلاو کردەوە وێنەکانی ڕادەکێشا و تێکەلاو دەبونەوە ، لە پڕ هەموی تێك ئالا ، بەوەوە فریشکاندی و لە گۆڕەکەی هاتە دەر ، لەگەڵ چەند هەنگاوێکدا لەجێی خۆیدا کەوت .

لە ئەشکەوتەکەوە بەکۆڵ نەرمین یان هێنا لەسەر قسنەکە ڕایانکێشا ، کفن پۆشیش چاوی هەڵهێنا بە حەپەساوییەوە سەیری کردن ، دەزوە خەیاڵـیەکانیشی وەکو خۆیان بە فەزادا دەخولانەوە .

کەشە هەور لە ئاسمانەوە یەکیان دەگرتەوە ، با یەکی بەهێزیش بە کزەیەکی ساردەوە گۆڕستانەکەی گێژ دەدا ، ئەوانیش چاویان بڕیبوە قولایی جیهان و بۆ نەرمین دەپاڕانەوە ، ئەویش لە پاڵ قسنەکەدا کروشکەی کرد بو.. بە ئاشکرا ڕەنگی مرد ن لە چاوەکانیەوە دەبینرایەوە .

ئەوە لەلای هەمویان ئاشکرا بو هەر لەو ساتەی میمکە تۆڕی کفنی بۆ چنی و ئاوی زمزمی کرد بەدەمیەوە ئەوەی دەرخست :

* ئەو ئاوە بخۆرەوە ئیتر چاو لە نابینا بتۆرێنە با مەملەکەتێك بە مەرگت کوێر نەبێتەوە .

بەو تۆڕەوە لاواندییەوە ئەوەش لەو ساتەدا لەبەر چاویان دوبارە دەبووەوە .. بەو هێزەوە لێیان دەڕوانی چونکە میمکە ڕەملی مەرگی بۆ گرتبووەوە.. لەو ساتەشدا بەو بیرەوە دەلەرزین .. ئەویش لەسەر قسنەکە سات بە سات خرا پتر دەبو.. ناچار بە کۆڵ بۆ ئەشکەوتەکە سەریان خستەوە .

کفن پۆش لە سێبەری ڕۆیشتنەکەیانەوە گەلای گومان دەیگرتەوە ، لە تاوا بەرە و ژور بەلای چە پدا ڕۆیشت ، گێژەڵـوکەیەك لە مێشکیدا هەڵـیدەکرد چیا و دەشت و شاخی بەسەریەکدا دەڕوخاند بەو وێنەیەوە وەستاو فەزای خوێندەوە :

* هەمو ڕەمزەکانی جیهان واتای با یەکیان تێدایە کە جارێکی تر جیهان لە بۆگەناو پاکژ بکاتەوە .

حەسەن و تالیم گوێدرێژێکیان پێش خۆیان دا بو ... بەبێ دەنگی ڕێگەیان دەبڕی ئەویش ماچی کردن و دڵـــی پڕبو :

* هەمو دەروازەیەك لە ئێمە داخراوە تەنیا ئەو فوە نەبێت کە خوا دەیکات بە گەردوندا هەمومان بە یەکسانی لە سۆشیالیزمی مەرگدا سەر دەنێینەوە ... من و تۆ و سەرەك کۆمار .

دو هەلیکۆپتەر لە ڕۆژهەلاتەوە بۆمبایان دەتەقاندەوە دەنگی تۆپیش لەدور و نزیکەوە دەهات ، ساتێك بە وردی لێیان ڕوانین هەتا بەرە و باشور گەڕانەوە ئەوانیش لە یەکتر جیا بونەوە .

کفن پۆش کاتێك لێیان جیا بووەوە دەلەرزی ، ئەوانیش گریانێك گرتبونی لەبەر چاوی کفن پۆشدا دەبون بە بورکان ، لە چارەنوسی نەرمینەوە دەیزانی تالیمیش دەمرێت ، ئەوەشی لە ناوچەوانی حەسەنەوە دەخوێندەوە ، دەیزانی ئەو مەترسییەی هەیە ، هەرچەندە دو ساڵ لەو گەورەتر بو.. کەچی تا ئەو ساتە دڵـدارێکی نەبو ، تەنیا ئاواتی ئەوە بو تالیم شاییەکەی بکات توشی کارەسات نەیەت .

کفن پۆش بەو بیرەوە قاچی لە بەردێك گیراو کەوت ، پاش ئەوەی ڕاست بووەوە جارێکی تر لێی ڕوانینەوە ئەوسا لەسەر بەردێك دانیشت و ڕوی کردە شار .

ساتێك بە قوڵی لە ئاسمانی شاری ڕوانی جگە لەو شێیە خوێناوییە هیچ شوێنەوارێکی تری تیا نەدەدیەوە ، ماوەیەك مێشکی گوشی هیچ بیرەوەریەکی لەو شارەدا بیر نەهاتەوە ، بەندیخانە و قوتابخانە و بازاڕ هەموی لەبەر چاوی ببونە جوگرافیای خوێن ، بەوەوە تەنیا گرێك لە دەزوی کۆلارەکانیەوە لەسەر شێی خوێناو بەرز دەبووەوە ئەوەشی بەو ئاگرە دەزانی کە لە دووەم نەفخدا گەردون دەتەقێنێتەوە ، ئەو شێیە چەند ساڵـێك بو گرتبوی هەر لەو ساتەی لە بەندیخانە هاتەدەر لە ڕوانینی سروشتەوە بەدوای تەرمی کوڕەکانیەوە لەسەر ئاسمانی شار دەبونە هێلکەیەکی ئاوێتەیی ، ئەو هێڵە لە تیشکی گلۆپی پزیشکەکەوە گرتی هەتا دواسات ئەو پۆپەشمینە خوێناوییە لە گوندەکەدا پێچایەوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند .



www.pertwk.com

ماوەیەك وەكو باڵدار بە دوای ئەو تۆڕەدا دەگەڕا نەیتوانی بیدۆزێتەوە ، ناچار هاتەوە لە فەزای گۆڕەكەیەوە بۆ جەنگێكی جیهانی لەو گوندەوە خۆی ئامادە كرد ، هەتا تەونی گومانەكانی بە گەرداوەكانی قفڵ بونی جیهانەوە شارەكەی لێكرد بەو شەپۆلە و هیچی تر..

لەو ساتەشدا بەوەوە خرۆشا و ویستی بفڕێت .بەو هێزەوە بۆ ئەشكەوتەكە هەنگاوی دەنا.. كاتێك چوە ناو خەڵكەكە هەمویان حەپەسا بون ، ئەویش لەسەر بەردێك كروشكەی كرد سەری خستە سەر ئەژنۆكانی لە پڕێكدا ڕاپەڕی و لەرز جەستەی گرتەوە بەو وزەیەوە لەوانی ڕوانی و گڤەی بای نەفخ بە گوێچكەیدا دەهات .. بەو بیرەوە لە بەردەمی ئەشكەوتەكەدا وەستا .. دەستی ڕاست و چەپ كرد و گوێی هەڵخست.. ئەوانیش سەیریان دەكرد و دەلەرزین و زمانیان لەگۆ كەوتبو شاخ و كێو و گوند و ئەشكەوتیش لەو بێدەنگیەدا لەبەر پشویەكی مەرگاوی نەبیندا دەلەرزین و ڕەنگی كۆتایی ژیانیان دەدایەوە زمان لە بێزمانی دروست دەبووەوە !!

*****  *****  *****

دیمەنێكی تۆقێنەر بەسەر گوندەكەدا پەخش دەبووەوە وێنەی گۆڕێكی وێڵی دەكێشا ، بەدەم كزەیەكی ساردەوە وەكو مۆسیقای مەرگ بە مێشكیدا دەهات .

هەر لەگەڵ گزنگەوە ئەو وێنەیە لە كەلاوە سوتاوەكانەوە دەردەكەوت ، لەگەڵ هەور و كزەی با وە وێنەیەكی ئەفسانەییان بەسەر ناوچەكەدا بڵاو دەكردەوە .

كفن پۆش لەو ساتەی چاوی هەڵهێنا بو نیگای بەو تاڵە دەزوانەوە دەئاڵۆسكا ، هەر لە تاڵە دەزوی جاجمەكەیەوە ئەو وێنـــانەی دەدی تەنانەت لە ڕوانینی فەزا و سروشتەوە ..لە پڕێكیشدا هەموی لەلای تواپەوە ، دەزوەكانیش بە ئاسمانەوە پچڕان ئیتر بەقریشكە كەوتە خولانەوە .

ئەو قیژەیە لە گۆڕەكەشدا گرتیەوە ، ئەوسا چاوی بڕییە شارەكە هیچ وێنەیەكی تیا نەدیەوە ، شەپۆلی خوێناویش دەكشایە ناوی .. بۆیە لەناو گۆڕەكەی بە قریشكەوە هاتەدەر و گۆڕەكەی لەبەرچاو كەوت ، بەو بیرەوە خولایەوە ڕەگی شێتی گرتی و كەوتەوە سەر قریشكە بەو هێزەوە بۆ ئەشكەوتەكە سەركەوتەوە .

لەو ساتەشدا ئەو قریشكانە گرتیانەوە دەزوەكانی پچڕان و نەخشەی كەوتنە خوارەوەی جیهانی لێ تێك چو ، لە تاوا دەستی ڕاست و چەپ كرد و پەنجەكانی جوڵاند ویستی بفڕێت .

حەپەی سەگەڵ لەناو كەلاوەكانەوە تێكەڵاوی دەنگی دڕەندەی شاخەكە دەبو ، لەگەڵ ژاوە ژاو و دەنگی ئەشكەوتەكەشدا ئاوێتە دەبون و لە دۆڵەكەدا دەبونەوە بە دەنگی مەرگ و لەگەڵ جوڵەكانی كفن پۆشدا جوت دەبون ..

ئەویش لەبەر هێزی سەرماكەدا وەكو خۆی مابووەوە ، هەر وەكو مۆمیای خەیاڵێكی گەردونی بو بێت ، لەو ساتەدا منداڵێك گریا لە ئەشكەوتەكەدا دەنگی دایەوە ، ئەو گریانە كفن پۆشی داچڵەكاند ، خورپەی خستە دڵیەوە و كتوپڕ ڕوی وەرگێڕا ساتێك بە قوڵی لە خەڵكەكەی ڕوانی فرمێسكەكانی بە ناوچەوانییەوە قەتیس مابون ، مێشكیشی كەوتە سەر شاڵاوێكی تۆقێنەر ، بەو گومانەوە دەستی ڕاستی داگرت .. ویستی زمان بكاتەوە وشەكانی لەسەر زمانی دەتوایەوە ، چەندە هەوڵی دا نەیتوانی تاقە حەرفێك چی یە بیڵێ ، تەنیا وەكو شێرە خۆرەیەك گرۆگاڵی دەكرد و گوێی بۆ ئەو دەنگانە ڕاگرتبو كە بەتیژی دەهاتن و جەستەیان شیدەكردەوە .

بایەکی بەهێز کشا تەزوی سارد لە هەمو لایەکەوە جەستەی دەتەزاند ، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو سۆپرمانی مەرگ وەستا بو بەبێ جوڵە لە شە پۆلەکانی بونی دەروانی و بەو وێنەیەوە نەخشەی ڕا پۆرتی جیهانی نەخشاند :

* گ .. ڤ .. ا .. م ..

چەند هەوڵی دا نەیتوانی قسە بکات ، دەنگی ڕادیۆکەش لەولایەوە بەرز بوەوە ، سەرۆك حەمەڕەش لێبوردنی بۆ چەتە و ڕێگر دەردەکرد و گوندەکانی بە شارستانی دەکرد هەتا بچنەوە ناو شار ، ئەوە ئەوەندەی تر ڕوانینی شێوان ، بەرد و گڵ و خۆڵ و مرۆڤ و ئاژەڵ لە نیگایدا دەتوانەوە دەکشان ، بەو ژانەوە مێشکی خۆی گوشی ، ئەستێرەکان لەبەر چاوی دەتەفینەوە و تاریکی فەزای دەگرت ، بەو ڕەنگەوە کۆلارەیەکی هەڵدا بۆ پایتەخت ، تەختەکەی حەمەڕەشی ڕاکێشا ، لەبەر ئەشکەوتەکەدا بەرزی کردەوە و بە تاشە بەردەکاندا تلی کردەوە ،

حەمەسور مەوجی ڕادیۆکەی گۆڕی وتاری هاوبەشی حەمەسور و حەمەسپی دەخوێندەوە .. ئەویش مێشکی تێك ئاڵاند و خولایەوە :

* جیهانم کاول کرد ئێستا خێڵی حەمە هەرماوە .

بەو شە پۆلەوە بێ هێزی گرتی .. هەستی دەکرد توانای بیستن و بینین و قسەکردنی نیە ، چەندە هەڵی دا نەیتوانی وشەیەك بڵێ ..

فڕکە لەناو ئەشکەوتەکەدا دروست بو .. ڤیژەی مەرگی نەرمین بەرز بوەوە ئەو تەزوە بە مێشکی کفن پۆشیشدا هات.. وایدەزانی زەویەکە دادەچێت ، جیهان لەبەر چاوی دەخولایەوە .

میمکە بە باوەشێك کفنەوە لە کونەکەی خۆی هاتەدەر ، جاجمێکی سوری لە خۆی ئاڵاند بو ، کفن پۆش بە بینینی لەرزی ، لەرزێك نیشانەی نەفخی سوری لە ڤژەکانی میمکەوە دەدیەوە و بە بێدەنگی لەبەر هێزی سەرماکەدا دەلەرزی و گڕی ئاگریش ناو ئەشکەوتەکەی گرتەوە و شەوارەیان پێدەخست ،

پروشەی بەفر وردە وردە دایکرد ، لەهەمو لایەکەوە پەرەی دەسەند ، سات بە سات زەوی سپی دەکرد .

دو فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بەسەر شاخەکەدا دەهاتن .. دو بۆمبایا ن لە بناری گوندەکەدا فڕێ دایە خوار و بە تیژی بەرە و باشور گەڕانەوە سات بە سات نزمتر دەبونەوە ..

زەوی بەرگی سپی دەپۆشی ئاگرەکەش کڵپەی دەسەند ، ساتێك لە دەوری خڕ بونەوە .. ئەوسا سێ پەلکە داریان هێنا و بە گوریس بەستیان ، تەرمەکەیان تێکرد و بەرەو گۆڕستان هاتنە خوار .

گۆڕستان لەبەر هێزی با یەکی بەهێز دا بە پروشەی بە فرەوە تاریك دادەهات و نیشانەی کاول بونی جیهانی لێدەردەکەوت و کڵۆی بەفریش یاری بە جەستە دەکرد ، کەسێك نەیتوانی پاچێك لە زەویەکە بدات.. تەنیا گۆڕەکەی کفن پۆش ئامادە بو ، ئەویش قاچی ڕاست و چەپ کرد ، بە پەنجەکانی نیشانەی بۆ گۆڕەکەی گرتەوە ، ئەوانیش یەکڕاست تەرمەکەیان تیادا ناشت .. ئەویش گوێی بۆ بای نەفخ هەڵخستبو ، بە کۆلارە خەیاڵییەکانییەوە جیهانی کاول دەکرد ، کاتێکیش گۆڕەکە پڕ کرایەوە و کێلەکانیان چەقاند ئەو هەر وەکو خۆی بو لەو ساتەدا کێلی ڕاست کەوت .. کەسێك نەیتوانی ڕاستی بکاتەوە هەمو پرزەیان لێبڕابو ، دەست و پەنجەیان لەگۆ کەوتبو .. بەو هێزەوە گۆڕستانەکەیان چۆڵ کرد ، لە ساتێکدا جگە لە کفن پۆش کەسی لێ نەما هەر کەسە بەلایەکدا بەرەو ژور هەڵدەکشا ، بەهێزی بەفر و با یەکەوە دەکەوتن و هەڵدەستانەوە ، جەستەیان بە بەفر پۆشرا بو ، لەناو تاریکی و گێژاوی کرێوەدا ون دەبون و دەردەکەوتنەوە ، نوزەیەکیان لێوە دەهات و دەخنکان ، کڵۆی بەفریش بە با کەوە ڕوانینی دەکوژاندەوە ، کفن پۆشیش هەر وەکو خۆی مابوەوە ، هەوا جزداشەکەی فو دەدا و وەکو کەسێکی ئۆتۆماتیکی دەردەکەوت بە فەزاوە بفڕێت ، ئەویش ڕوانین و بیر و هۆشی بەتاڵە دەزوەکانەوە نوسا بو ،

لەگەڵ کاول کردنی جیهاندا بۆ جیهانە وەهمیەکەی کۆلارەی هەڵدەدا ،شارێکی دەویست بونی لە جوگرافیادا نەبێت .. بەو تەوژمەوە مۆمیای کارە ساتەکان ببو.. دەنگ و ڕوانینیشی بەو فەزایەوە خنکا بو ، هەناسەی بە جۆرێك تێکەڵی با کە دەبو هەتا بفڕێت ، بەفریش جەستەی پۆشی بو ، گڤەی با کەش بە تیژی دەهات و تێکەڵی حە پەی سەگەلی گوندەکە دەبوەوە ، تێکەڵاو دەبون و جیـــا دەبونـــــەوە بە هێزی با یەکەوە لە ئاوازێکی نەبین دا بەچەند دەنگ و ئاماژەیەکی ترەوە دێیەکەیان دەلەرزاند !!.لە کۆلارە خەیاڵیەکانی کفن پۆشەوە بەرە و شارێك کۆچیان دەکرد لە دوای جوگرافیای بونەوە نەخشەی کێشا بو ..بون و سروشت ڕەنگی شارێکیان لە نەبون دەدایەوە .!کەوتنە خوارەوە و دابڕان ناسنامەی بونیان هەڵگرتبو!!!

*****                    *****                    *****

2000/9/2

**کتێبخانەی گشتی**

**ئەنتەرنێتی شارۆ** 2007/7/10